# ژوانی شیعر

ژماره
2
زستانی ٢٠٢٦

گۆڤارێکی وەرزیی تایبەتە بە شیعر و شیعری وەرگێڕدراو و
شیعری کلاسیك و دیدار و ڕەخنە و خوێندنەوەی کتێب

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر
خالید کۆچەر
07504934363

بەڕێوەبەری نووسین
حەمە ئەحمەد جاف
07504469628
07704469628

بەڕێوەبەری هونەری
ڕانیار دڵشاد وەسانی
07504614771

بابەتەکانتان لە ڕێگای واتس ئەپ و تیلیگرامی ئەم دوو ژمارەیەوە بنێرن:

07504934363
07504469628

هیچ بابەتێك بە دەستنووس
وەرناگیرێت

تیراژ: 500 دانە

چاپخانەی هێڤی/ هەولێر

# سوپاسنامە



سوپاس و پێزانیین بۆ جەنابی والی شار ، کاک ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر ئاگاداری کردینەوە بەرێزیان بە بەردەوامیی پشتگیری لە گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) دەکات، تەواوی تێچووی ئەم گۆڤارە دەگرێتە ئەستۆی خۆی ، ئەمەش هەواڵێکی مۆژدە بەخشە بۆ ئێمە و تەواوی نووسەران و شاعیران و خوێنەران ، وەک ستافی گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) دەستەکانی والی شار دەگووشین، دەڵێین: جەنابی والی سوپاس، دەستخۆش، لە سەردەمی بەرێزتان وەک پارێزگار مێژووییەکی جوانتان و نەمریتان جێهێشت بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی، گۆڤارێک لە سەر دەستی ئێوە و پشتیوانی ئێوە لەم شارەدا دەبێتە میوانی کتێبخانەی ماڵەکانمان، چاو و هزری خوێنەرانی رۆشنکردەوە، ئێمەش وەک ستافی گۆڤاری ژوانی شیعر هیوای بەردەوامیی بۆ ئەم گۆڤارە دەخوازین.

**گۆڤاری ژوانی شیعر**

# لەم ژمارەیەدا


- سەروتار / نووسینی : سەرنووسەر ........ 6
- لە ئەرشیفی شیعرەوە / سابیر ڕەشید ........ 7

**شیعر:**

- ئەسپی خولیا/ سەباح ڕەنجدەر ........ 10
- بوخچەی سەفەری بانووخان / پ . د. نەجم ئەڵوەنی ........ 13
- ترمبێلەکەم / قوبادی جەلیزادە ........ 14
- کۆچ / مەحموود قەرەداخی ........ 15
- پەخشانی شین / هاشم سەڕاج ........ 16
- پاییز ژی جارناجەمبازن! / د. عارف حیتۆ ........ 18
- لە باتی تۆ / هاوژین حەسەن ........ 20
- دوو تلماسکە شیعر / سارا فەقێ خدر ........ 21
- دەبوایە ئەو پیتانە ڕقیان لە خۆیان بێتەوە/ هەمزە گولانی ........ 22
- هەنێ پەنیری پرنازی خۆشەویستی / بورهان بەرزنجی ........ 23
- پیاسەی خەیاڵێ / شیلان محەمەد زەنگەنە ........ 25
- سێ پۆستەر هۆزان / شێخ فرياد بارزانی ........ 26
- سنوور .. تارماییەک دەتشارێتەوە / فاتیمە حیجازی ........ 27
- چوار چرا شیعری داگیرساو/ عەبدولقادر سەعید سەرچناری ........ 28
- غەفڵەت / ئەحمەد ڕەزا ........ 29
- لە هەر کۆلانێکی ئەمشارە ژنێکی غەمبار هەیە / حەیات مەجید ........ 30
- دوو کورتیلە شیعر / موحسین خالیدی ........ 31
- حەزم لە خەو نییە / زێنەب یووسفی ........ 32
- ئەو / کۆسار هێرۆیی ........ 33
- زەمانی بزربوو/ فاتیح عزەدین ........ 34
- لە پەراوێزەکاندا وێڵ و سەرگەردان / نووری بێخاڵی ........ 36
- لانکی ڕۆح / نادیە کەریم کۆیی ........ 37
- هاوڕێیەتی لەگەڵ (با) دا / ئومێد شێخ کەریم ........ 38
- بزەی پاییز/ مستەفای سەید مینە ........ 40
- پەروانە سپییەکان / ژوان سوورچی ........ 41
- بەگەورەیی کۆترەکەی منداڵیم دۆزیەوە / سەلام عومەر کەریم ........ 42
- میهری تۆ / بڵند باجەلان ........ 44
- یاخیبوون / ئەمین محەمەد ........ 46
- فرمێسکی سووتاو / نیشتیمان عەبدولقادر ........ 47
- لەسەر لێواری ڕووخەکی کات / ساماڵ ئەحمەدی ........ 48
- دوو شیعری شیوا / شیوا موزەفەری ........ 49
- چەتری هەدا / قاسم شێروانی ........ 50
- بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی !؟ / ئاکۆ کانەبی ........ 51
- دەگەڕێمەوە بۆ جیهانەکەی خۆم / کوێستان غەمسار ........ 52
- دەقی والا .. ژن و ڕاوچییە هەلاتوەکان / گەلا زەندی ........ 53
- سەمای سەرنج / فاتیح یاسین مودەڕیس ........ 54
- دوگمە / سامان گەردی ........ 55
- خانمە شیعرەکانی من ...... / ڕووزار ئەحمەد ........ 56

• تەرەشەویک / شلێر ئارۆشا ........ 58
• عەبای شین / بەکر ئاڵەیی ........ 59
• بەختەوەری / جەمال حەمید ........ 60
• سوپاس ئەی جوانترین ژنی ..... / خالید کۆچەر ........ 61
• سەرنجی تەمەن / سروە ساڵەیی ........ 63
• شیعرو جوانی / ئەزوەر بەرچەم ........ 65
• چواردە کورتە هەناسە / چنار عەلی ........ 66
• شەوق و نووری دڵنەوایی / ڕێدار سابیر ........ 67
• گوڵم .. کێ دڵی شکاندووی؟ / دڵشاد میراودەلی ........ 68
• ئەفسانەکان دێن / بەرزان عەلی مەجید ........ 69
• شەوی سەری ساڵ / سۆما قەرەداخی ........ 71
ئەو پیاوەی لە دەمارەکانمدا دەژیەت! / نەسرین تەنیا ........ 72

**٥ گەڕانەوەیەک بۆ ژوانی شیعری کلاسیک:**
• گیانبازی / ک.د. ئازاد ( بانە) ........ 74
• مۆری ڕاز / مامۆستا عومەرمحەمەد ساڵح ........ 75
• من و تۆ / بەرهەم دەلۆ ........ 76
• ڕەشبەڵەکی خاڵان / قەلەندەر سەردەشتی ........ 77
• مەئمووری مەرگ / مامز ساڵح هەرکی ........ 78
• ئیلاهی / گوڵاڵە پێنجوێنی ........ 79
• حاڵی بێ حاڵ / غالب حەساری ........ 80
• فەرامۆشکردنی کێشی برگەیی و .... / ئازا حەسیب قەرەداخی ........ 81

**٥ شیعری وەرگێڕدراو:**
• دیار نەبوونی ڕاستی/ بەشیرە دەروێش/ و. بورهان بەرزنجی ........ 85
• پاییز / تارا ئیبۆ/ و. أ . کاروان ئەحمەد ........ 86
• سێ دەقی شیعری فایزە/ فائیزە سوڵتان/ و. مەجید هەرشەمی ........ 87

**٥ لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی کتێب:**
• فروغ و فەروخزاد ..../ و. لەیلا نوورانی ........ 89
• مشتێ لم نیم ، کەنارەکان جێمبهێڵن / عەبدولقادر عەزیز سەعید ........ 94
• خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی باخچەی عەشقی کەژاڵ ئیبراهیم/ ئاوات حەسەن ئەمین ........ 100
• شیعری هایکۆ، وەکو ڕێچکەیەکی ئەدەبی / سەلام سەعید مەولوود ........ 103
• لێکدانەوەیەکی شیعری ( ئاوڵەمە) ی نەورەس / عەبدولخالق یەعقووبی ........ 106
• بە بێدەنگیی کتێبی ( گوێگرتن لە بێدەنگیی) م خوێندەوە / جەبار شاڵی ........ 110
• محەمەد فیدا شاعیرێکی میللی بێناز / نیازی حەمە عەزیز ........ 115
• پرکردنەوەی دوالیزم لە شیعرێکی سەباح ڕەنجدەردا / پێشەوا کاکەیی ........ 116
• خوێندنەوەیەکی خێرای شیعرەکانی ژمارە ( ١) ی ژوانی شیعر / بۆتان جەلال ........ 121

**٥ دیداری ئەدەبی:**
• موحسین ئاوارە / دیداری : قەهار شێخانی ........ 133
• چرۆ ڕەشید خانمە شاعیری بواری منداڵان / دیداری : ژوانی شیعر ........ 139

**گۆشە:**
• ژوانێک لەگەڵ شیعردا/ بەڕێوەبەری نووسین ........ 143

دڵدار (مەلێ) بوو، دەرچوو لە دەسمان
بردی لەگەڵ خۆی، مەیل و هەوەسمان

پاش ئەو ئینسانە، ئێمە چۆن بژین
لەگەڵ کێ دانیین، شیعر و هەڵبەسمان

ئەو مەلە ڕۆیی، بۆ بەهەشتی  خۆی
ئێمە ماینەوە، بۆ دوای نەفەسمان


وەرە پێم بڵێ، (دڵدار)ی نازدار
من و تۆ لە ژین، چی بوو مەبەسمان

هەرهێندە نەبوو، کە ئازاد بژین
بشکێنین، هەموو بەند و قەفەسمان

وا تۆ شکاندت، دەرچووی بە شادی
منیش ئەشکێنم، کەسمان لە کەسمان

لە ژێر خاکیش بی، (جاهید) هەر لاتە
دڵمان وەرئەگرێ، دەنگی جەڕەسمان

* جاهید ئەم شیعرەی بۆ مەرگی (دڵدار)ی شاعیر نووسیووە



بورهان جاهید

1991 - 1918



سەرنووسەر

# گۆڤارێک بۆ هەمووان

هەستکردن بە لێپرسراویەتیی و دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە دنیای جوانی شیعر ڕەنگە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبێت لەم سەردەمەدا، دڵخۆشین ڕووبەڕووی دەستخۆشیی د ە بیینە و ە ، هە ند ێکجا ر یش ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنەی بچووک دەبیینەوە، ئەگەر ڕەخنەی ڕووخێنەر بە مەبەستی تێکشکان نەبێت زۆر ئاساییە ، لێتانی ناشارینەوە هەندێک لەو شیعرو بابەتانەی لەم گۆڤارە بڵاودەبنەوە ڕەنگە لە خواستی ئێمە نەبووێت، بەڵام ئێمە لە هەنگاوی یەکەم دەستمان پێکرد ، دەمانەوێت پەیژە بە پەیژە سەرکەوین ، نەبینە دڵڕەنجاندنی هیچ قەڵەمێکی جواندا بێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدۆلۆژیای بیرو بۆچوونی جیاواز ، با چیرۆکێکی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە بیست ساڵ زیاترە شیعرێکم بۆ گۆڤارێک نارد تا ئەمڕۆش بەردەوامیی دەرچوونی هەیە ، سەرنووسەر ڕەفزی شیعرەکەمی کردەوە ، دواتر ناردم بۆ گۆڤارێکی دیکە لە هەمان مانگدا بۆیان بڵاوکردمەوە ، بیست ساڵ زیاترە حەرفێکم نە ناردووە بۆ ئەو گۆڤارەی شیعرەکەمی ڕەفزکردەوە و بڵاوینەکردەوە ، ئامادەش نیم جارێکیتر شیعر بۆ ئەو گۆڤارە بنێرم ، خوازیارین گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) ڕۆڵی جوانی خۆی ببینێت لە ئاست نووسەراندا، چەند جوانە لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا شیعر ئیلهامێکی بەرجەستەی دنیا دیدەی شاعیرە و هەر شاعیرێک بە ستایل و بە ئاوازێکی دیکە شیعر دەنووسێت ، شاعیرێک لە شاعیرێکی دیکە ناچێت ، شیعر لە هەموو زەمەنێکدا خوێنەری خۆی هەبووە ، زۆرن ئەو شاعیرانەی شیعر دەنووسن ، ئەوانەی نەبوون بە شاعیر سەد ساڵی دیکەش شیعر بنووسن نابن بە شاعیر ، نابێت ئەوەش لە یاد بکرێت بەداخەوە ئەمڕۆ ژمارەی نووسەرو شاعیرەکانمان لە ژمارەی خوێنەرەکانمان زیاترە ، ئەوەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ جوانی داهێنان ، هەڵدانەوە و خوێندنەوەی لاپەڕەکانی گۆڤاری ژوانی شیعر دەرفەتێکە بۆ نزیکبوونەوە لەم ژانرە ئەدەبیەی دەمێکە غەدری لێکراوە ، لە کۆتا دێڕدا خوازیارین بتوانین لە ڕێگای گۆڤاری ژوانی شیعر خزمەتێک بە ئەدەب و هزری کوردی بکەین ، دنیای جوانی شیعر ئاشناتر بکەینەوە بە خوێنەران ، وەک ستافی گۆڤاری ژوانی شیعر هیوای بەردەوامیی بۆ ئەم گۆڤارە دەخوازین.


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دیاریی و یادگارییەکی مامۆستا
# غەریب پشدەری






• سابیر ڕەشید

سالانی ٢٠٠٤ و بەدواوە ، تا داخستنی گۆڤاری ((ئاسۆی فۆلکلۆر)) ، کە ژمارە ((٥٠)) دوا ژمارەی بوو و سالی ٢٠١١ بە ئەمری وەزیری رۆشنبیری و لاوانی ئەوکاتە لەگەڵ بڵاوکراوە و چاپە مە نییە کانی وە زارەت بە هەر بیانوویەک بێت داخرا، گۆڤارەکە پێش من لە سالانی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٤ پێنج ژمارەی وە کو پاشکۆی گۆڤاری (کاروان) دە ردە چوو . من لە سالی ٢٠٠٤ ەوە ، نانم لە گۆڤاری (هە رێم ) بڕا و بە هەوڵی حاکم شاکر ڕۆژ بە یانی کە بە ڕێوە بە ری راگە یاندن و چاپ و بڵاوکردنە وە ی هە ولێر بوو لە وە زارە تی رۆشنبیری و رە زا مەندی ڕەحمەتی ( سامی شۆڕش ) ی وەزیری رۆشنبیری تازە ی ئەوکاتەی حکوومە تی هەرێم و پێشوازی گەرمی هاوڕێی دێرینم پیرداود مە خمووری کە سەرنووسە ری گۆڤاری(ئاسۆی فۆلکلۆر ) بوو و شێخ جەعفەر بەرزنجی ))یش بەڕێوەبەری نووسینی بوو . بە پێداگری مەخمووری و رە زامەندی وەزیر ((ئاسۆی فۆلکلۆر )) لەپاشکۆیەتی داماڵرا و ژمارەی سەربەخۆی وەرگرت ، من لە ژمارە (٥٠)ە وە سە رە تا وە ک دە ستە ی نووسە ران و دواییش لە سە رخواستی مە خمووری بووم بە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤارەکە.

لە ماوە ی کارکردنماندا لەم گۆڤارە چە ندان جارجێی کارکردنی گۆڤارەکەمان گۆڕا ، دواجار لەگەڵ گۆڤاری (( هە نگ)) و بەڕێوەبە رایە تی رۆشنبیری منداڵان لەبەرانبەر بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونە ری هەولێر ،خانووێکیان بۆ گرتین . قاتی خوارەوە هی ئێمە و گۆڤاری(( هەنگ )) بوو ، قاتی سەرەوەش هی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری منداڵان بوو.

سالانی ٢٠٠٦ و بە دواوە چە ند ساڵێک مامۆستا ( غەریب پشدەری) وەک دە ستە ی نووسەران لەگەڵ ئێمە کاری دەکرد.


لەم سالانە کاتەکانمان لەگەڵ نوکتە و قسە خۆشەکانی مامە غەریب و رووحسووکی پیرداود مەخمووری بەخۆشی




بەڕێدەکرد.
١٤ / ٢ / ٢٠٠٧ ڕۆژی ڤالانتاین بوو ، کەئەوکاتە خەڵک بایەخی پێدەدا، بەقسەی خۆش و شیعر خوێندنەوەکانی (مامۆستا پشدەری) ڕۆژەکەمان بەڕێکرد. بەیانی کە هاتینەوە دەوام دیاربوو تەلەفزیونەکان باسی چالاکی دوێنێی ڤالانتاینییان دەکرد . منیش ڕووم لە مام غەریب کرد و گوتم: مامۆستا دەبوایە دوێنێ پیرداود ، دیاریمان بداتێ ، هەرنا ئێمەش نا سەر و گوڵی بدایەتە ئەو ئافرەتانەی لە گەڵماندا بوون). پیرداودیش گوتی: وە ڵلا ڕاستە .. تازە کار لە کار ترازاوە ، با(مام غەریب) شیعرە ناسکەکانیمان بۆ بکاتە دیاری. مامە غەریب وتی: وەی هە زار جاران ، سەرهە رتک چاوان، جا خوای دە کرد ئە نگۆ بە شیعری من رازی بن، نە من دە خزمە تێودام.
منیش گوتم ! مامە غە ریب من زۆر حە زم لە ئە رشیفە , لای خۆم بە دە ستخە تی چە ندان نووسەرو شاعیر و بە ئیمزای خۆیان چ بابە تی شیعر و چ نووسین و نامە کانیانم , لە ئە رشیفی خۆم پاراستوون، حە زدە کە م پارچە شیعرێکی تۆشم وە کو یادگاری و دیاری لابمێنێ و پێی گەورە دە بم .
مام غەریب گوتی: وەڵا دە ناو... زۆرم هەن با شتێکت بۆ بنووسم ، بەڵام نەیفەوتێنی!!
گوتم: هیچم نە فە وتاندووە، بەڵام بە مە رجێ؟
گوتی: جا ئەوە خۆشە مەرجیشت هەیە، پیرداود گوتی: من لە جیاتی مام غەریب بە مە رجەکە رازیم
چییە؟
گوتم : ئە وە ی بۆم دە نووسێ نە بڵاوکرابێتەوە و نەبڵاویشی بکاتەوە .
مامە غەریب گوتی : هەتیوە وە ڵلا شانست هەیە دوێنێ لە فکر و خە یالان بووم، بیرم گەڕابۆوە لای قەڵادزێ و دڵداری سەردەمی گە نجیم، لە تۆمارگە ی مێشکی خۆمدا ئەم کۆپلە شیعرەم بۆ ئەو یادەو بۆ ڤالانتاین گوتووە، نەمنووسیوە , وەلێ قافەزو قەڵەمم وێدە با بۆت بنووسم.
منیش بە سوپاسەوە قاقەزی سپی و قەڵەمم وێداو وەهای بۆ نووسیم :
بۆ ئازیزی لەدڵان شیرینم کاکە سابیرڕەشید , ئەو کۆپلە شیعرەی خوارێم .. لە ڕۆژی ڤالانتاین٢٠٠٧/٢/١٤ نورسیوە. وەکو یادگارێک هاتە خزمەت.

ئیمزا
غەریب پشدەری
١٥/ ٢/ ٢٠٠٧
کۆپلە شیعرەکە:
**لەوەم زیاتر لەدەست نایە ... پێت بڵێم**
**خۆشمدەوێی، پڕ بە خوێن و هەناسەم**
**هەتا دڵ لێ بدات و زیندوو بم**
**ڕاتدەژێنم .. لەناو هەڵۆرکەی حەز و تاسەم**

# شـــيعر



# ئەسپی خولیا

سەباح ڕەنجدەر

بڵێی جارێکی تر خۆمان لە خۆمان
ڕابمێنین
ژیان درێژببێتەوە و گەروو
بکرێنەوە
تاریکی ژێر پێڵووش خاوببێتەوە و
بکەوێ
بەئومێد دابنیشین و دوور و نزیک
دەنگمان بگاتە گوێ
ئەمە دوودڵی ئەم پیاوەیە لەپێش
گوڵ و ئاوێنە وەستاوە
دڵی ناکەوێتەجێ و بەم لا و
ئەولای پەراسووی دەکەوێت
***

هەڵم تاودەدەم بەرەو ئاسمان
با بباریّ
بەڵا لادەدا و وێنەی ناو کاتی
مردوو
دەکاتەوە بە هەنگ
بۆ بەهێزکردنی شیلە دەیانڕژێنێتە
کۆڵانە ڕووپێوە نەماوەکانی شار
شارێک بە شەڕ داخبوو لە
بیرەوەریدا خوێنی ناو برینی
دەردەکەوێ
کاتژمێریش دەبەمە دواوە
ڕوخساری نوێژکەرێک گەڕایەوە
ناو یەکەم گزنگ
شان و ملی دایکی تامەزرۆیی و
پەرۆشی شێلا
لە شێوەی شیر هەوێن بوو

خوێنی ناو برینی ناسی و تفەنگی
بەئاگای درادەست
نەبووە
وێنەی ناقۆڵا و
پەڵەی هەڵبزرکاو و
زەینی پووکاوە و
گۆڕەپانی خەواڵوو
ئاگر لەسەر دەموچاوم یاری دەکا
لە نزیک ڕێگایەک دانیشتووم و
هێز دەخەمەوە ئەژنۆم
ڕۆژ نیوەچاوێک سپێدە بدات
بە ڕوونییەکی تەواو ڕوون دەچمە
ناو شار
ڕووەکی مرواری دۆزەرەوە
ڕەگی دەهێنێتە ناو دەستی و
گەڵایانی ناکەون
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی
دنیایە
ڕوخساری گەرمی باپیرانی هەواڵ
کوژراویش
دەرگای شار کلیل و قفڵی
نەکەوتووە
لە سێبەری کلکی ئەژدیها دانراوە
هاتوچوو تێیدا دەستی بە تاج
بۆ سەری کەس درێژ ناکات
جگە لە نەریت و ڕێوڕەسمی پشیلە
نامۆ و ناکام لەبەر ئاگری حەوت
ماڵان
بەچکەی چاونەپشکوتووی گەرم
دەکاتەوە
***
کتوپڕ هاوارێک لە زەوی هەستا
شمشێر لە کەرکووک گڵۆپ و
مۆمی کوژاندنەوە
بە ترپەی دڵ دڵی ڕێگا لێی دا


***

مۆسیقای پێی ئاشنا نابیسترێ
ئاوی شار لێڵ و گرانە
بەڕۆژوو ناتوانێ بیخواتەوە
شیعر و نوێژی هاوڕێ ئەلف و
بێیەکەم
دوا ڕکات لە بەرەبەیاندا ناسینە لە
چاوێکی گەرمدا
ئاسۆی تێدا سووردەبێت و دەبێتە
هێلانەی قەتێ
یان شکۆی ئاهەنگێکە
دڵی بۆمان دەکاتەوە و لالەی
دەستی خوماران دەهێنێتە ناومان
دەستێک دەبێتە هەڵگری
هەموو ناو و میوەی درەختە بە
تەمەنەکان
بە دەشتاییەکی تابڵێی ڕوون و پڕ
فەرموو ڕادەکا
هەناسەیەک وەردەگرێ
چاوی بەرزدەکاتەوە و دەبینێ
سوارێک
نهێنی ڕاگرتووە و بۆ لای دێ
بێپەروایی چووەتە ڕەگیەوە و
لەناو گەشەی دەژی
ئێمەین بە دەورییەوە گەرمایی
گیانین
هێز دەخاتەوە ئەژنۆی و دێتەوە
شار
پەیکەری ناوداران کەسمان
ناناسنەوە
دەپرسن ئێوە پشتێنی کام پشتن
پێش بەرزکردنەوەی دەستی دوا
ماڵئاواییان
سەرتاساو برینیان پاراو نەکراون
خۆیان لەبیرچووەتەوە و تەماشای
باڵندەیەک دەکەن
بەسەر هێلکەی بەسەرچوودا



کرکەوتووە
ناوچەوانی درەوشاوەی دەبێتە
دەشتاییەک کە
خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
باڵندەیەکی هاوەڵ خراپ دێتەوە
ناوی و سەرگەردان نامێنێتەوە
لە گەرمایی باڵیدا
بۆنی خۆشی قەڵەمتۆز و
گوڵدانی زەماوەند و
لەخەو هەستانی دوای
هەڵگرتنەوەی گەزۆی خەون و
ڕۆژی هەستانەوە دڵیان بۆمان
دەکەنەوە
دژی باڵ و فڕین و ئاسمانی ڕوون
شەڕ ڕاناگەیەنین
فڕین سێبەرە بەسەر ڕێیانەوە و
ئاواتت دەدا
باخی میوە لە بەیانییەوە
چاوەڕوانە ببینرێ و هێڵ
ڕوونتربن

بە تەنیا دەنکە هێلێک بشکێنە ناو
چاپەست و ئاگری سرتە و نینۆک
کرۆژتنێکی کۆن خۆش کە
بە سەد هەزار زمان قسە دەکات
بابەگوڕگوڕ دایکی دووگیان بە
نۆبەرە
پەنجەمۆری لەدایکبوونی هەڵبزرکا
شەرابێکی بە تێکشکاوی خەوتوو
ئەسپی خولیا یالی یەکپارچە
بریسکەیە و بەئاگای دێنێ
دەیخاتە دڵی هەموو خاوەن
پرسەیەک
دەرکەوتن دێت و دەبێتە خاوەنی
ئاگری پاگژکراوە
ئومێد لە هێڵی ئەم پەڕ و ئەوپەڕت
دەڕژێنە
ناویەک و لە بۆنی گوڵ ناترسی
مشتێک گەنم لەبن کووپەی ماڵ
دەچێنیت



زانیت چی لە بیرخۆت ببەیتەوە
چیش بەبیر خۆت بهێنیتەوە
دوورییەک وەک سادەیی گوێت لێ
دەگرێ
لەناو چاوترووکان وەرت دەگرێ
و دەتباتەماڵێک
بەختەوەری تێدا نوستوون و
تەزوورپێژێک لە ڕاسپاردە
ڕژاوەتە ئەو سندووقەی ناڵە و
لاوانەوەی دایکانی پاراستووە
جانتاکەت لە شانت داگرە و
کەلوپەلی پێویست جیابکەرەوە
دوودڵ بەسەر پردا مەوەستە
تکا دەکەم پەلە بکە کاتژمێر
بخوێنەوە و بپەڕەوە
کیژانمان کەزییان بە ئالآی
بە سێبەر و هەتاوی تۆوە
دەنووسێنن

لە ئاواز و یەکەم تەزووی
درەوشانەوەدا نقوومن
کەوان دەشکێن و تیر دەکەونە
خوارێ
فەرمانێک لە باڵدا دەنگ هەڵدێنێ
لەقلەق لە هەولێر هەڵفڕە
دڵەڕاوکێت هەرگیز دوایی نایەت
زێد ناوکی سێوێکە میوەی تر
هەوێن دەکا
وەک منداڵ گەورە دەبێ و چیاش
لانەی کەروێشکی گۆشتنە
دیواری ڕەش نییە
کاتێک خەریکین تەماشا دەکەین
مردن بەلاماندا تێپەڕیبوو
مانگیش لەسەر کانیی پەیام و
ئیلهام خەوتووە
ڕوخساری جەربەزەیەکە لەسەر
پەرداخی پڕی بەرزکراوە دێتە

دەنگ
دەیەوێ هەموو ئەوانە ببینێ بەر
لەو مردوون
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی
دێرین ماوەتەوە
***
گفتوگۆیەک سەبارەت گۆڕەپانێکی
شەرم تکاو
یان ڕستەیەکی تەواونەکراو
شمشێر لە کەرکووک گلۆپ و
مۆمی کوژاندنەوە
بە ترپەی دڵ دڵی ڕێگا لێی دا
***
نەوای مۆزەخانە و شەمێ و مۆمی
ڕسکان لە گوڵەئەستێرەی
هەمووان و
مەند و کەمدووی خەملێن و
هۆگری ئەزەلی و
تاجی ڕەنگ و شێوە گرتوو
کاتی هاتووە
دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی
دنیایە
لە خۆی دڵنیابێ و وشە بە وشە
سەروەریی پەروەردە بکا و
کۆیلان بکرێتەوە
لەو ڕێیەدا هەموویان دەناسم
چیا بە هەڵدێر کۆتایی نایە
تفەنگی دووربیندار تانەی لەسەر
چاوە
ئاوازی تایبەتی نییە
ئەسپی خولیا سواری گەیاند و
زەوی فراوانتر بوو
دەنگیان لە خاکی یەزدان و گۆرانی
دێرین مایەوە
***
کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ هەولێر

# بوخچەی سەفەری بانووخان



پ.د.نەجم ئەڵوەنی

- پێشکەشە بە هاوڕێی ئازیزم (ئاری سوبحی کۆیی) نووسەر و وەرگێڕ

ئەمشەو تەنیام
واخەریکە دڵنیایی لەدەست
دەدەم
واخەریکە خەونەکانم لەبار
دەچن...!
خەم و خەفەت
بوونەتە هاوڕێی خەیاڵم
وەکو سێبەر بەدوامەوەن
ڕێم پێ نادەن
لەناو خۆما
بەدوای یادی ژوانەکانمان دا
بگەڕێم
وێنەی چاوت
بەژن و باڵات
لێم لێڵ دەکەن...
وەک بەلەمێکی شەوارە
بەناو دەریای ژانەکان دا
دێم و دەچم
نە ڕۆژهەڵاتم لێدیارە
نە ڕۆژئاوا...!
ئەم شەو گرێک دەمسووتێنێ و
خەڵووز ئاسا
بۆ دیدارت داگیرساوم
چاوم فرمێسکی لێ دەتکێ و
ناخم بووەتە ئاگردان...
دەپێم بڵێ ئەی (بانو) خان
بۆچی عیشقت پێ پیشاندام و
ئێستاکەش
بەرە و نادیار
هەنگاوی ڕێی نەهاتنەوەت
گرتووەتە بەر
وا بەتەمای
دڵم لەسەر پشکۆی ئازار
جێبهێڵی...؟!
بۆچی فێری عیشقت کردم
خۆ دڵداری شیعرێک نییە
تەنیا لەناو دیوانێک دا چرۆ بکا



و
کەس نەتوانێ
بۆنی پەڕەی گوڵەکانی
هەڵبمژێت...؟!
ئەوەی وتمان
بەسەرهاتی نێو چیرۆک و
ڕۆمان نەبوو
گریانی چۆلەکەی دڵ بوو..
ئەوەی وتمان
تارماییەکانی (گەوهەر) و
کۆچی ناوەختی پرژانی
(بەهادین) و
هەڵوەرینی مەقامەکانی باپیرە و
بەجێمانی پێڵاوەکانی (بەرسیلە)
و
گریانەکانی (عەفرین) و
(مەریوان) و (سۆران) نەبوو
کە لە ژوورێکی بچووک دا
بوونە ئاواز و هەڵوەرین...!
تۆخۆت وێنەی ڕووبارێکی پڕ
شەونم بووی
خاڵم پیتی ڕەنگا و ڕەنگی لێ
دامەزران
ئیدی بۆچی بەم ناوەختە
بوخچەی سەفەر لەکۆڵ دەنێی و
بێ ئەدرەس
لە بیابانی پڕ لە دڕکی جودایی
دا
بەجێمدێڵی...؟؟
***

# ترمبێلەکەم

قوبادی جەلیزادە

١
بەئۆتۆمبیلەکەم لە پشیلەیەکمدا،
وەستام
ئەژنۆم کەوتە لەرزین
چاوم نوقاند
سەرم خستە سەر سوکانەکەوە

٢
برینداریکم پێ گواستەوە
خەستەخانە
کوشینی دواوەی خەڵتانی خوێن
بوو

٣
کەبەفر دەباری
ئۆتۆمبیلەکەم دەکرد بە بارێکی
بچووک
من و "موکری"
شەرابمان تێدا دەخواردەوە


٤
بووکم پێ گواستۆتەوە بۆ ماڵی
زاوا
لە ئاوێنەکەی بەردەممەوە
سەیری سینگە ڕووتەکەیم
کردووە
لە کەروێشکێکی سپی دەچوو

٥
لە سندووقەکەیدا
فیشەک و نارنجۆکم حەشار داوە
بەسەلامەتی لەبازگەی دوژمندا
پەڕیومەتەوە

٦
لەشیرین خەودا ڕاستیان
کردومەتەوە
ژنە داروسێکەمان لە ئان و ساتی
منداڵ بووندا بوو
گەیاندوومەتە نەخۆشخانەی
منداڵ بوون
بۆ بەیانی زانیم کچێکیان بووە
ناویان ناوە؛
هەنار

٧
هێندێ جار دەمکرد بە ژووری
نوستن
لەگەڵ ژنێکدا بەڕووتی تێیدا
دەنوستین
کازیوان
پاکەوانی* شەقامەکە لە مینای
پەنجەرەکەی دەدا و
خەبەری دەکردینەوە

٨
لەگەڵ باوکمدا لە کۆیەوە
بە سواری ماشێنەکەم چووین بۆ
پشدەر
فاتیحامان بۆ گیانی ئەو شوانە
خوێندووە
کە مین لەژێ پێیدا تەقیبوەوە.



٩
سبحەینەیەک چوومە گەراجەکە
تا سواری ترومبێلەکەم ببم و
پێی بچمە دادگا
نامەیەکی پێچراو خرابوە بن
فلچەکە.
زانیم؛
تژییە لە هەڕەشەی مەرگدۆستان.
نەمخوێنەوە و دڕاندم
______________
پاکەوان:کەناس



# کۆچ



مەحموود قەرەداخی

ئازارەکانم ئەنووسمەوە
سرووده مردووەکانم بەئێوە
ئاشنائەکەم،
بە ڕاستگۆیی
ڕووداوەکان لە قەفەزێکی
پەراوێزدا
باڵی فڕینیان بە لووتکە ئەگەیەنم،
تا لەوێوە
غیرەتێک لەپەیکەرێک بەبوون
ببەخشم
کۆچ
جەستەیەکی شەکەت و
لاشەیەکی بەناو زیندوو
خەیاڵێکی قووڵ و
چەندین ساڵ چاوەڕوانی
کۆستی گەورەوپرسەی..
تەمەنێکی کوێرەوەری
پرخەی خەوو
شەکەت بووی بزەیەکی زەردی
ڕێبواری
ئەمانە ڕێبواری ڕێگەی تەنیاییمن
ئەمانەسنووری وڵاتیکی کاولەی
غەریبیمن
ئەمانە پاسپۆرتی ون بووی
سەفەر و
نامەیەکی بەجێماوی ڕابردووی
خۆشەویستیمن
ئەمانە والگۆنێکن
لە شەمەنەفەری زووخاوو
لەسەر سکەی مەینەتیدا
ئارام ئەگرێ و
بەردەوام لە جوڵە خەماچەرخەدەدا
ئەمانە دوورگەیەکی بڕگەی
شیعری من
بەلەمی تیژڕەوی
وشەکانمی تیا ئۆقرە ناگرێ
ئەمانە ئەو دەریایەن
کە بۆ هیچ مەلەیەک
ڕووی ناشکێت،
ڕووبارێکم مەلە دەستەمۆی
نەکردووم
من ڕوویەکم هێشتابزەمیوانداری
نەکردووم..
من دوا لافاوێکی لاسارم
تووڕە..بەقەد باڵای ڕەشەبایەک
تووڕە..بەقەد ڕقی شۆڕشگێڕێک
تووڕە بەقەد تینوویێتی بۆ مرۆڤ،
ئەوە منم کز بەهاژە و بێزاری
چەم
تووڕە بەقەد هەڵکێشراوی
شمشێرێک
ئەوە منم گینگڵ خواردووی
ئێشی سەدەیەکی چاوەڕوانی و
پڕخەم،
گینگڵ خواردووی
تەمەنێکی لێوان لێو لە
دەردەسەری
من شریخەی دەرپەڕیوی
ناوتفەنگێکی ژەهراوی ئا ئەم
چەرخەم..
من بووم یەکەم گوولەی گوومانم
نابەسنگی چاوەڕوانییەوە،
من ئەوە نیم
وەک نووسەرە دەربارەکان
دەربار بۆ ڕشانەوە
دوودیوی چەقۆی هەڵکێشراو
بۆ قەڵەمی ..هەر دوو سەردا دراو
بۆ ئەو شیعرەی دەستەمۆکراو
لەسەر سفرەی بەردەم میرێکدا
بەجێما...
١٤/١٠/١٩٩٣

# پەخشانی شین



هاشم سەڕاج

ژیان
بە سادەییەوە جوانە
چێژ بەخشیشە
بڕێجار
چێشتەنگاو
لە (تەعجیل)
سەندەویچێک
دەخۆم و
سەرپێیی
چایەکی بەسەرادەکەم  و
لە باخچە بچووکەکەی
(کۆتری سەلام )
پشوویەک دەدەم و
جگەرەیەکی مارلبۆرۆ
دادەگیرسێنم و
چاو دەبڕمە
ئەپارتمانە زەردەکە
لێرە
شوققەیەکی  سووورباو
هەبوو
تیایدا
(جاسم العلال )
مرد
جاسم
مامۆستای وەرزش بوو
بیست وچوار سەعاتی خودا
سەرخۆش
تەرمەکەی
پێنج ڕۆژ لە
(تشریح )
مایەوە
دواتر
 (حمدیە )  ی خوشکی
هات و
کەل وپەلی ژوورەکەی فرۆشت
و
جەنازەکەی خستە سەر
چەنچی سەیارەیەکی ڕەش و
بردییەوە
لە باخچەکە
هەڵدەستم و دەڕۆم
بە بەر چایخانەی
(قەرداران )
تێدەپەڕم و
سووکە ئاوڕێ



دەدەمەوە
گۆڕهەڵکەنەکە تەکە
چاوێکی نوقاندووە و
چایە فڕدەکا
یەکسەر
(سیکلۆپ) م
بیردەخاتەوە
دەگەمە  نزیک (باتا)
لێرە
بەفر فرۆشە سمێڵ بابڕەکە
بەدوای کۆتەڵی
شاگردە جوانەمەرگەکەیا
دەڕۆیشت
هەمیسان
دەگەڕێمەوە و
خۆم لەپێش دوکانی
(هاشم حبیب) دا
دەدۆزمەوە
لێرە
مرۆڤێکی قەڵەوی تەنگەنەفەس
پاڵدەکەوت و دەوروبەری
بە
دووپشک و مارو مارمێلکی
پلاستیکی و
بووکە شووشە و
دەمانچەی باغەی مناڵان
دەڕازایەوە
لەپڕێکا
هەواڵی خۆکوژییەکەی
بڵاو بۆوە
هێدی هێدی
ڕووە و
(مەچکۆ)
دەبمەوە
حەزناکەم
ڕووخسارە دزێو و قێزەونەکان
ئازاری چاوم
بدەن
چایەکی بەڕەنگ دەخۆمەوە و
لە وێنە هەڵواسراوەکان
ڕادەمێنم و
لە ناکاو
زەردەخەنەیەکی
سپی
دەنیشێتە
سەر لێوم

# پاییز ژی جارنا جەمبازن!



د. عارف حیتۆ

پاییز... خەملا سالێن چوویی و
ژبیرکرییە
کەرنەڤالا نەهاتنێ و دێمەکێ سار
و داخکرییە
سەردێرا نووچەیەکێ گەرمە و ل
ڕێژگەهێ، گوتۆبێژەکا نەرمە!
... ... ...
کوریشکەکا ب دێمێ وەستاییڤە
تەنا
سینگەک زیزبووی ل ناڤ گلکەنا،
کرە پەنا
ئو تیرەکا سەوداسەرا ژ نشکاڤە،
کوریشک سمت و دل ژ ئێشانێ ژ
خەو ڕادبیت.
کۆمەکا هەستێن کپبوویی و
حەزێن نەپەن،
ژێ ڤەپەشیانە بەتەنا و بوونە
ئۆلدارێن زەمەنا
هەکو زەمەن گاڤەکێ دچیت،
ڤەناگەڕتە دۆخێ جاران!
باگەڕەکێ... هەمی گولێن د پاخلا
مندا ڤەشارتی،
دانە بای و پەڕ پەڕە ل ئاسمانی
دفڕین
فڕین... خەونا من یا هەری دێرین!
بێهنێ ژ جهی ڤەدگریت و ل
قولاچێن تەنگ هەلدگریت،
داکو هەکو تەمەن گۆپالێ خوە
ڕادکەت
بێهن مەهدەرا جوانیێ بیت.
... ... ...
ما دێ چ ژ شیانێ کێم بیت گەر
پەیڤێن شەهی،
نە نهێینە سەر هۆزانێ؟...
دێ چ ئۆبالەکا مەزن بیت گەر
ڕیتم،
نە هەڤسەنگا سترانێ بیت؟...
من دارچنار کرە ڤەگۆیا ژڤانی و
هەر ژڤانێ،
ب قورمەکیڤە ڤەنەلەمیێت، دێ ل
دادگەهێ بیتە پارسەک
چووچک خوە دناڤ گۆپکێن
چناراندا دمەلسینن
ویچویچەکا خەریبیێ ژبۆ ئادارێ
دبسترینن
ئادارێن هێژ گول نەکرینە د
قافکاندا، دقرقچن
ژ کەڤن وەرە ئەم د ئێتویناندا د
شەوتن، لێ نامرن.
کچێ جوانێ... ژ من خەریب نەبە!
خەریبی ژیانێ و بەندەمانێ، ل بەر
پەرجانان دپەنگینیت
ئەڤینیێ ب هەمی چریسکێن
لەشیڤە، دڕپسینیت
ما ئەڤینی دێ دەرێ کیژان هاتنێ
ڤەکەت؟!
هێژ ئاهۆرا، د کۆتانیێڤە دنڤستینە
دیدارێن کەسک ب بەخچەیڤە
قەڕستینە.
من ژ دارەکا بەر لێڤا جاددێ
پرسیارکر:
بەخچەیێ گشتی ل کیڤەیە؟!
گۆت: ژ داڤێن پرچا خەلەک بپرسە
ژ وێ خوینا بوویە خەنا
ژ دێمێ خەمگین و
ژ وی دەڤێ هێشتا هەیڤێن غەییری
ل سەر
خو ئەگەر بەرسڤ نەبیت ژی، ژێ
بپرسە!
... ... ...
ستێر ژ شەڤێ غەییدینە و
ل بن سمێن هەسپێن ڕەڤۆک
دپەرچقینە
خاتوونا میرگەها ڕۆژێ و جانێ
نۆژێ
بەندکێ دووربوونێ بقەتینە...
کاروانەکێ ژ هاتنیێ پڕ، ژ وان
قەولێن پاشئێخستیی،
دێ دادەنە بەر دەرازینکا تە یا
ڕوویس!
شعرەکا هەل ژ بەریکا
چاڤەڕێبوویی بدەرینە و
برینەکا کەل، ل سەر جەستەیێ


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku


ئاوارەبوویی بکەوینە
تو.. تویەکی، زاوزێ دکەی و
تویەک ژێ دبی!
خەمەکا ل سەر وەغەرێ، بۆ خوە
دبەی و مشتانە دکەی
دێ کیڤە بەی؟!
دل پاپۆرا دەریا یا دەردێ
فۆرقانێ، دبیتە پەیامەک قورئانێ!
خو کرمێن ئاخێ ژی، پێ دکەڤنە
لڤین و هەیەجانێ.
... ... ...
هەکو ئەز ل سەر رێکا رەڤا مەزن
گولەک ژ دەستێ من ڤەرەست و
ل بەر دەهمەنا تە درەقسی!
ئاخێ ڤەدگرت و ب پشتا
جۆبرکەکێڤە دکرە خوێ
هەمی هاتنێن ل بەر زانێ هێژ د
خەوتەیی بوون
گیانەکێ پاکیزە د هەناسا هەتاڤێ
را...
وەکو شیرخۆرەکێ برسی، چچکێ
رێکێن بازنەیی دمێژت
ئەی رێمژا دیتنکوژا ب بێدەستی
کەتییە نێڤ مژا
ئەز ژ تە خەریب دبم... خەریب!
خەریبی... گەرمییەکێ ددەتە
چۆکێن ڤەرمتی و
ئاگرەکی بەرددەتە زۆلماتا وان
دارستانێن هەرمتی.
... ... ...
ل بیرا منە...
بەلێ، ل بیرا منە هەکو ل بەخچەی،
تێک تشقلین
دووریێ خوە خویساندە د
کۆگەهێڤە و
هەمی دیدارێن مالقبووی، کەتنە د
چالا گەهینێدا
ماسی د سەماییدا دحالچوون و
هەمبێزا تە،
ئاڤ ژێ دباری...
ئەز ب ئاڤێ هلباسکی سەر پێلان
دبم و
هەر ب ئاڤێ، تۆزێ ژ بیردانکێ
دادقوتم.
تە دڤێتن من ب پرسیاران
دوێبدەی؟!
پرسیار گەرێدەنە، بێ نهانی
ب دیوارانڤە تەنگەزارن، د بێ زارن
ئەز یێ ب تەڤە دووریپێچکری،
ل تە دنێرم و تەڤی ستێرێن
سیناهیدە، خەتابارن!
لێ کەفا بەر لێڤا دەریایێ، ڤۆرچەک
دایێ!
کرمە خۆبەخشێ دنیایێ و تو ژی
دوتمیرا سەرایێ.
... ... ...
تۆزبارینێ سنسلا بیرییا پچاند
چاڤێن من کەفتنە خەفکا خورپیانێ
و بانگدێرەکی،
بانگ دکرە ئاییردەیێن قورنەتگیریێ
و حەزا گریانێ
گریانا ل سەر گولەکا ب ئاڤدانێ
سیسبووی
د حەودکەکا ژ تەقنێ چێبوویدا
لیسبووی
گول بیرا من ل بەخچەیێ گشتی
دئینیت...
بەخچە... دیتنان و دیتن ژی هزرا
من،
بەر ب سەمتا عەشقێڤە دبەت
عەشق... من دئینتەڤە سەر سەحنێ
و گرنژینا گولستانێ
ئو پاییز یا کاروکۆکێ بالاڤێ
دکەت، دمینتە ل بەندا بارانێ!...
***



# لەباتی تۆ



هاوژین حەسەن



ژنێک بە درێژایی ئەو ڕۆژگارە
لەناو گێژاوی خەجاڵەت
دانیشتووە و
بە ئەرکی سەرشانی دەزانێ
لەباتی تۆ
خەجاڵەت بێ
ئاوڕدانەوەت گرنگترین دڵخۆشی
بوو
کە نەماندیت
گوتت: بۆچی
لە خۆڵم بەسەر خەوندا کرد ناوم
نییە؟
ئەوەتانێ
کتێبی دواترم پڕە لەتۆ
لە بێئەمەکی و
لە بێبەزەیی و
لە سات بەساتی قسە و گاڵتەو
یادەوەری منداڵیمان بەیەکەوە
پڕە لەباس و خواسی ئەو
ڕۆژانەی لەبێ تۆیی تابینەقاقا

گریاوم
پڕە لە یادەوەری تاڵی پەیمانگەو
باسی هەموو هاوڕێکانم کە
وایاندەزانی کەسێکی لەخۆباییم
ئەوان چوزانن لەسەر کورسی و
مێزێکی ڕەق
بۆ پێداچوونەوەی کویزێک
دانیشتووم تێرگریاوم ...
بەبیانووی ئەوەی نەخۆشم،
گوێت لێ نەبوو
دەنگی شکانی دڵم تا لای تۆ
هات!؟


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دوو تڵماسکە شیعر





سارا فەقێ خدر

١- دێمەوە
لەگەڵ لەرەی لاواندنەوەی
عوودەکەت
بۆسۆی سنەوبەرەکانی قەڵادزێ
هەڵدەمژم
یەک..یەک ماچیان دەکەم
دڵخۆشییان دەدەمەوە و
پەیامی درەختەکانی گۆیژەیان
پێدەگەیەنم
لەبەردەم گۆڕی (هەمزە)
وبەرامبەر قەڵات ڕادەوەستم
هەناسەیەکی قووڵ، لە چاوانمەوە
تک.. تک گردی حوسنی تەڕدەکا
نامەوێ زیاتر بمێنمەوە و برینی
چەندساڵە بکولێنمەوە!
با هەر عوودەکەت بیلاوێنێتەوە!

****

• (سرووشت و میوزیک) ی
هونەرمەند خالید بابەکر، هەوێنی
ئەم وشانە بوون
٢٠٢٤

***

٢- کاندیدی دڵ
لەبەر خاتری نیشتیمان
بڕیارم داوە دەنگ نەدەم
سەیری پەڕەی ناوان نەکەم
بەڵام لەبەر خاتری دڵم
هەموو ڕۆژێ
دەنگ دەدەم بەخۆشەویستی
تا دەبم بە خۆشەویستی!

****

٢٠٢٤



# دەبوایە ئەو پیتانە ڕقیان لە خۆیان بێتەوە



هەمزە گولانی/ ڕانیە

دووم هەڵگێڕایەوە بوو بە دال
لە ئەلفم پرسی بۆ بێخاڵی
گوتی: هەمزە" تۆم هەبێ خاڵم بۆ
چییە؟
لە تام پرسی کە ونبووی بەچی
بتناسمەوە
گوتی: گەمژە بە دوو مەمکی
دایکت...
بەسینم گوت:
کەسێ بەرد لە کۆشت بنێم چ ڕوو
ئەدا؟
گوتی: شینت بۆ دەگێڕم!
سوپاس بۆ خوا کە پێم هەیە،
با"م تێپەڕاند
وەک پیتەکانی تر لە "زێ"
دەپەڕمەوە...
جیم"جێمناکا
بەجەلالەتی خودا
دەنا لە خەڵکم جیا دەکردە...
تەحجا
پیاوێک لەکۆڵان هاوار دەکا یاڵڵا
خێ بە ورتکە نان
نازانم خێ بۆ توورە دەبێ؟
ع، کەمێک خۆی ڕاست بکاتەوە
دەبێت بە گۆپاڵ و
بەو گۆپاڵە بەرەو پیتە نێر و
مێیەکانی تر دەچم!
پیتەکان کەوتوونەتە ڕێگا:
ڕاست چەپ
ڕاست چەپ
ڕاست چەپ
پیتەکان گۆرانی دەڵێن
یەکێک لەناویاندا پێدەچێ نەوەی
کاوێس ئاغا بێ
بە دەنگێکی بەرز دەڵێ:
ئەلف لۆ لۆ
ئەلف لۆ لۆ
ئەلف لێ...
لە ئاسمان و زەوی ؛
چەندین ئەستێرە دەناسم
لێ مەزهەری خالقی لە هەموویان
گەشترە
ئاوی زۆر کانی سازگارم نۆشیوە
بەڵام دەنگی "کانی" هەر دەڵێی
شوکولاتەیە
لە گوێمدا شیرینە
زۆر حەزم لە سێوە؛
سەوز و سور و زەرد بێجیاوازی
لێ مەقامی سێوەم پێ لە
هەموویان خۆشترە
بە زستان و هاوین و بەهاران
سەربازێکیان ـ نییە
پایز بە تەنها گەورەترین ژەنەڕاڵی
هەیە،
بەداخەوە ئەویش لە غوربەتایە!
دەبوایە ئەو پیتانە شانازی
بەخۆیانەوە بکەن:
میم، بەهۆی مەزهەر و ماملێ
زێ، بە هۆی زیرەک و زارا
هێ، بە هۆی هەژار و هێمن و
هێدی
شین، بەهۆی شێرکۆ
خێ، خودا و خانی

دەبوایە ئەو پیتانە ڕقیان لەخۆیان
بێتەوە:
عەین، لەبەر عەلی کیمیایی
دال، لەبەر داعش
ئەلیف، لەبەر ئەنفال
ئەگەرچی سەری بە ماڵی خوادا
نەکردووە،
بەڵام کەس هێندەی " حاجی قادر"
نەتەوە پەروەر نەبوو!

# هەنێ پەنیری پڕنازی خۆشەویستی



بورهان بەرزنجی/ کەرکووک

( ١ )

شنەی عیشقێک دەکەمە بەرت
وەک دڵۆپە گەنجەکەی باران
قاچی عیشقم دەشۆم
سەربان و
ناو حەوشەی دڵت..لە دووری،
خاوێن دەکەمەوە
خۆڵی چەن ساڵەی تەمەن
دادەشۆرم
بە دڵۆپەکانی دڵم دەڵێم:
هەموو بەیانییەک،
ئاوڕشێنی ڕۆژگارمان بکەن،
فێنکی بە گیانمان ببەخشن
شنەی عیشقێک دەکەمە بەرت،
لەخەندەی لێوی ئاو تەنکتربێت
ڕوونتر دەرکەویت و
جوانتر..شنەی ئەم عیشقەت
تەماشا بکەم
لەو کانیاوەی،
لەپاڵ شاخی خۆشەویستیتدا
هەڵدەقوڵێ...
قوم قوم نازداریت بخۆمەوە
جلی ئەو بەهەشتەت پێ لەبەر
دەکەم،
کە لە ڕۆژی لەدایکبوونی
ئەوینماندا،
خودای مەزن بۆی دووریبووی،
منیش لەسایەتدا
نازی خۆم دەچنم!.

( ٢ )

خۆشەویستی لە گیانمدا تەشەنەی
کردووە،
نەئەوەتا بێیت و
لەگەڵتدا جریوەی یەکتری
بنووسینەوە،
نەدێیی..
هێلانەی ڕوومەتت بنێتە سەر
هێلانەی گەرمی ڕوومەتمەوە
کازیوە نییە،
نەیەت دەستی بەزەیی بەسەرمدا
نەهێنێ و
لەسەر جەستەم بێ تۆیی نەسرێت
دەنک دەنک ئازارەکانی بێ تۆییم



به مووکێشی ڕۆژگاران، له هەستم
دەردێنێ
هێنده خۆشەویستی له گیانمدا
تەشەنەی کردووە،
جریوەی تەسکینی،
له ڕادیۆی جێژوانماندا بەیانیان
دەیبیستم
خۆشەویستیت هەناسه بوایه،
له چرکەی یەکەمی دووریتدا،
ئاڵای ژیانم ڕادەستی تۆ دەکرد!.
( ٣ )
هەنێ پەنیری پڕنازی
خۆشەویستی
دەتوانی .. بەیانییەک،
پێڵاوی ژین لەپێکەیت و
بێ من هەوراز و نشێوی
هەناسەکانت ببڕی
دەتوانی
پڕ کیسەیەک له دڵسۆزیت،
هەنێ ڕامانی سۆمات و
بڕێک  قسەی شیرینتم..
بخەیته سەر سینییەک و بۆم
بنێری
دەتوانی..پڕ گیرفانی بەیانییەک،
هەڵپەڕکێی چاوەکانت و
هەنێ پەنیری پڕنازی
خۆشەویستی،
به هەورێکی وەرزشواندا
ڕەوانەکەی
دەتوانی،
کۆشی شاخێکی بەرز بەرزی
عیشق پڕ بکەی له شەڕاب،
له کەناری دڵی عیشقمدا بیڕێژی،
وشکه ساڵی تەقه له لێوانم بکا و
به زامداری بیانبینی
لای خوا چییه.. لەوانەیه،
پێی ڕۆژگارمان بخلیسکێ و
خۆشەویستیت...
بەسەر جەستەی دڵما بڕژێ و
منیش...
! لەناو جەرگەی خۆشەویستیت
بتوێمەوە

# پیاسەی خەیاڵێ



شیلان محەمەد زەنگەنە

غەمگینی، دڵی هەڵپێچام
پیاسەیەکم کرد بە شارا
دڵۆپ دڵۆپ خەمم تکاند
لە سێبەری بن دیوارا
کاتێ کە سەرم هەڵبڕی
گەشتبوومە باخی گشتی
ڕاڕەوی زێڕکەفت کردبوو
هەر تەلا بوو، دەورو پشتی
گەیشتمە ئاستی درەختێ
بەرز و شەنگ و مەچەک
ئەستوور
بە گەردنێ سەرکەشەوە
ئەیڕوانییە ئایندەی دوور
ناخی تەژی ووره کردم
دەستی متمانەی درێژ کرد
ئاوازێکی وەهای چڕی
دڵ پەرۆش و عەقڵی گێژکرد
تینووی سۆزبوو دڵەی ساوام
دوو دەستیم گرت وەکو منداڵ
خەریک بوو باڵم لێ بڕوێ
خۆم ناونابوو شازادەی ساڵ
تابلۆیەکی ئەفسوناوی
پەلکێشی خەیاڵی کردم
رازێک هەر بە نەگوتراوی
بۆ چوارچرای ماڵی بردم
لە پڕ خشەی پێی گەلایەک
لەو سڕ بوونە دەریهێنام
نیازم وەک باڵندە فڕی و
جارێ تر سەری لێ نەدام

***

٢١/١/٢٠٢١

---

وەرزی وەیشوومەی کۆڕۆنا
کێ لەم ساڵەدا چاوی نەگریا
دڵی پڕ نەبوو لە خۆزگە و
بریا ؟
کێ دڵەڕاوکێ بێزاری نەکرد
نرخی نان و ژین، قەرزاری
نەکرد؟
کام هەتیو خەندە بەسەر لێوی
کەوت
چەن باب و داک چوون، چەنێ
هەتیو کەوت ؟
کێ گری ئەوین دڵی داخ نەکرد
فیراق هەناسەی پڕ لە ئاخ
نەکرد؟
کێ ئازاری رۆح، هەڵی نەپێچا
فرمێسکی نەڕشت لە پەناو
پێچا؟
کێ ی داغان نەکرد، سوتان بۆ
دووری
کام وەرزی کردە مژدەی
سەبووری ؟
کامە سەروەری، پیرۆز مایەوە ؟
قەڵەم چون نەشتەر، هەڵیدایەوە!
کێ خوا پێداو بوو، گەیشتە
مەبەست
کێ پەشیمان بوو، پەنجەی
خۆیی گەست؟
کام ویژدان هەستی بە ئازار
نەکرد
کۆرۆنا چی بە لادێ و شار
نەکرد؟
شووم بوو، ئەم ساڵی ژمارە
جوانە
پڕ دەرد و مەرگ و ئازار و ژانە
گوڵانی بێ گوڵ، وا خەزەڵوەر
هات
با بڕوات ساڵی وەیشوومە و
نەهات
با دەلاقەی دەرد، داخات
ڕێبەندان
پەڕاگەندە بێ، لێوان بە خەندان
گەرم و والا بێ، ئامێزی ژیان
ئۆخژنێ بگات، بە دەزوولەی
گیان

***

شیلان محەمەد زەنگەنە
١٠/١٠/٢٠٢٠

# سێ پۆستەر هۆزان





شێخ فریاد بارزانی

١ـ شەهیدێن مە
هۆ پەریزاد
لایە لایێ بۆ کێ دبێژی؟
تە ئێک ژ دەستدا
من هەشت هزار
بلیلڤانو ب بلیلێ
ل دویڤ مریەکێ
نە لورینە
ئێک ژ تە چو
من سەد هزار
هزرڤانو بو مریێ خۆ
تیورێن نو نەکە بەهانە و
ب بارینە
ئێکێ تە مر
لێ شەهیدێن ڤی مللەتی
هزار هزار

***

٢ـ ئاواز
لناڤ مێرگێ ئاڤ هەبوونە
چیرۆکا نوهاتیان دبێتن
ئەڤ ئاڤا هە
ژ هەشارەک سار
ژ بن پێن پێشمەرگەکێ دزێتن
گوە ب دێرە
سیپەلێن هە
ئاوازەکێ یێن دبێژن لێک
ڤەدگێرن
هەمی پەپولە و گولێن گەش
دێمێ یەک و دوو ماچی دکەن
یێ گوڤەندا خۆشیێ دگێرن!

***

٣ـ چیا
ل بەر چاڤێن من
هندی چاڤێن من دبینت
ل کوردستانێ
تەڤ چیانە . . . چیا . . . چیا
ب درێژیاهیا دەم و سالان
چەند لێ هاتن باهۆز و با
لێ بەژنا وان نەچەمیایە
هەر چیانە. . . چیا . . . چیا

***


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# سنوور.. تارماییەك دەتشارێتەوە

فاتیمە حیجازی/ سەقز

(١)

تارماییەک دەتشارێتەوە
تارماییەک تۆ لە من دەشارێتەوە
پەنا دەبەم بە چاوەکانت
ئەو جووتە ئەستێرە خەیاڵیەی
کە ڕووناکی دەخاتە دڵی
شەوەکانم
شوێن پێت دەناسمەوە،
لە قوزاخەی خەیاڵێکی پەممەیی
بە کۆڵانی بیرەوەریەکانمدا
پیاسە دەکەی.....
تارماییەک دەتشارێتەوە
دەستەودامێنی شەماڵ دەبمەوە
بۆن وبەرامەت بێنێ...
بۆنەیەک بۆ تەنیاییەکانم ببینێ
لەم بەهارە غەریبە
حوکمی زریان، مردنی لالە یە...
تارماییەک دەتشارێتەوە
نزا بۆ ئاسمان ئەبەم،
ئەبا اااا ر ر ر ر ێ ێ ێ ێ
ێ.....
روحی تەنیا،
سارا بە سارا، دووری دەپێوێ...
وەرزێ نامۆ ،
بەهارم ون...
شاریش، تاسە بار و دڵتەنگ
سەرقاڵی خەونی چرۆیە!!

***

(٢)

سنوور
سنوورەکان کێ دایدەنێت؟
چۆلەکەکان بێ پاسپۆرتن!
بەس هەیانە ،باڵی فڕین!
وەرز ناناسن،
هەموو کاتێ هەڵدەفرن....
ڕووبارەکان ،تینوو...
خەونیان،گەیشتنە
بە ئامێزی بەرین و دایکانەی
زەریا.!
ماسیەکانیش،...
نیشتیمانیان
زەریا و ڕووبار.....
ئەی نیشتیمانی من کوانێ...؟
خۆزگە چۆلەکەبام،
یا ماسیەک،
یا ڕووبارێ، نەسرەوت،
شەیدا...!

***



# چوار چرا شیعری داگیرساو



عەبدولقادر سەعید

١

بێنە دەستت
دەستم بەرێ
کاکە ئەچینەوە بۆ ماڵ
بۆلای چاوەڕوانییەکی بێ ئومێد
بۆلای ئەو هاورێیانەی
سەروریشیان سپی بووە و
تۆ بە گەنجی بەجێتهێشتوون
دەستم بەرێ غەمبار مەبە
ئێوە کورسی سروودێ بوون
کۆچتان کرد،
هەر ئەو رۆژە
هونەرمەندو شاعیرەکە شەهید
کران!

***

بێنە دەستت
دەستم بەرێ
ئەترسم نەتوانم جارێکیتر
بتبینمەوە،
دەستە وشکەڵاتووەکانتم بەرێ
پێش ئەوەی بازرگانەکانی خوێن
تەلارێکی بەرز بەرز
لەسەر گۆرەکەت هەڵچنن!

***

٢

لەخەیاڵی فرینی
پەنجا ملیۆن باڵندەدا
سەدان هەزار تفەنگی ڕاوچییان،
سووسەیان گرتووە
ئەوان دەزانن دەپێکرێن،
بەڵام مەحکومن بە فرین

***

٣

لە دادگا
بەڵێنەکان، دروشمەکان،
مارش و سروودەکان،
ژێوان بوونەوە
کە لەدەمی درۆزنێکەوە
لە ژێرفشاری، نیشتمانپەروەریدا
وتراون !!

***

٤

گڕکانەکان بۆیە خامۆش نابن
زەمینلەرزەکان بۆیە ناسرەون
چونکە دڵە عاشقەکانی ناو گۆڕ،
هێشتا لە لێدان نەکەوتون

***

دڵی تۆم بەراوورد کرد،
بە بەرد
کە بەدڵنەرمی خۆی
رێگە بە هەموو درەختێک ئەدا
ڕەگ بەناخیا شۆڕکاتەوە!


***

ئەم بەیانییە بەگریانی ئەو،
خەبەرم بۆوە
پرسیم:
وتیان بەیانیان ژنە
ڕۆژهەڵاتیەکان،
ئاوا گۆرانی ئەڵێن

***

ئەی بەرد
دەنگە دەنگی تۆناهێڵێت
قریشکەی ئەو
ژنە ڕۆژهەڵاتیانە ببیستم

# غەفڵەت



ئەحمەد ڕەزا

من دەستم لە دنیا شتووە،
تەنها بۆ ئەو خووە ئەژیم
کە ساڵانێکە گرتوومە
خووی عەشقی تۆ!
بە بێ گەڕانەوە..
بۆ ئەوەی بزانم بۆ
خۆشمئەوێی!
خووی بیرکردنی تۆ
بە بێ لێکدانەوەی ئەوەی بزانم
بە ڕاگوزارییش بە بیرتا دێم
یان نا
خووی تەرککردنی هەموو دنیا
تۆ نەبیت،

بە بێ ئەوەی بزانم ئەوی لە
چواردەورم ئەژین
چەند بۆنی تۆیان لێدێت
تۆ ئەو خووە شیرینەی
لە بینینتەوە ئاوات بە مەرگێ
بخوازم
پێی بگەمە ئەوەی،
چ ئاڵوودە بوونێ بوو،
عەشقت بۆ من و...
چ پەتایەکی کوشندە بوو!!
***
سلێمانی



# لە هەر کۆڵانێکی ئەم شارە ژنێکی غەمبار هەیە

حەیات مەجید قادر

له هەموو کۆڵانێکی ئەم شارە
ژنێکی غەمبار هەیە،
باوەڵەکەی پڕە لە نهێنی
پڕە لە زەنگیانەی مەراق
پڕە لە برین پێچ
پڕە لە دەرزی کول
هەموو ئەو دەرزیانەی
لە تەقەڵ دور کردنی تەونی
خەونەکانیدا
کول کول  بوون
له هەموو کۆلانێکی ئەم شارە
ژنێکی ڕەشپۆش هەیە،
خۆی لە ڕەنگ حەشار ئەدا
زۆربەی کۆلانەکانی ئەم شارە
بۆنی شوێن پێی ئەو پیاوانەی
لێ دێ
کە بۆ هەوەس  ژنیان فەرامۆش
کردووە
ژنەکانی ئەم شارە چەندە
غەمبارن!
هەریەک هەزار دەردی هەس
سەدان نهێنیی و
دەیان ژان
ژن بوون چەند سەختی
بە بەرچاوی خۆتەوە
هەر ڕۆژەوە و لایەکی
هەڵدەکۆڵرێ
هەر ژەمەو ژەهرێکت پێ
نۆش دەکرێ
ژنەکانی ئەم شارە هیچ شتێیەک
ئۆقرەیان ناداتێ،
خویان گرتووە بە بێدەنگیەوە
دەر دڵ بۆ گوڵ و بەرد دەکەن
لە کۆلانێکی تەنگە بەر
ژنێک بەدەم ئاودانی گوڵەکانەوە
دەردە دڵی بۆ ئینجانە
پرتەقاڵیەکەی دەکرد
لە کۆڵانێکی تر ژنێک دەردەدڵ
بۆ لاولاوە هەڵچووەکە دەکاو
بە نەغمەیەکی غەمگین پێی
دەڵێ:
بەختی من و تۆ وەک یەکە
هەردووکمان عاشقی دیوارین
دیوار
ڕەنگە ئاهی ژنانی ئەم شارە
بێت
هەورەکان نابن بە باران،،
ژن گەلێک هەیە لەم ئەم ولاتە
ئەوەندە
بە کەساسی مردوون،
ڕەنگە لە حەشریش حەوسەڵەی
هەستانەوەیان نەبێ.



# دوو کورتیله شیعر

(١)

دەمت
شانەی هەنگوینی
کام گوڵجاری باڵاتە
وا هەنگی هەستت
بە چزووی جەفا
شیلەی گیانم هەڵدەمژێ؟!
کام گوڵی جەستەتم
هەرەس نەکرد،
وا لە سارای بێوەفاییت
دڵۆپ دڵۆپ
خوێناوی روحم هەڵدەڕژێ؟

***

(٢)

تۆ روحی سەرگەردانی
کام شیعری رەنگاڵەی منی
بەرگی غەریبیت
کردووەتە باڵا؟
تۆ
گاوگەردوونی
کام هەناسەمیت،
جامانەی وشەت
تێکەڵ بە خەمی
ناو شەدەی هەستم
کردووەتە ئاڵا !

***



موحسین خالیدی

# حەزم لە خەو نییە



زێنەب یوسفی ـ سنە

خەو
لە شیوەکانی روحمەوە
هەڵدەکات
بەرەو چاوەکانی ژیانم
خەو
قەپ لە لارانی
شیعرەکانم دەگرێ
نوقرچک لە گووپی
چیرۆکەکانم
خەو
تف لە بێداریم دەکات
خەو
تەفرەم دەدات
پەلکێشم دەکاتە
جیهانێکی  لێکدابڕاو
خەو
وڕ و کاسم دەکات
لە گۆڕەپانی دەنگهەڵبڕیندا
خەو
ویسکیم دەداتێ
مەستم دەکات بەرەو مەیدانی
(دوئل)
خەو
دەمانچەم لێدەکێشێت
خەو
تەققەم لێدەکات
خەڵتانی کۆڵدەریم دەکات
ئاااااه کە خەو
بزمارم لێدەکوتێت
لەسەر خاچی پیرۆزی خۆی
خەو لە بنارمدا
سیخوڕیم دەکات
پەنجەم بۆ ڕادەکێشێت!
ڕیچم لێدەباتەوە
ئاااااه کە خەو
ڕەنگ
بۆن
دەنگ
تام
خۆشەویستی
ئازادی و
تۆم... لێدەدزێت !!
خەو
ژیانم دەکاتە.. هەینی
خەو
ژیانم دەکاتە جومعە
***





# ئەو




کۆسار هێرۆیی

ژیانی من هەمووی دەیجوورە شەوبوو
پڕ لە خەم و خەیاڵ و دوورە خەو بوو
تاریکستانی چڕ و ئەنگوستەچاو
بێ نوور و تیشکی خۆر و مانگ و ئەو بوو
***
ئەمساڵیش وا هاتەوە شەوی یەڵدا
لەپاڵ ئەودا دڵم ڕەشماڵی هەڵدا
بەبێ سۆز و شەوچەرەی خەندە و نیگای
سوتام خنکام لە گڕی عیشقی ئەودا
***



# زەمانی بزربوو



فاتیح عیزەدین


بێدارییە؟
خەونە یاخود زیندەخەوە ؟
من میوانی ناو ئەستێرەی
گەردوونێکم
بەرەبەیان فڕۆکەیە و
لە ئاسمانێکی دوورەوە
بە دەوری خۆردا دەگەڕێ
بە سووتانی جگەرەیەک
بەلاکردنەوەی ناوەختی
پیاسەیەک
شەپۆلی دەریای ئاسمانی
شەوداهاتن
بەسەر روخی ئاوابوونی
ئەم سەرزەمینەدا
دەرژێ
شەمە دەستی یەکشەمەیە و
لەنێو قەدوبالآی دووشەمە
ئالآوە
سێشەمە پێڵوی خەوالوی
چوارشەمەیە و
ئەشکی ئێوارەی پێنجشەممە
لە لێواریا قەتیس ماوە
هەینیش؟!
چبڵێم
ئاوێنەیە و دەرخەرەوەی
دەستە ڕەشە سامناکەکەی
نێوان گەروی زەردەپەڕی
ئێوارەکانی شەمەیە ...
بێدارییە؟
خەونە یاخود زیندەخەوە؟
من میوانی ناو ئەستێرەی
گەردوونێکم
خۆرنشینان
دەڵێی کەشتی نێو ئاسمانم
هەڵگرتووە
عەشقی خۆرە و
مەلەوانی تەنوری گڕ
بە جیوەی پەنگر و پشکۆ
پێڵوی چاوانی خۆی دەشوا
بەنێو قولآیی گەردوونا
دەڕوا دەڕوا
لە ناخیشیدا دەروون تاریک
لەبەرچاویا میلی سەعات
نابزوێت و



زەمەن ناڕوا
شەممە باڵای یەکشەممەیە و
لە باخەڵی دووشەممەدا لێی
نووستوە
سێشەممە نەخۆشی کەوتوی
بەرنەشتەری

چوارشەممەیە و
لەپێنجشەممەدا مردووە
هەینیش؟!
چبڵێم
زەمەنێکە لەمێژەوە بزربووە،
تابوتێکە
میلی سەعات بەسەریا
چەماوەتەوە
تەرمی هەر حەوت شەوەکانی
هەفتەی
تیا کەوتوە ...
بێداریە ؟
خەونە یاخود زیندەخەوە ؟
خۆرنشینان شووشەیەک مەی
لەبەردەمما و
لەنێو خەون و بێئاگایی خاڵی
و بۆشا
بەربەیانیان وەک و ئەوەی
هەڵقوڵابێ
لەنێو دەستما و
لەکەناری بێداربوون و بە ئاگایی
لێوانڕێژە
تۆ ، ئەی شووشەی خاڵی و
بۆشم
تۆ ئەی شووشەی لێوانڕێژم
نەشئەبەخشی و پڕم لە تۆ
پڕم لە برژانگ و نیگای
بەیانیان و ئێوارانی
کچانی شۆخ
پڕم لە شیعری گەرم و گوڕ
لە جەنگ
لە خوێن
لە مۆسیقا و دەنگی داریوش
لە هێستریا
پڕم پڕم
لە شەپۆلی سەربڕاوی کەنار و
گۆم
بەڵام ئەفسوس بۆ ئەو ڕۆژەی
یا ئەو شەوەی میلی سەعات
چرکەی زەمان
بەسەر باڵای من وتۆدا
ئەچەمێتەوە وەک گۆچان،
بەڵام ئەفسوس !!

# لە پەراوێزەکاندا وێڵ و سەرگەردان



نووری بێخاڵی

نە گۆشەیەک بۆ دڵنیایی
دەدۆزیتەوە و نە ڕێگایەکیش
دەتگەیەنێتە نەمریی. بێدەنگ
هەڵکورمێیت یان سەرشار
بیت لە گوتن و گۆرانی؛ لە
وێستگەیەکدا روحت دەفڕێ و
سوپاسگوزار بە کە دڵت بۆگەن
نەکات و کەمتیارێک دەمی تێ
نەنێت. لە ئێستاوە بە قسەی
گۆڕهەڵکەنەکە بکە، وەک مردوو؛
دەرگا لە کەس مەکەوە!
ژیان خەمێکی قورسە و
لەسەر شانی مرۆڤ نیشتۆتەوە
تا بەخۆی نەفرێت،
هیچ داهۆڵێک نایرەوێنێتەوە

تەمەن بە خێرایی تیشک تێپەڕی
هەنووکەش کە پەلەی ڕۆیشتنمە،
بەسەر پشتی کیسەڵ دەڕوات

وەک کتێبێکی قاچاخ،
کە لە ژێر خاک حەشار درابێت
شێ خووساندوومی و
کەڕوو لێی داوم

وەک وێنەیەکی قەدەغە،
کە لە بنمیچی ژێرزەمینێکداپەنا
دراوە
هاڵاو ڕەنگەکانمی تێکەڵ کردووە
و
بێ ڕەنگ دەچمەوە
وەک درەختێک خەزان ڕووتی
کردبێتەوە

لە سەرما هەڵدەلەرزم و
هەورێک، وەک گۆسکەی
سەرنخوون
بەسەرمدا دەڕژێ و
فرمێسکەکانم دەشواتەوە
قەڵەمەکەم،
کە لەسەر ڕۆخی کانییەکە لێم
بەجێما،
خنکا!
وەک کەسێکی تۆقیو لە
ڕووخساری مۆنی پیاوانی
ئاسایش،
بۆ سەرئاویش ناسنامەکەم
دەبەم!
***


# لانکی ڕۆح



نادیە کەریم کۆیی

لەباوەشی عیشقی تۆدا
لانکیی ڕۆحە ڕامدەژێنێ
لە بیلبیلەی چاوی تۆدا
وێنەی خۆمە دەمدوێنێ
***

ئێستا وەرە ژیرمکەوە ...
وادە و بەڵێنت لەبیرچوو!
بەدوای دڵی نەرمت کەوە
تۆڵەسەندنەوە بەسەرچوو!
***
لەبەر بێداری شەوانم
خەو لە چاوانم زڕاوە
چاوەڕوانی زەنگی دڵم
زۆر لەپێش تۆ وادەی داوە
***
سەرینێ شک نابەم بۆ خەم
خەونی تۆ ئارام کاتەوە
ڕێگایەک دەرنابەم هەتا
گرێکوێرەی تۆ بکاتەوە
***
٨ / ١٠/ ٢٠٢٥



# هاوڕێیەتی لەگەڵ بادا



ئومێد شێخ کەریم

وەک پەپوولە
بە باڵی خەیاڵ ئەفڕم
ئەچمە ناو باخچەکان
سەردانی گوڵەکان ئەکەم
ئاویان ئەدەم لەو وردە
فرمێسکانەی
کە شەو لەسەر پەڕەکانیان
نیشتوون
ورد ئەبمەوە
دەریامان نییە
ناڵێم ئەچم بۆ سەیری کەشتی
لەلەرەی سەما ئاسای
بەلەمە چارۆکەدارە لەنگەر
گرتوەکانی
کەنار دەریاکە کە شەپۆلەکان
سەما ئاسا ئەیانجوڵێنێ
ورد نابمەوە
دەریامان نییە
تا بچم ماسی گرەکانی
کەنار دەریا بەسەربکەمەوە
قولابی ماسیم هەیە
تا ئێستا نەچووە بە لای ماسیەکدا
خۆی لە دەمی ماسیەک گیر
نەکردووە
گیاندارە ئاویەکان ناناسین
لەگەڵ نەورەسەکاندا ئاشنایەتیمان
نییە
گۆرانیمان بۆ نەوتون
نامەیەکمان بۆ یار پیا نەناردوون
شەمەندەفەرمان نییە
تا شیعرێکی ناسک
لە چاوەڕوانیدا بنووسم
ناوی بنێم
چاوەڕوانی لە وێستگەیەکی
نائومێدیدا
ئێمە لەگەڵ بادا ژیاوین
ناوی هەموو جۆرەکانی با ئەزانین
هەندێکیان خۆمان ناومان ناون
ڕەشەبا و بای شەماڵ و
شنەبا و بای وەشت و
بای دارئاوس بای سەبا
بەڵام، لە هەمووی پڕ ئازارتر
بای بێ مروەتییە
کە هەڵئەکات سەرتاسەری شار
تووشی نائومێدیەکی سەیر ئەکات
بای دارئاوس
لە بری دارەکان ئاوسبن بە چرۆ
هەستەکەم قەڵەمەکانیش

بە نووسین بە شیعر ئاوس ئەبن
دڵەکان بەخۆشەیستی و ئەوین
ئاوس ئەبن
هەندێکجار پەنامان بۆ بردوون
داوای شتمان لێکردوون
(شەماڵ وەرە توخوا وەرە )
*(ئەو نامەیەم لەبۆ بەرە"
هەندێکجاربایەکی تۆزاوی
لە عەرعەرەوە هەڵ ئەکات
هەموو ئاسمانی شار دەگرێت
نازانم ناوی چییە
پێی ئەڵێن بای بیابان
من ناوم ناوە بای عەرعەر
بۆنی سملۆزاخی لێدێ
بۆنی مێخەک و ڕەیحانەکێویلەی
لێدێ
کەتۆزەکەی لەسەر گەڵا و پەڕەی
گوڵەکان ئەنیشێ
تابلۆی جامانەیەک دروست ئەکات
بێجگە لەو گێژەڵوکەیەی کە بۆ
هەمیشە
لە مێشکی مندا ئەلورێنێت
لە گوێچکەی چەپمەوە دێتە
ژوورەوە
بە کاسەی سەرما تێدەپەڕێو
لە گویچکەی ڕاستمەوە دێتەدەرێ
دەنگی دەسترێژی گوللە و
زیرەی زنجیری دەبابە و
کیرەی دانی کێلەی شۆفڵ و
هاوار و زریکەی ژن و مناڵ و
دەنگی نزا و دۆعای پیاوان
لە مێشکمدا دێت و دەچێت
لە ئازاردا..
دەست لە هەردوو گوێچکەی خۆم
توونـد دەکەم
بەو هیوایەی ئیتر ئەو گێژەڵوکەیە
بە ناویدا گوزەر نەکات
هێدی هێدی گێژم دەکات
وڕم دەکات
دەچمە خەوێکی قوڵەوە
بەو هاژە هاژەی ناو سەرم
جارێکیتر ڕائەچڵەکێم و بەئاگا
دێمەوە
****



# بزەی پاییز



مستەفای سەید مینە

گەر بە دەست من با ، هێندەم درێژدەکرد
دەمبردە ڕیزی ڕۆژی بەهاریێ
ڕۆژگاری پاییز بۆ هێندە کورتە؟
بۆ چاو لێکدەنێ لەگەڵ ئێواریێ؟
***
هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵمدایە
فەڕشی زێڕینی گەڵای سەر ڕێیە
هەر گەڵایەکی شیعرە ، ڕۆمانە
کێ هێندەی پاییز پەیامی پێیە؟!
***
شەوە زەنگیش بێ ، پایزی پرچ زەرد
زەردایی بزەی هەر لەسەر لێوە
تیشکبارانی گەڵاڕێزانە
لەو دەر و دەشت و لەو کەژ و کێوە
***
پاییز ئاوێنەی ئاسمانی بەرزە؛
یەک گەڵای هەیە، یەکیان ئەستێرە
گەرەکتە تێبگەی لە ڕازی گەردوون
گوێ بۆ هەناسەی پاییز ڕادێرە
***
٢٠٢٣/١١/١٠



# پەروانە سپییەکان



ژوان سوورچی

شەوان بە ورشەی ئەسێرەکان دەنووم و
خەون بە ئاسۆیەکی ڕوونەوە دەبینم
سپێدەش بە بۆنی گوڵ و
جریوە جریوی پاسارییەکان
بێدار ئەبمەوە
پەنچەرە تەمگرتووەکان دەکەمەوە
زەردەخەنەیەک لە تیشکی خۆر
وەردەگرم
هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەمژم
لەگەڵ پەروانە سپییەکان
دەکەومە گفتوگۆ و
بە ئاوازی شیعرێک
خونچەکان دەلاوێنم



# بە گەورەیی
# کۆترەکەی منداڵیم دۆزیەوە



سەلام عومەر کەریم

منداڵیم کۆترێکی وێڵەو
لە گەڕەکی کارەبا
بەسەر لقی
درەختێکی نیوە سوتاو
هەڵنیشتووە
بە دیمەنی لەت لەت بوونی
دراوسێ و دەڤەرێکی وەک
پشدەر
جگە لە گمە و گریان
فرمێسکی خوێنینی ڕشتووە
کۆترێکی وێڵە منداڵیم

بە دیار شارێکی خاپوور و
هێلانەیەکی تێکدراو
هەڵکورماوە
دەفڕێتە سەر
کێلی گۆڕەکەی (ڕەسوە شێت)
دەبینێ هێشتا خورجینە و
گۆپاڵەکەی هەر لەوێن و
وەک خۆی ماوە
++++++
منداڵیم کۆترێکی تەریکە
داوای ئەو پرچانە دەکا
کە لەسەر ورگی (وەستا کاکە)
تاڵ تاڵ بە مردوویی کەوتوون
پرچێک هێشتا لە قوژبنی

کەلاوەی شارێکی وێراندا
وەک پشیلەیەکی برسی
کەس نازانێ
داخۆ نووستوون یاخود
مردوون؟
++++
بێماڵە کۆترەکەی منداڵیم
ئەو کۆلارەی دەوێتەوە
کە تا ئێستاش
بەدارتێلەکانەوە گیر بووە
کۆلارەیەک
وەک ئەوەی من عاسێم کردبێ
زۆر توڕەیەو
هەر لە منداڵی و لاویتیم نا
لە پیری و دووریشم زیز بووە


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



کۆلارەیەکەو ئیدی
نەقەت دێتەوە نێو دەستم
نە ڕێگەشم پێدەدا
لێی کەمەوەو
لەبن لەنگەرە ماندوەکەی
نامەیەکی لێبووردنی لیَ ببەستم
+++++
منداڵیم کۆترێکی وێڵە
دەچێتەوە (جوتکانیان)
قومێک ئاوی
لەو دوو کانیە دەست ناکەویَ
سەرێک لە تانکیە قوپاوەکەی
قوتابخانەی ئاسۆس دەدا
بەسەر پەڕ پەڕ بوونی کتێبی
(ئەلف و بێیە) کوردیەکەی
ئیبراهیم باڵداردا دەکەویَ
کۆترێکی وێڵە منداڵیم
لە گۆڕەپانی بالە و بێلایی
قوتابخانەکەدا
پڕ بەگەرووی دەگمێنیَ
هەتا مامۆستا( عارف و غەریب
و عەبدوڵلا بیلال)
لە خەوی قوڵ هەڵدەستێنیَ
+++++
یاران
کۆلارەیەکی یەکجار شڕە
منداڵیم
هێندە داوم لەدوو داوە
نە غەرغەرە و نە کەندرەکەی
دایکم لەنێو دەستم دا ماوە
کۆلارەیەکی پڕ لۆچە منداڵیم
خەریکە لە تاقی ئاسمان بزر
دەبیَ و
نە بەدەستە بچووکەکانی
منداڵیم دێتەوە

نە بەچاوە کزەکانی ئێستا
دەیبینم
کەچی کۆترەکەی منداڵیم
تەنیا و تەنیا
کۆلارەکەی دەوێتەوە
گمەیەکی گریان ئاسای لێوە دێت
و
پێموانییە
بەمزوانە ژێر بێتەوە
+++++
ئێستا منیش
وەک کۆترەکەی منداڵیم
وێڵ و تینووم

نە بەئاوی زێی گچکەو
نە بەڕووبارەکانی نێو شار
برم ناشکیَ
لەسەر تەختی مۆنۆمێنتەکەی
دەروازە
ئەشک دەڕێژم
وەک کۆلارە هەڵواسراوەکەی
منداڵیم
ڕابردووی خۆم
لە ژێر درەختەکەی کانیە شێخ
نا
لە دامێنی چیای قەندیل
هەر بە زیندوویی دەنێژم



# میهری تۆ



بڵند باجەلان

من وەکو باڵندەیەک
کە بیەوێ وەڵامی ڕاستەقینەی لە
باخچەکەوە دەستبکەوێ
بیەوێ مرواری لە چەقی
پەشیمانیدا بدۆزێتەوە
دەپرسم:
سەر بە کامە جۆگەی پڕ لە وردە
زیخم
کە درێژ دەبنەوە تا سنووری
دەریای نائومێدی؟

لە
بێدەنگیی
تەنافەکەوە
لەوە دەگەم
کە باران کەسی تەڕ نەکردووە،

لەگەڵ ئەو چۆلەکانەی دەیانەوێ
کارەسات لە شار دوور بخەنەوە،
لەگەڵ ئەو هەناسانەی تا ئەبەد
ناگەڕێنەوە
دەمویست
بژیم
یان
بمرم

نە توانیم لەگەڵ چۆلەکەکان بژیم،
نە توانیم لەگەڵ پاییزدا بمرم
هەستم بە بێتوانایی خۆم دەکرد
ئەوکاتەی لە بەردەمی ئاوێنەکە
بیرم لە گەورەیی تۆ و بچووکی
خۆم دەکردەوە

لە کەس ناپرسم بۆچی ناڕۆی بۆ
سەردانی ماڵی تەنیایی؟
میهری تۆ ماڵی منە

هەندێک وشە دەبەخشم بەو
پیاوەی،
لەبەر بارانەکە هەست بە
برسییەتی دەکا

گوتم:
بەڕاست بۆ نەمزانیوە
چ جۆرە ڕووخسارێک لە
حەقیقەتی (با)کان ناگا؟
تۆ (با)کان دەنێری بۆ ماڵی ئەو
ژنەی،
دەترسێ پەنجەرەکەی بکاتەوە

سێو لە بەردەمی خۆیەوە گوتی:
من مەفرۆشن بەو پیاوەی،
لەجیاتی ئاو مەی دەفرۆشێ بە
گوڵەکانی باخچە
ئەوەندە ئیستێتیکا شک نابەم
سەودای
ئەو ماڵە



زیوییەی ئاو بکەم


تۆ (با)کان دەنێری بۆ ماڵی ئەو
پیاوەی،
لە دەرگاکەوە سەیری بارینی
بەفری دەکرد و
بیری لای تەرمی جێماوی
هاوسەرەکەی بوو

من لە بەردەمی خۆمەوە گوتم:
بەبێ تۆ لە هەموو دیوارەکان
تەنیا ترم

ڕەنگە کەس پەلکەزێڕینە
نەخوێنێتەوە

هەرچی بەسەر
ئەو شەقامی نەگەیشتنەدا گوزەر
دەکەم،
هەر ناگەم بە خەونی تونێلەکە
پەڕەی نێرگس
ئاوێنە
قەڵەم
تابووت
لەگەڵ بینینی هەموو شتێک،
ویستم چیرۆکی مردنی جانتا پڕ
لە پەشیمانییەکان بگێڕمەوە
پەشیمانم گەر ساتێک تێپەڕیبێ و
من
تۆم
نەناسیبێ

ڕەنگە کەس پەلکەزێڕینە
نەخوێنێتەوە
هەموو بەیانییەک
لە پشتی پەنجەرەکەوە
سەیری گەڕانەوەی خۆم بکەم
ڕەنگە ڕۆژێک پەنجەرەکەم
بفرۆشم
بۆ ئەوەی
بتوانم هەناسە بدەم
پەشیمانم گەر ڕۆژێک تێپەڕیبێ و
تۆم
نەناسیبێ
خۆزگە خۆشەویستیی تۆ
پەنجەرەم دەبوو!



# یاخیبون



ئەمین محەمەد

ئەو ساتانەی یاخی دەبم
لە شاعیرە ساویلکەکان
تورە تورەم
بە دەستی خۆم
کەلەسەری خۆم دەگرم و
توڕی دەدەم
ئەو کاتانەی یاخیدەبم
باڵندەکان ڕادەهێنم
دەنک دەنک
دانەوێڵەی کۆگای سوڵتانەکان
بدزن
هانی جوتیارەکان دەدەم
دەستی ئەو کەسانە ببڕنەوە
پەنجە بۆ خەرمانیان دەبەن
ئەو کاتانەی یاخیدەبم
نەشتەرگەریی بۆ نینۆک و
پەنجەو پلی هەموو پزیشکەکان
دەکەم
تا نەتوانن چرنوک لە ویژدان و
هەستی نەخۆشەکان بگرن
چەکوژی دەستی دادوەرەکان
ورد ورد دەکەم
دەبا ئیتر
زیندانەکان وەکو مێشکی
سەرکردەکان
چۆڵ وهۆڵ بن
ئەندازیارەکان هان دەدەم
نەخشەی هەموو تەلارەکان
تێکبدەنەوە
من بێزار بووم
شارستانیەت پڕپڕ بووە لە
ژاوەژاو
ئەو ساتانەی یاخیدەبم
دڵۆپ دڵۆپ
تاوە بارانی سەر زەوی
کۆ دەکەمەوە و
دەیبەمەوە کۆشی هەور
تاڵ تاڵ پرچی ڕەشەبا دەگرم و
دەیانبەمەوە بۆ دەربەند
کۆتیان دەکەم
کاتێ دێم و یاخی دەبم
یەک قومە ئاو لە دەریاکاندا
ناهێڵم
مادام حوتێ وردە ماسی
هەڵدەلوشێ
دەبا هەموومان یاخیبین
هەموو شتێ بە یاخیبونەوە جوانە
وەک چۆن سنەوبەر و
زەیتونەکان
لەپایز یاخی دەبن و
لەخەزاندا یەک گەڵایان
هەڵناوەرێ
وەک چۆن باڵندە ڕەنگا و
ڕەنگەکان
لە قەفەزدا هەریاخین و
گۆرانی بۆ ژیان دەچڕن
منیش ئیتر یاخی یاخیم
نە وشەیەکم دەوەرێ و
نەهیچ هێزێ سنوور
بۆ چریکەم دادەنێ



# فرمێسکی سووتاو



نیشتیمان عەبدولقادر

بۆ هەولێر

من نەمدیبوو
فرمێسک بسووتێ
یا لە قوڕگی دووکەڵەوە بێتە
دەرێ
یا دەستی لە دامێنی ڕەنج بترازێ
کە بێباکانە
شەقی تێ هەڵئەدرێ و ئەخرێتە
ژێر پێ
نەمدیبوو
فرمێسک بە یادگەدا گوزەر بکا
بەڵام نەتوانێ ئاوڕێک باتەوە
بوخچەی نیگەرانی لە کۆڵ نێ و
نەڵێت ماڵئاوا
ئاخر دڵی بازاڕی قەیسەری
بە سووتان هەڵنەقرچا
فرمێسکەکانی لە حەسرەتەوە
پێیان نەگرت
لەمێژە فووی خۆشکردنی ئاگر
بەبن گوێچکەیا ئەدرێ
ئەو غافڵ نییە
نەوەی قەڵا و منارەیە
خەرمانەی لوتکە و بڵندی و
بەرزییە
بە ئاگا لە کوردپەرستی و
حەقپەرستی و ڕاستییە
خۆ ئەگەر وابزانن بێئاگایە لەوەی
ئەگوزەرێ
یەقین بن لەگەڵ مێژوودا وەک
جمک ئەدوێ
ئەو دیرۆکی خاکپەرستی و
خۆڕاگری نووسیوە
زۆر باش هەم خۆی ئەناسێ و
هەم ئێوەی کۆت و بەندکراوی
ناسیوە
بەڵام مەخابن
دەستی غەدر
دەستی زوڵم
دەستی درۆ
چاو و دەم و دڵی توند توند بەند
کردووە
یەخەی عەزرەتی قەیسەرییان
بۆ هەناسەیەکی ئازادی شڕ و وڕ
کردووە
هەولێرەکەم
لە ئاست جەرگ سووتانی تۆ
من هیچم بۆ ناوترێ
فرمێسکم لە ناخەوە
وەک ڕۆحی کاسبکارەکانت بۆت
ئەسووتێ

***

سلێمانی
٢٠٢٤/٥/٧

# لەسەر
# لێواری ڕووخەکی کات




ساماڵ ئەحمەدی




بەسەر تەرمی ترێدا ڕادەکشێ
شەو
تا هەڵدێ لە ڕۆژهەڵاتی پیاڵەوە
بزەیەکی ئاڵ
لەو دەمەیدا ئاسۆ
لە نێوان ڕووسوور و
سوورهەڵگەڕاودا
لاترە دەباتە بن دیوارێک لە
پشتییەوە دیار نەبێت باران
ڕوونیی خۆی بۆ هەستەکانی
پەنجەرە دەردەبڕێت
کە بەخودا تینووتمە
ئەی ئەمدیو ئەودیوی من تێدا
ونبووی شووشەیی!
.
ئەو شەوەم وەبیر بێنەوە
لە سەر دوو هێڵی هاوتەریبم شاد
دەڕوانییە باڵەکانی حەسرەت
تا لەم بەر ڕەهێڵەی وشانە
بشێم شوکرانەبژێری هەڵفڕین

لە بەستێنی سپیی گوماندا
پرچی زەردی بەبەردبووی خۆر
خاو کەمەوە
.
لەسەر لێواری ڕووخەکی کات
لایەک هەڵدێر
ئەولای دی درەنگ
قاشوولەم کردبوونە کەرەستەی
یاری
کەس ئاگای لێ نەبوو دەگریان
واش دەبوو پێدەکەنین
لەبن پنچکە شیلانەکەی هێلانەی
کۆترە باریکەی لەسەر بوو
پێم خۆش بوو بێچووەکانی
قاشوولە بن
وەک پێم خۆشە لاترە بەرمە بەر
سۆمای ڕووناکی سەرخۆشی

ئەی هەزارەی خۆم لە ڕۆژاوای
پیاڵەوە لێ هەڵاتوو!
.
با وێنەیەکت بۆ بگرم
لە تەنیشت ڕەش و سپی
بە کراسێکی خۆرداوێنەوە
لەسەر ئاسۆیەکی بێ کات
بەدەم شەپۆلانی لە شادییەکەوە
نیوەی پارێز
نیوەکەی دیکەی گوڵاڵە
.
وەبیرت دێ بۆ گرتنی وێنەکە
بەتیرێژترین وشەم لە
کاکیبەکاکیی زمان خواستەوە
تا لە زاری شێخ شەهابی
سۆرەوەردییەوە بێژم
"ڕەنگە ببێ و ڕەنگە نەبێ"
پێش ئەوەی شام
ڕدێنی داهێڵێتەوە ناو
ئاوازی خۆرداوێنی کراسەکەتەوە
ڕەنگە هەبێ
ڕەنگە نەبێ
کە دوای ئەم شەوی ترێمژە
هێشتا
ڕووناکترین هێشووی خولیا
بە ڕەزی مژۆڵمانەوە
لاترە دەباتە بن دیوارێک لە
پشتییەوە دیار نەبێت باران
ڕوونیی خۆی بۆ هەستەکانی
پەنجەرە دەردەبڕێت
کە بەخودا تینووتمە
ئەی ئەمدیو ئەودیوی من تێدا
ونبووی شووشەیی!

# دوو شیعری شیوا



شیوا موزەفەری



(١)
تاسەی ئەوین

تاڵێ لە ئەگریجەی یادەکانتم
بەست بە بسکی شەماڵەوە
تا جارێکی تر
دەست بنەی بە دەلاقەی
تاسەکانما
بۆنی چەپکە ڕەیحانە
لە ژوورەکەم بەجێ بێڵی
تاڵێک لە خولیای پێکەوەبوونمان
دا بە دەم ڕووبارەکانەوە
تا ڕۆژێ فێنکایی جێژووانێ
دەرگای ماڵەکەم کاتەوە
چەپکێک شیعری جوانم دا بە
دەس
شەوانی تەنیاییم
بەڵکو خەوی نیوەشەوێک
یەخەی بێتاقەتیم بدڕێت
هەموو پەلکەی خۆشەویستیم
دا بە شنەی عەتری جەستەت
تا ڕۆژێک دەمەو بەیان
لێوت بە لێوم بسرەوێت
***

(٢)
تلانی ژنێ لە ئازاردا

ئازارەکانم دەخزێنە
جەستەی بریندارى شەقام
لە ئێوارەی هەینییەکدا
ئاپۆڕەکانی بێ توێی تنۆک تنۆک
ئاو هەڵدەمژنە وەیلانیەکانی
مردنیان

خەمۆکی لە وەیلانی شاردا
ڕژاوەتە دەمارەکانم

چاوەڕوانیم ئاڵۆزترە لە
ئیسقانەکانی خیابان و
گرمۆڵە تر لە هەموو ڕۆژێک
پێچیاگم لە ئازاردا

لە کاکتووسە تینوەکانی هەتاو
دەچم
دەلاقە بەشی ژیانیان ناکات
ژنێک بە برین دەتلێتەوە
لە قاپی پەنجەرەیێک

نە بۆنێک بۆ خۆشەویستی
نە قامکێک بۆ پەپوولە
پریودەکان سوور ئاڵاونە شینایی
خەونەکانم
لەو بەری شار
تەرمێک دەگەڕێتەوە

بە دووی هەناسەیەکا ئەگەڕێ
خۆی تیا ون کات

ونبوون بە کاتی مانگ
لە درێژەی قەبرستانێک دا
خەمۆک

# چەتری هەدا




**قاسم شێروانی**



نەمەرگ لە باوەشم دەگرێ
نە سێبەری ژین تاوێ داڵدەم دەدا
وەک گەڵاییێکی پەژموردە
بێچارە کەوتوومەتە بەر سەرە سمی با
هەرجارەو  بە ئارەزووی خۆی
 بەکێوی ئازارێکی سەختم دادەدا
یا بەچزووی ژانی قرسی مەینەتییێک پێم وەدەدا
هەر ڕۆژەو فڕێ ژەهری دەستی جوانێکم
دەرخوارد دەدا
هێندە موعتادی  کردووم بەعەشق و جوانی
هەموو شەوێ سەری شووشەی شەرابم پێ
بادەدا
هەرجوانێ بیەوێ بۆژێرکەپری عیشقم لابدا
قەدەدەر دەرگای بەختم لەسەر کلۆم دەدا
نەنیشتیمان لەخەم و خوێنم تێر دەکا
نە چەتری عیشقم بۆ دەکاتە  ماڵێکی پڕ هەدا

hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی!؟



ئاکۆ کانەبی

لەپەنجەرەی خەیاڵمەوە
ڕۆژ نییە سەیری تۆ نەکەم
بە دیار وێنە و نامەکانت
هۆن هۆن فرمێسک ڕۆ نەکەم

***

لە کوێی بۆچی بەیانییەک
دەرگای دڵم ناکەیتەوە؟
سەرێک لە ماڵی تاریک و
چۆڵ وهۆڵم  نادەیتەوە؟

***

ئێستاش بارانی یادی تۆ
گەردی سەر رووم ئەشواتەوە
مەلی دڵم لە کانیاوی
عەشقی تۆ ئاو ئەخواتەوە

***

تۆ لە دڵما چرایەکی
داگیرساوی بۆ هەمیشە
گوڵی عەشقت لە ناخمدا
دایکوتاوە ڕەگ و ڕیشە!

***

من ناتوانم بۆ چرکەیەک
تۆ لە بیری خۆم بەرمەوە
هەتاوێکی گەش وجوانی
هەمیشە وای بەسەرمەوە

***

(٢)

بۆ ماچێکی لێوەکانت
خەریکە سوێم ئەبێتەوە
لە دووریت بەفری تەمەنم
سات لە دوا سات ئەتوێتەوە

***

واخەریکە خەمی دووریت
گوڵی شیعرم ئەژاکێنێ
خەزانی دووری و دابران
گەڵای ژینم ئەوەرێنێ

***

بیر کردنێ ...بیرت ئەکەم
مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ
چاوی حەزم بە تاسەوە
لە وێنەکانت ئەڕوانێ !

***

تۆ لە دڵما چرایەکی
قەد ناتوانم خامۆشتکەم
وەک منالێی لام شیرینی
ناتوانم فەرامۆشتکەم

***

لە ئەلبوومی دڵ و چاوما
یادەکانتم پاراستووە
لەپێشوازی گەڕانەوەت
فەرشی روحم ڕاخستووە

***

کەی دێیتەوە بە یەکجاری
بۆ لای من و شاری جوانی
بەخوا بێ تۆ وێرانەیە
دڵـــی من و سلێمانی !!

***

(٣ )

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
بەم ئێوارەیە بە وێڵی
چۆن دڵت دێ ئامێزی من
بۆ غەریبی بەجێ بێڵی؟!

***

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
بۆچی هێندە بێ دەربەستی؟
چیمکردووە ڕاست پێم بڵێ
بۆچی لە عەشقی من پەستی؟

***

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
دڵم بێ تۆ سەرگەردانە
دووریت بۆ من ئازار بەخشە
مایەی حەسرەت و گریانە

***

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
دیسان کێ فریوی داوی؟
لێرە بڕۆی ئاسودەیی
ڕووت تێناکات هەتاوی

***

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
بۆ باخم پڕ زریان ئەکەی
بە ئاوازی لێکدابڕان...
چاوم پڕ لە گریان ئەکەی

***

بگەڕێوە بۆ کوێ ئەڕۆی؟
لەگەڵمابە، تا کۆتایی
عەشقت پڕە لە ئارامی
لە سەبووری و دڵنەوایی

***

# دەگەڕێمەوە
# بۆ جیهانەکەی خۆم



کوێستان غەمسار


ماندوو بووم لێرە
دەگەڕێمەوە ئەوێ
بیری خۆمەکەم
زۆر سامناکە ئێرە..!!
ئارامیم ون کردووە
تۆفانی گومان وای پێچاوم
خەریکە خۆشم ناناسمەوە
ئەترسم..!!
ئاشوبەی ئیرەیی دابکات و
پاکیزەییم بشواتەوە
چ سامناکە ئێرە..!!
واخەریکە ڕەنگی بێ ئابڕوییم
لێ دەنیشێ
لێرە چاوەکان فراوان و
کاسەدانی مێشک خاڵی
عە قڵەکان بەتەنافەوەن
زمانەکان زور توند ڕەون
چەند زۆر ڕەون..!!

هەموو تەمەنێک سە رەبڕن
ملی بەختەوەری بە سێداروەیە
هیچ شک نابەم لێرە
ئاوێنەکەشم درزی بردوە
خۆم بە کۆکراوەیی نابینم
بومەتە چەندەها پارچە
کاتی هاتووە خۆم کۆبکەمەوە
لێرە ماندوو بووم ماندوو
ئەترسم درەنگم بەسەردابێ
دەروازەکانیشم لێ دابخەن
جارێکی تر نەی کەنەوە
بیری خۆمەکەم
دەگەڕێمەوە ئەوێ
***


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەقی واڵا

# ژن و ڕاوچیە هەڵاتووەکان



گەلا زەندی

من سەرەتا مرۆڤم

وە ژنێکی یاخیم

یاخیم بەومانایە نا سنووری

ژن بوون و مرۆڤایەتم بەزاندبێت

لە دڵدا یاخیم

لەجەور و ستەم یاخیم

لە کۆمەڵگایەکی بێ هەست

بێ ویژدان یاخیم

لە ژیانی ژنایەتی یاخیم

کە هەمیشە بەرداشی زەمان

چۆڵە ڕێگەشی پێ دەگرێ و

بێ بەزییانە دەی گەزێ و

دەی هاڕێ

دەی هاڕێ بەو مانایەی

هەموو شتێک تەنانەت

هەناسەدانیش

بۆ ژن عەیبە هەموو عەیبەکانیش

بەسەر ژنایەتیدا زاڵە

عەیب بووە بە پۆشاک و خۆراکی

ژن

کەچی ژین بێ ژن نەژینەو...

نەژیان ئەمە گەمەی ڕۆژگارە

یا کلتوورێکی سواوە

یا نێرە بێناموسەکان بە ناوی

ناموسەوە ڕۆژی دەیان ژن

لەخاچ دەدەن

مەسیح ئاسا

کەچی ژن هەر زیندووە و

نامرێ و ڕۆژانە هەزاران

پاڵەوان دێنێتە ئەم دونیایەی

نێر سالاریەوە

دەیکوژن و دەیاندەنە دەستی

ڕاوچیە هەڵاتووەکان

لێمان گەڕێن و نەگەڕێن

بمان کوژن و نەمان کوژن

ئێوە بێ ژن نە ئەژین و

نەلەدایک ئەبن و نە ئەژین و نە

ئەبن

***

٢٠٢٥/٦/١٢



# سەمای سەرنج






فاتح یاسین مودەڕیس

ناخت پەنجەرەیە و..
هەموو بەیانییەک
بە هەناسەیەک دەیکەمەوە
تا لەو دیوی پەنجەرەکەوە
چاوم
بە هەر دوو تیشکی
خۆر و نیگای تۆ، بدرەوشێتەوە!
تا روح ئاسوودە بێ و
پڕبێت لە بۆنی تۆ
لە سۆزی تۆ
تۆ باخێکی سەوزی هەمیشە
بەهار
بۆنت دەدەی بە گوڵ
بە ڕەیحانە
بە شەوبۆ
بە من
شەوانەش
لەگەڵ تریفەی مانگا
دەبریسکێیەوە
لە بالکۆنەکەم
لە بەرامبەر کورسیە بە تاڵەکەت
بە دەم تێرامانێکی قوڵ
قاوەیەکی تاڵ
لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکان
لە
خەیاڵا دەتدوێنم!
***
چی دەبوو لە جیاتی قسە
ئەم بەیانییە لە باوەشتا بوومایە
ناخمان بۆ یەکتر

هەڵبڕشتایە!
چوون خۆشەویستیت
خەندەیەکە، دەینێری
گوڵێکە، دەیبەخشی
دەڵێن : خەندە و گوڵ ، بێدەنگن
بەڵام، پەیام بەخشن
رۆحت ئاوازێکە لە سرووە
لە نمەی باراندا سەما دەکا !
تا جوانیەکەت، زیاتر بڕازێنێتەوە
بۆیە من دێم و ..
پەنجەرە دامەخە
تا هەمیشە
لە ئێوارە پەمەییەکان و ..
شەوانی
تەنیایدا
لە بالکۆنەکەمەوە
بە دڵ .. سەیرتکەم و..
بە رۆح.. لە سەمای سەرنجتا
بتوێمەوە!
****

# دوگمە



سامان گەردی



١
کە قرتا
دوگمەی یەکەمی کراسی
دەستم خزی
سەر پەنجەکانم بەر زەوی کەوتن.

٢
کە ترازا
لە کراسی دوگمەی دووەم
زیاتر ڕۆچووم سەری زمانم گەست.

٣
کە یەکەم و دووەمم
لە دوگمەی کراسی بەجێهێشت
لە سێیەم، زمانم پشکوت.
بۆیە ئێستا...
کە قسە دەکەم وشەیەکم شیرە و
ئەوی دیم، مەمک.



# خانمە شیعرەکانی من
# حەزیان بەتێکەڵی نییە !!

ڕووزار ئەحمەد


ئەم تۆزو بایە والێی وەڕسین
ڕۆژێ دێ وەکو کوندە بیگێڕینەوە
پەنجەرەکان لەسەر گازەرای پشتیان
ڕابکشێن و
بۆ یەک هەناسە هەرچی
شوشە بەسنگیانەوەیە بیشکێنن
ئەو دەرگایانەی وائێستا شەوان
بیر لەمەحکەمدانیان دەکەینەوە
لەتەپانەوە خۆیان دەربهێنین و
چاومان بەدەرکەوتنی ئازیزێکەوە
دەرچێت
وەک (گۆدۆ)کەی "بیکت"
پاش مەرگی هاوڕێکەمان
بۆمان دەرکەوت
خۆشەویستی پیردەبێ
بەڵام هەرگیز نامرێ،
ڕۆژێک دێت بۆئەم تۆزو بایە
بەشەوانیش شەنەکانمان
لەژێرسەرمان دابنێین
تۆبڵێی کونەو کەندو
وەکو جاران پێکەنێ و
میوان هات
دەفرەکانی خۆشەویستی
خۆیان پێبگرن و
من دەزانم دوای ئەم تۆزو بایە
دایکمان جارێکی تر ناگەڕێتەوە
بۆلای کتلی و قۆریەکی سپی
ناخ زوخاڵ و
تورەبونەکانی باوکمان وەکوجاران
کەسمان لێکدانەوەی بۆناکەین و
ڕێگای دادو دادپەروەری
تابڵێی قەرەباڵغ دەبێت و
لەوانەیە بۆدابینکردنی
شوێنی عارەبانەیەک
لەسەر شەقامەکەی پشتەوەی
ماڵی شارەوانی
یەکساڵ دۆسێکەت بخەوێت!
لەشارەکانەوە
بۆنەختێک سەبوری
سەری خۆمان هەڵگرین و
بۆکوێرە دێیەک بگەڕێین
چاوی دڵمان بکاتەوە،
بەرزایی خلێسکانەکەی منداڵیمان
لێبکەن بەتاوەری چاودێری و
مخابن ئەو دارەی مامۆستاکەمان
بخرێتە مەزادەوەو
دکتۆرێک تێستەکەی تەرخانکا
بۆگەڕان بەدوای ئەو مامۆستایەی
فێری زمانی دایکی کردو
ئەندازیارێک جوانترین
نەخشەی بکاتە دیاری
بۆئەو خزمەتگوزارەی
بەیانیان کوپەی قوتابخانەکەی
پڕدەکرد لەئاوی زمزم"
بۆئەم تۆزوبایەی والێی وەڕسین
بگەڕێینەوە سەرەتا
وەکو"لەتیف هەڵمەت"
پرچی کەنیشکێکی گەرمیان
بکەین بەرەشماڵ و



بەتۆزو بای ئەمرۆ بڵێین
چیتر یاری بەهەستەکانی
کیژی ئەمشارە نەکاو
هەوڵدەین ئەو مێروانە ئاشتکەینەوە
واگشتمان قەڵاچۆی دەکەین
تالێمان دورکەونەوە،
هیچ نەبێ دوو داری لیمۆ
لەماڵەکانمانا بڕوێنین
وەک ئاماژەیەک
بۆخەمێکی زەرد!
دوو داری سێوی سەوز
وەک هاوارێک بۆ
"سەوزەڵێ خانم" و
وەفایەک
بۆگوڵە سورەکەی "گوران" و
هەڵمەتێک بۆئەو دڕکانەی
لەخۆیانەوە شەڕمان پێ دەفرۆشن!
ئەم خۆڵ و تۆزەی والێی وەڕسین
ڕۆژێ دێ نەوەکانمان
هێوریان بکەنەوەو
بیانکەن بەئەسپەشێ و بفڕن!
فڕین فڕینی باڵەکان نی یە
شیعر هەیە زیندانی کراوەو
کەچی فیکر بەفیکر دەفڕێ و
هەشە هەزاران باڵی بۆکراوەو
وەک قاز وایەو دەقیڕێنێ!
من شاعیربوایەم
لەبەردەم گشت ماڵێکدا
بیرێکی نالی م لێ دەدا
تاوەکو ئەوانەشی تێناگەن
ناڵەی شیعر بخۆنەوە!!

خانمە شیعرەکانی من
حەزیان بەتێکەڵی نی یە
ناتوانن وەکو نەردو بەردو زار
ببنە یاری دەستی دەستی و
گوڵی ژێر کڵاوێک و
مەزەندەی پیاوێک
تائێستا شیعری خانمێکی
نەخوێندۆتەوە،
حەزناکەن لەکۆمێنتی پیاوێکی
تەڕو وشکی ناو تۆڕەکان
کۆپی عەقڵێکی دووبارەو
شیعر کاتێ دەبێت بەخانم
هەرچی ڕیشۆڵەی شیعری پیاوە
خۆی دەداتە دەم تۆڕیەوە،
هەرچی ڕاوچی وشەیە
فیشەکەکانی کۆرە دەردەچن،
خانمێکە شیعر
لەناو دیوانی شیعرێکی لاوازدا
بۆی مەگەڕێ،
بڕوا بەو قەڵانە نەکەی
لەتەوافی ماڵی کۆتر دێنەوە!
بەو نەورەسانەی
فێری تەمبەڵی بوونە،
بەو سوێسکانەی جاران
ڕەنگ و ڕەقی تاوێرەکان و
ئێستا لەبنی دێوەخان دانیشتونە
باسی ساڵی کولەو کونەو کانی و
کەندوی
ماڵە ئاسکە نەما
تاڵانی نەکەن،
شیعر کاتێ دەبێ بەخانم
خەتمی هەستەکانی خۆی کردبێ
نەکەوێتە بۆسەو باس و
بۆپیاسەو پاسی ناو کوڕێکی
پۆلێشکراو شرینی خۆی نەخوێنێتەوە،
عەقڵ وەک هەویرێک وایە
جوان نەیشێلیت
نانی شیعرت بەتەنورەوە نانوسێ،
ئەو شیعرەی خانمێک
"هامیان"یەتی
بەناو زەردەسیرەی وشەدا تێپەڕێ
دەیکا بەماستی شیعر... !
***

# تەڕە شەوێک



**شلێر ئارۆشا**
**کوردستانی ڕۆژهەڵات/کامیاران**

---

لە سەر گۆڕی "بزە"دا
سێبەرەکەم جگەرە بە دەست
ڕەشبەڵەکی مردووان و
سەمای تاریکی هەڵئەکات

مژی یەکەم

لە تۆی دووکەڵی خەستی تەوساوی
مانگ ئەڕژێتە خوارەوە
نینۆکە درێژەکانی
مەمکبەندی دەردی دڕی و
لە تۆی سنگیدا
شەمشەمەکوێرەکانی ڕۆحی
هەڵفڕین...

مژی دووهەم
ڕووتی چاوێکە ئەڕوانێتەۆ
/من/
ڕووتیم ئەڕوانمە چاوی شەوێکی
ڕووت
کە لە نێو قەروێڵەی گەردووندا
لە  ژێر ڕەشماڵی هەناسەکان.. بیگ
بەنگ..

مژی سێهەم
هەموو ئەهریمەنەکانم بینیوە
دەستم بە هەموو ڕەشاییەکاندا
خشاندووە
لە ئەشکەوتەکانی زەینم،  سەرەڕۆم
لە نێو چاوەکانی مەرگدا
پەرچقاندووم
لە دەستی قاڵاوەکانی وەسوەسەی
ئەشقدا
مارەکانی کاسەسەرم کوڵ کردەوە..

لە مژی چوارەمدا
فوو ئەکەم بە گڕی گورگی چاوانت
دووکەڵی ڕووحت دامئەگرێ ..

ماری شەهوەت
لە ئامێزم ئەگرێت و
لە نێو گۆشاری پڕ لە چێژی
یادێک هەڵدەرشێنمەوە

دواهەمین مژ بە ناخدا
هەڵەنووشم و
قژە لوولەکانی زامم
بە شانەی دەستی باران
خاو ..
جگەرەش..چززززز
.
.
ئێستا لە بەرامبەری تۆدام...



# عەبای شین





بەکر ئاڵەیی/ ڕانیە

دێمە ژێر عەباکەتەوە،
تەنکترین کراس
کراسێکی شین لەبەردەکەم.
خۆم
لەڕوحی با ، دەخشێنم
لەبەربوونەوەی مەمکت کراسەکەم هەڵدەکەم
جلوەی لەرینەوەی ماچەکان دەخەمەکۆشمەوە.
دوومەمکەکەشت لەباوشم دەپارێزم
چەتری گەرمی مەمکت دەلێسمەوە.
دێمە، ژێرعەباکەت
مەقنەعەکەلادەدەم
لەوێ وێنەی ڕووتبوونەوەو
دڵی شکاوی خۆم دەدۆزمەوە
بێ ئەدەبی ناکەم
تەنها....
ماچێک جێدەهێڵم و دەڕۆمەوە.

# بەختەوەری



**جەمال حەمید**



ئای بەختەوەری!
نە لەخەونێکدا ئاوێزانت بووم
نە ئێوارەیەک، هاوخوانتبووم!
نە نیوەشەوێک، لە شەقامێکدا
ڕێکەوتم کردیت
نە تەنیا جارێک، بە لاتدا ڕەتبووم!

ئای بەختەوەری!
وەک ڕێبوارێکی، نائاشنا و نامۆ
بێ هیچ ئاورێک، بە ڕۆژی ڕووناک
بەبلەز ڕۆشتیت، بەبێ گفتوگۆ!
جارێک سەرتدام
بەشی عومرێکی هەتاهەتای
مەراقت پێ دام!

ئای بەختەوەری!
وەکوو نەیزەکێک
بە نێو ئاسمانی تاریکی دڵدا
چەند تیژ تێپەڕیت!
وەکوو شەونمی، سەر پەڕەی گوڵێک
وەکوو مرواری، چاوی دڵبەرێک
چەند زوو هەڵوەریت!

# سوپاس ئەی جوانترین ژنی ناو کتێبی خۆشەویستی





خالید کۆچەر

یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی
ڕۆژانی ڕابردوو
دوای تەمەنێکی پڕ لە غوربەت
ئاسوودەیەکتری پێبەخشییم
ئەمجارەشیان دەرگای
ڕۆحکێشانی لەسەر داخستم و
نەمردم
ڕێککەوتێکی چەندە سەیرە
ئەو گەڕەکەی منداڵیی خۆم
و هەرزەکاری و ڕۆژە
حەسرەتییەکانم تیا جێهێشتووە
یادە پڕ لە مەستبووەکانی خۆمی
لێدەبینم
دەبێت چەند ڕۆژێکی کورتم
مابێت لە تەمەنم
قەدەر بەم یادانەی ئاشنا کردمەوە

سوپاس ئەی جوانترین کتێبی یاد
سوپاس ئەی جواترین یادەوەری
گەڕەکی منداڵیی و هەرزەکارییم
سوپاس ئەی جوانترین ژنی
ئێستای پڕ لە خەونی پەمەییم
ئەوەی جێتهێشتبوو جارێکیتر لە
گەڕەکە دەیبینمەوە
تا
تەمەن
هەڵکشێ
ئەم
شەقامەو
ئەو
گەڕەکەم
هەر
خۆشدەوێت
منداڵیی خۆم و گەنجێتیم تیا
جێهشتووە
لە بەر خاتری چاوە پیرۆزەکانی
تۆ هەولێرم خۆشدەوێت

سڵاوت لێبێت " ئیسکان " ی پڕ
لە یاد
ڕۆژ باش و نیوەڕۆت باش و
ئێوارەت باش و دەمەو عەسرت
باش و
جوانە یادگارەکانی ناو پاسیی
شەست مەتری و
باخچەو شەقام و کۆچەو
کۆلانەکانی گەڕەکی " ئازادی " پڕ
لە ژوان و
یادو یادەوەرییت باش

کچ و کورانی گەڕەکی
خۆشەویستی دەمناسنەوە
من کۆچەرییەکەی نیشتیمانی
شیعرم و ئا لێرەدا کچێکم ناسی و
بوو بە خۆشەویستم
کچێک ، کچێک ، کچێکی جوان بە
کراسیی ئاوریشمی شیعر لەناو
هێلانەی دڵەکەمدا
هەموو ڕۆژێک سەمای دەکرد
گۆرانی دەگووت و بە شمشاڵێکی
حەزین و بە فرمێسکی چاوەکانی
چاوی دەبرییە چاوەکانم و
خۆشیدەویستم و بەلام چ
خۆشەویستنێک
لە خۆشەویستی هیچ کچێک

نەدەچوو
هەموو ڕۆژیک لە باوەشیی
دەگرتم و ماچی دەکردم و لە ناو
ترۆپکی جوانی ئەڤیندا
گوڵبارانی دەکردم بە چەپکە گوڵ
نا
بە خەندەو پێکەنیینی لێوەکانی
هەموو ڕۆژێک حەیرانی دەکردم
بە لآم ، چ حەیرانێک لە ناو
ڕەشبەڵەکی جوانادا مەست و
حەیران

ئەم هەولێرە پرە لە ئەڤین و ژوان
و یادەوەری تۆ
بۆ کێ دەرۆم سێبەری ژوانتی
لێجێماوە ئەی گیانی خۆم
پێمنەگووتی : ئەم عەشقە
پیرۆزەی تۆ هەورە تریشقەیەکە
دەشتایی دڵمی گرتۆتەوە
هەموو ڕۆژێک دایدەکاتە باران و
دڵمی پەنگدایتەوە لە گریان

لێتدەپارێمەوە پێش ئەوەی بمرم
با پیاسەیەکی کورت
بە گەرەکی منداڵیی و
هەرزەکاریمان بکەین
وەرە با سەردانی ئەو باخچەو
شەقام و کۆڵان و کۆنە ژوانانە
بکەین
یادەوەری من و تۆی لێجێماوە
پاسەکانی شەست مەتری لە
چاوەڕوانی هاتنی من و تۆیە
چەند جوانبوون ئەو دەمەو
عەسرانەی لەم پاس بۆ ئەو پاس
چەند یادەوەرییەکی جوانمان
جێدەهێشت و شانمان دەنا
بەشانی یەکتردا
باسیی ڕۆژانی تەنیایی و
غوربەتمان بۆ یەکتر دەکرد

پێمنەگووتی :
ئەو شەقامەی یادگاری من و
تۆی لێ تەواو نەبووە
دڵدارەکان ناویان لێناوە شەقامی
کۆچەرەکەو پەریزادەکەی
نیشتیمانی شیعر
لەم شەوە پر لە غوربەتە من
و گریان دەستمان ناوە لە ملی
یەکتر
من بۆ غەریبی خۆم دەگرییم
شیعریش بۆ خەمی عاشقان ،
ئەو عاشقانەی وەک خۆمان بۆ
یەکنەبوون

ئەی جوانترین دیمەنی ناو
ڕۆمانێکی تەواو نەبوو
عەشق تەمەنمی جوانکرد
عەشق تەمەنمی پیرکرد
عەشق قژو ڕدێنمی تەواو سپی
کرد

بۆ بێدەنگی : فنجانی دەستی کامە
ژنی سیحر بازبوو
پێیگوتی : خالید کۆچەر تۆی
خۆشناویت و تۆی لە یاد کردووە
تەنانەت لە ناو هێلی تەلەفۆنیش
لێم ناپرسیت
ئەوە منم لەم شەوە مەستەدا لە
تاو ئازاری دووری چاوەکانی تۆ
شێت دەبم
هەموو ڕۆژێک لە ناو نووقمی
یادگارە پیرۆزەکانت دەخنکێم
هیچت پێنالێم : گوناە دەکەییت ،
گوناهێکی یەکجار گەورە گەر لە
یادم بکەییت.



# سەرنجی تەمەن





سروە ساڵەیی

هێواش هێواش ڕێدەکەم
خەڵکی بە خاوخلیچکم ناوەزەند دەکەن
نازانن لە گیرفانەکانی دڵم ناوی تۆم دانایە
نامەوێ  ساتمە بکەم...
تێکڕای پیتەکانی ناوت وەک دەنکۆڵە
مرواریەکانی ملوانکەکەی گەردنت بپچڕێ ...
هەرکەس مشتێ لە ناوت ببا، دڵی
منیش لەحەژمەتا داخورپێ...

گوڵەکانی سەرکراسەکەت کە
باخچەهەڵواسراوەکانی بابلن
هەرکات تێدەپەڕی گەشتیارەکانی
ئەو دەڤەرە گەورە وبچوک،
سەریان بۆت هەڵدەبڕن...

بەیانیان هەتاو پرچی
گوڵەکانی ناو ئینجانەی ژوورەکەم،
دادەهێنێت.
ئەوانیش کراسیی کرێشەی زەرد،
قەدیفەی سوور لەبەریانە و
نەرمونیان باڵا دەکەن...

لەوەتی تۆم ناسییوە
هیچ گوڵێک ناقرتێنم ...
نەبۆ خۆشی ..نەبۆ کەسیشیان دەنێرم
دەترسم  یەکێک لەوانە تۆ بیت
دوایی چۆن ڕووم بێ لەخۆم بنۆڕم...

خۆشەویستم
هەرکە بیرتدەکەم مشتێ دانەوێڵە
بۆ پاساریە هەڵەپاچەکان ڕوودەکەم
ئەوانیش بە دەنووکە بچکۆلانەکانیان



سەرتاسەری گەڕەک پڕ لە جریوە
دەکەن،
کەخەوت دەزڕێ لەپەنجەرەوە
بۆ ڕاودوونانیان ،دەنگ هەڵدەبڕی
منیش هەم نیگات وهەم مۆسیقای
دەنگتە
پێکانی مەبەستم...

تۆ چرای لە شەوانی بێداریم
منیش پەپولەیەکی بێ فرِوفێڵ
بەدەورتدا
دەخولێمەوە
سەدجار ،باڵەکانم بسوتێن
بێهودایە و هەر دێمەوە...

تۆنەکانی دەنگت سەمفۆنیان،یا
نۆتەکانی شاکارێکی بتهۆڤنن ،یا
خوڕەی قەڵبەز وشەپۆلی دەریان
هەرکات بێدەنگی دەشکێنی ،دڵی
وشکی
بێ تۆیم دەپرژێ پەیتا،پەیتا
دەمروژێنی ...

تەنیا بەهاتنی تۆ وەرز وەردەگەڕێ
دەنا هەموو ڕۆژەکانم بەستەڵەکن و
خونچەی دڵم هەڵدەوەرێ...

وەک تابانی درەنگ کەوتوو،
کەم هەڵدێیت وزوو ون دەبیت
لەنێوان پەڵە هەورە سپیەکانی ئاسۆ
به شەرمەوە زەردهەڵدەگەڕێیت ...
لەناکاوا کەس پێ نەزان هێور ،هێور
ئاوا دەبیت...

---

خاوخلیچک*، سست، لەشگران :
کەمجووڵە لە کار و ڕۆیشتن

# شیعرو جوانی





ئەزوەر بەرچەم

ڕووت گرژ مەکە ئەی خوێن شیرین
گەر لە بەژنت ڕادەمینێم
دەمەوێت لە جیاتی نزا
شیعرت بەسەر بخوێنم

پەپوولەی ئارەزووی شیعرم
لەسەر گوڵی ڕووت نیشتووە
داخۆ جوانی ئەو چاوانەت
چەندی وەکو منی کوشتووە

دەمەوێت شیعرێکی ڕێکی
هێندەی باڵات بۆ هەڵبەستم
نە هۆشم هێندە بڕ دەکاو
نە قەڵەم و پەنجەی دەستم

تامەزرۆی دیدارت ناشکێ
بە هەرچی دنیای وشەی دنیایە
کوا بەهرەی من دێتە ئاستی
جوانی ئەو بەژن و باڵایە

تۆ لە هەڕەتی جوانییداو
من لە کۆتایی بێ هێزییم
گەر شیعرم ناگاتە جوانییت
تۆ بمبەخشە لە بێ ڕێزییم

هەستم بۆ باڵات هەڵدابوو
کەچی نەگەییە چاوەکانت
من لە کوێ و جوانی تۆ لە کوێ!
هەی فریام کەوێ ئامانت

# چواردە کورتە هەناسە



چنار عەلی

١
لێو ماندوو مەکە
وشە دەدرکێنێ
ماچ

٢
مەنزلی ئیرەییە
باوەش

٣
کەرو لالە
بەرگەی بارگرانی دەگرێ
سەریین !

٤
لە زیندانی جەستەدا
پەرۆشیی مردنە
ڕۆح !

٥
دەستێک لە ژێر چەناگەی
هەناسەی دووری هەڵدەکێشێ
هەستی تەنیایی !

٦
لە نەبوونی تۆدا
بە روو وەستاوم لە سەر
پەنجەکانی
دڵ !

٧
بریا
نزیکتر دەیباراندی
کات !

٨
شەرابی ئەوین دەنۆشم
لە پێکی لێوت !

٩
لە ژێر هەتاودا ونبووین
دەمانسووتێنێ
بێدەنگی !

١٠
پر لە خەمە
وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە
چاو !

١١
چ خاڵیین
لەمن
نیگاکانت

١٢
بریا
خەون بووایە دوورییت !

١٣
بۆ کێڵگەی خۆر
لە گیرفانی بەیانی دێتە دەرێ
پەپوولە !

١٤
وەک چاڵێکی زەوی
گڕی گرتووە
بێدەنگی !


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# شەوق و نووری دڵنەوایی



ڕێدار سابیر

لەوەتەی هەم
من هەر خەیاڵم لێدەڕژێت
ئەویش قاقا
بە خەیاڵەکانما پێدەکەنێت
منیش هەمیشە بەدەم هەواڵەکانی ئەودا
هەر چاوەڕوانییم لێدەتکێت
هەور لە ئاسماندا پیاسە دەکات
دەریا دەست دەخاتە ملی کەنار
منیش دەبمە تاڤگەی دەستی
پڕ دەبم لە عەترو مسکی خۆشەویستی
دەڵێم: شکور بۆ خوا چیتر
ڕەهێڵەی تەنیایی دا ناکات
دەستی نەرمی شیعرم
سڵاو لە مەقام و قامەتی یار دەکات
کاتژمێری هەژان
لەگەڵ خۆیدا لوولم دەدات
یادگەم پیر دەبێ
لە بۆنی خۆشی ئەو
دەڵێم: چ مەملەکەتێکی گەورەیە
بێدەنگی شەو
کاتێ دەنگی ئەو دەبیستم
من لە ناخەوە مەست دەبم
نیگام پڕ دەبێ لە لەنجەی خەیاڵ
بەرەو ئەو دیو مەحاڵ دەچم
ئەو دەبێتە گوڵاڵە سوورەی قەسیدەو
شەوق و نووری خودایی
ئەوەندە دڵخۆشم دەکات
پڕم دەکات لە تریقەو
لە پێکەنینی شەیدایی

# گوڵم
## کێ دڵی شکاندوی؟!



دڵشاد میراودەلی



گەر لوتکەی بلندی چیای
هەور قەدو باڵای گرتووی
گەر بنارو لانزاری
بەفر پێڵووی چاوی پێداخستووی

دەبم بەشەماڵ
گەواڵە هەوران تەی دەکەم
دەبم بەهەتاو
رنووە بەفران گەرم دەکەم

ئەمشەو کێ خەوی زڕاندووی
کێ پەیامی خەمی بۆ ناردووی
گوڵم کێ دڵی شکاندووی

گەر باران هەواڵت ناپرسێ
مانگ رۆشنایی نابەخشێتە سۆمات
ئەستێرە تریفە ناپرژێننە نیگات
ئێواران
شەماڵ هاورێیەتییت ناکا

درەخت بۆت پیناکەنێ
کۆلکە زیرینە، کەمەربەندت
لە رەنگەکانی سروشت بۆ چی ناکا

تا...
مایکل ئەنجیلۆ راسپێرم
کەڤالی بالات بکێشێ
بیتهۆڤن سەمفۆنیای ژیانت بۆ بچڕێ
خەیاڵ ماکیاژت بۆ بکا
شیعر پەنجەکانت لە خەنە بگرێ

وەکو............. د ڵ ش ا د

شەوگار لەئامێزیا بتخەوێنێ

ئەمشەو کێ خەوی زڕاندووی
کێ؟ پەیامی خەمی بۆ ناردووی
گوڵم کێ دڵ شکاندووی.

# ئەفسانەکان دێن





بەرزان عەلی مەجید

له نێو تەموو مژی ئەفسانەکاندا
له دایک بووم
چیرۆکی ئەفسانەکان چەشنی
ژەهر بە نێو ڕۆحماندا
گوزەریان کرد.
ئەفسانەکان مرۆڤییان فێری
بێدەنگی کرد
بەدبەختی ئەفسانەکان باش
دەناسم.
ئاخر ڕۆژگارێک لە کوتلەی
ئەوان بووم.
خۆشم دەوێت کاتێک تورە
دەبێت
چەشنی جەنەراڵێکی سەربازی
ئەو نەبێت کونی کۆئەندامی
زەوی گەورە نابێت و
ناڕژێتە سەر دڵی زەوی.
سەمای باران زۆر جوانە،
کاتێک بە یەک ڕیتم چەشنی
ئۆرکسترا وەک شیعر دێتە
خوارەوە.
پێویستم بە دڵدانەوەیەکی قووڵە
کەچی کەس بۆی نەکردم!
ناچارم بچمەوە نێو دڵی خۆم
لە کۆتایی تەنیایی ناترسم
ئەوەی لێی دەترسم ژاوەژاوی
مرۆڤی نێو چیرۆکی
ئەفسانەکانە.
مرۆڤی نێو ئەفسانەکان لە نێو
ژیاندا مردن.
ئەفسانەکان چەند جوان مرۆڤیان
فێری کۆیلایەتی کرد
بەبێ خەرجکردنی پارە!
مرۆڤ بۆ شاردنەوەی ترس
وتەنیایی خۆی، حیکایەتی
ئەفسانەکانی بە خەیاڵ
نووسییەوە
چیرۆکەکانی چەند جوان
ئەفسانەکان بە زیندووی
دەهێڵنەوە!
ئەوان نەبن بەشی مانگێک
بێتاقەتی ناکەن.
پیاوی نێو ئەفسانەکان
بازرگانێکی سەردەمی مۆدێرنەن
کاتێک بە ڕیش ڕێکلام بۆ
کاڵاکانیان دەکەن.
ئەو ساتانەی بیر دەکەمەوە لە
درۆی ئەفسانەکان،
شەق لە هەموو شت هەڵدەدەم
خۆم نەبێت.
خۆزگە هەرگیز بیرم
نەدەکردەوە
ئەوکات وەک گەمژەیەک نانی
چێژی ئەفسانەم دەخوارد



بیرکردنەوە تەنێکی قورسە لە نێو
کەلەسەرمدا ڕاکشاوە
دەزانم زۆرێک بە ژیانم پێدەکەنن
بێئاگا لەوەی ژیانم نەبووە!
یاخیم، بتی چیرۆکی نێو
ئەفسانەکان دەشکێنم،
بەو وشانەی چەشنی پاڵەوان
خۆیان نیشان دەدەن.
دڵم بۆ ئەو منداڵانە دەسوتێت کە
لە نیشتیمانی ئەفسانەکاندا شوێنێک
شک نابەن بۆ یاریکردن
لە نێو چیرۆکی ئەفسانەکاندا
ئەوەی مرۆڤ دروست دەکات
دواجار خۆی دەبێتەوە بە نیو
مرۆڤ!
ئەوەی نیگەرانم دەکات بوونی
ئەفسانەکان نییە،
بەڵکو بوونی ئەو نیو مرۆڤانەیە کە
تابووتی ئەفسانەیان خستۆتە سەر
شانیان
وەک پادشایەک دەیانپەرستن.
ئەفسانەکان بەر لە هاتنیان تۆیان
فێری کوشتن و دوژمنیایەتی کرد.
تۆ بەر لە چوونە دۆزەخ لێرە
دۆزەخیان نیشاندایت
خۆیان وەک پاڵەوانی نێو
چیرۆکەکان لە نێو بەهەشتدا
دەژین
ئەوەی ناژی ئەوانەن کە بە خەیاڵ
دەچنە نێو ژیانەوە.
دڵم بۆ ئەو مرۆڤانە دەسوتێت
کە ڕۆژانە دەکوژرێن بە هۆی
حیکایەتی ئەفسانەکان
سەرکردەیەکی ئەفسانەکان شک
نابەم کە بێ جادوو،
خوێنڕشتن، حەزەکانیان ژیانیان
بەڕێکردبێت.
ئەم جەنگە تا یەک ملیۆن ساڵی
دیکەش بەردەوامی دەبێت و
مرۆڤی تێدا دەکوژرێت
لەوە دڵنیام جەنگی بیابانی
ئەفسانەکان و ڕۆبۆت بەڕێوەیە.
ئەم جەنگە مرۆڤ ناکوژێت بەڵکو
بیرکردنەوەی نێو ئەفسانەکان
دەکوژێت.
من پێتان دەڵێم قیامەت بەرپا
نابێت.

# شەوی سەری ساڵ




سۆما قەرەداخی

ئەمشەو، بەخەم دەڵێم ؛
ئیرەییم پێ مەبە، نەمن و نە
تۆ
دەس لە یەکدی هەڵناگرین،
ساڵ دێ و دەچێ
زۆرشتمان لەبیر دەباتەوە،
بەڵام مەحاڵە خەمی بێ تۆیی
من کاڵ بکاتەوە.
هەندێ وتو وێژی نێوانمانم
لە پریاسکەیەکدا گرێداوە
ئەمشەو ئەو گرێیە دەترازێنم
بە یادەوەریە شیرینەکانت
تاڵاوی
تەنیایی شەوی سەری ساڵی
پێ شیرین دەکەم و
دڵی خۆمی پێ دەدەمەوە،
تاو و تویێ بێ تۆیی و
سەختیەکانی ژیانمت بۆ بەیان
دەکەم.
بەدەم هەنسکەوە پەیامێکت
بۆ دەنووسم:
دەڵێم خۆشم دەوێیت،
ئەمشەو لە هەموو شەوێ
زیاتر
ئەوگارتم
بیرت دەکەم بەشێوەیەک
یادەوەریەکانت هەڵم
ئەکزێنێت.
هەرچەند دەزانم پەیامەکەم
وەک هەمیشە
نە دەگاتە لات و نە وەڵامی
دەبێت!
*
٢٠٢٥/١٢/١٢
لەندەن



# ئەو پیاوەی
# لە دەمارەکانمدا دەژیەت!



نەسرین تەنیا

تۆ،
تەنیا پیاوێکی خۆشم ویستی
بوونت،
هەر چەندە دوور…
ئارامیم پێ دەبەخشێ
چیرۆکی ئەشقی
نەبڕاوەت
وەک ماسیەکی سەرخۆش
لە دەریای خەیاڵدانمدا
دەست لە ملانی
شەپۆلە سەر شێتەکان
سەما دەکا
لۆچی تەمەن و
کزی چاوەکانم و
بێ هێزی دەست و پێکانم
ناتوانن هێشوی ئومێدم
وشک بکەن
ئاسۆی ڕوانینم فراوانە
تیشکی ئاگری جەستەم
کوڵمەکانم دەگەشێنێتەوە
بە جەستە لێم دووریت
بەڵام بە ڕۆح لە گەڵمدایت و
لە دەمارەکانمدا دەژییەیت.
هەر کات ژانی لە دایک بوونی
شیعرێکی خۆشەویستی
هەدارم دەبڕێ
لە سەفەری خەیاڵمدا
هەست بە گەرمی هەناسەت و
لێوەکانت دەکەم
وەک ئەوەی
لە بەرانبەرمدا ڕاوەستابی.
لە گەڵ نووسینی هەر دێڕێکدا
زیاتر لێت نزیک دەبمەوە
دڵم خێراتر لێدەدا
بە پەلە و
خێرا و
خێراتر.
بە شێوەیەک ڕۆحم
ئاوێتەی ڕۆحت دەبێ
کە سەر لە سەر سنگت
خۆم لە ئامێزت دا دەبینم
هەر وەک یەکەم جار
نوقمی ئەوینت دەبم و
بۆ ماوەیەکی دوور
تەنیا ڕوخساری تۆ دەبینم
هەر ئەو هەستەیە یارمەتی داوم
دوور لە باڵا و دیتنی چاوەکانت
بژیم و
دەرگەی دڵە کڵوم دراوەکەم
بە شاکلیلی هیچ پاشا و
جوان چاکێک نەکرێتەوە.

# گەڕانـەوەیەك
# بۆ ژوانی شیـعری کـلاسیك

# گیانبازی



ک.د.ئازاد/ بانە

بەرەو کوێستانی ئاواتم ئەگەر دێم
ئەگەر هەوراز و هەڵدێریش بێ هەر دێم

کوڕئازای کوردم و ناترسم هەرگیز
ئەگەرکوو دەست وپێم ببڕن، بە سەر دێم

لە هەر وەرزێ وەکو داری هومێدم
خەزانیش بێ، چرۆ دەگرم، وەبەر دێم

ڕەقیب، نازانێ بەم عەشق و ئەوینە
بە سەر دێم، بێ تەتەر دێم، بێخەبەر دێم

برۆی شمشیر، نگای تیرە کچی کورد
لە مەیدانی ئەوین دا، بێ سپەر دێم

سیاسەت، فێڵە خۆ لەم کوردە دەکرێ
لەمەولا خۆم، لە چارەی خۆم وەگەر دێم


خەیانەت گەر چی ڕیشەی داکوتاوە
بە یەکڕیزی لە فێڵ و مەکری دەر دێم

شەوی تاریکی ئێمە، درزی برد و
گەلۆ مژدە، وەکوو خۆری سەحەر دێم

بە شێعرم هەر وەکوو باران دەبارم
لە ماکۆ تاکو کۆ، تا ئاوییەر دێم

لە بانە تا بە هەولێر، تا مەهاباد
لە ئیلام تا شنۆ دور لە کەسەر دێم

قەڵای عەشقم، لە ڕووخان نایە هەرگیز
وەکوو ئازادی، بێ خۆف و خەتەر دێم





عومەر محەمەد ساڵح

# مۆری ڕاز



چاوەکانت مۆری ڕازی خاتوزینی پێوەیە
زوڵفەکانت تاری سازی سەد شیرینی پێوەیە
تفت و سوێریش بێ بە دەمتا کامی دڵ شیرینەکا
چونکە لێوت شیلەنازی هەنگەوینی پێوەیە
دڵ دەبرژێنێ بە جارێ گێژەنی پرچت دەڵێی
بای سەبونی بێ مەجازی ئاگرینی پێوەیە
گوێ بدە زەنگی دەروونم گوڵنگین و پڕ نەوا
ئاهـ و نالەی غەمنەوازی گەرمەشینی پێوەیە
بێ تەماشاکە قەواڵەی سینەیی جنراوی من
چل تورەی مومتازی شازی دڵنشینی پێوەیە
لاپەڕەی بەختم بە خوێن سوور هەڵگەڕا و ناچێتەوە
چون تکەی میقرازی گازی ماتەمینی پێوەیە
هەڵخزا نیگام لە سەر کولمی گەشی چون گوڵجەمین
سەر گلێنەی چاوی بازی دەفعی دینی پێوەیە

❊❊❊❊



# من و تـۆ



بەرهەم دەلۆ

هـەر منم دڵسۆزی خاک و قەومی میحنەتباری کورد
هـەر منم هـەردەم ئـەنالم بو حـەقی حـەقخواری  کورد
هـەر ئـە تۆی بێ باک لـە میللـەت وە ک هـە تیووی هـیچنـەدیوو
هـەر منم تیر لێدراوی دۆژمـن و ئـە غیاری کورد
هـەر ئـە تۆی چـە شنی زوحاکی باعیسی خوێن رشتنی
هـەر منم پێشمە رگە ئاسا عـە شق و فیداکاری کورد
هـەر ئـە تۆی شاهێن و باز بۆ خواردنی لاوی وە تە ن
هـەر منم بولبولی باغ و چیمـە ن و گوڵزاری کورد
هـەر ئـە تۆی بو کوردی نـە گبە ت بووی بـە ئـە سبابی عیللـەت
هـەر منم دەرمانی دە ردی بێ دە وا و بیماری کورد
هـەر ئـەتۆی وییرانکە ری بۆ بـە زمی عـە یش و عوشرە تم
هـەر منم عازف کـە مانچـە و عوود و ساز و تاری کورد
هـەرئـەتۆی دە مکوتکە ری شێخ و مـە لا و سوفی و مورید
هـەرمنم (بـەرهەم) لـە حوجرە ی زاهیدی دینداری کورد

❊❊❊


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ڕەشبەڵەکی خاڵان



قەلەندەر سەردەشتی



وەی ڕەشبەڵەکی خاڵە لە سەر تەختی گتەی یار
هەر خاڵە لە بان خاڵ و لە بەر نازی بـزەی یار
کۆتر کە دەلەنگێ چ هونەر کارە لە شێوەی؟
ڕۆیینی بە لەنگان و سەما و سازی گمەی یار !
گەر بێتەوە قوربانی دەکەم ڕۆح و دڵ و گیان
بەو خاڵ و خەت و کوڵمەیە، بەو تارە قژەی یار
گەر ئیزنی لە سەر بێ لە پەڕی دڵ وەگەڕی خەم
وێنەی بە دەمار و مەچەک و شان و وزەی یار
ئەی شاخی بە ئەستەم کە پەنات گرتووە، سەر شێت
بۆ دات نەنەواند سەر، بە هەوای ئەشق و وشەی یار
شانەی کە دی زوڵفی شەوەزەنگی وەسەما هات
داپۆشی ملی تا کەمەری نەمدی گزەی یار
سروەی سەحەرێ هات و کە دای لەو سەر و بسکە
پێموایە نەسیم بوو لە پەنای زوڵفی شنەی یار

***



# مەئموری مەرگ




مامز ساڵح هەرکی

ئـەو کەسەی دەردی لـەگـەڵ ئەم ڕۆحەما سەودا دەکا
موددەعی و مەئموری مەرگەو دێ و سەری هەم  وا دەکا
کـۆڵـەکـەی ئەولادی دڵ هەر مایلی لـای دەوری ڕوو
هەلهەلـەی ئـاهـم هەواری عـالـەمێ ئـاوا دەکا
مـوڵـکی کوڵمی وا مەحاڵە سەروەری کەی مەحرەمم
مـاهەکـەم سـروەی سروری لـای گـەدا  داوا دەکا
هەم هەمەی مەسروری کـۆڕی مەردمـی گڕ  هەڵگەڕاو
وا دوو سـەد  سـاڵـەی  کڵاوی واری دوور ماوا  دەکا
مەرهەمی سووری دو کۆڵمی ئەو دەمەی دێ هەر دەمێ
کـەی موداواو گـەردی ڕەحمی ماڵـی دڵ واڵا  دەکا
دوور لـە ئـەو عومری دڵم وەک گوڵ کەماڵی مردووە
کێ وەکـوو دڵ گۆ مودارای  کوودەکی سـاوا  دەکا
هەر لە دەوری مەحرەمی مەحو و مەلوول ئەم "ئاهوو"ە
کـەی مـەلائـک سەر دەمی عەوداڵی وا دوو هـا دەکا

١٣/٢/٢٠٢١

تێبینی : چونکە ئەم غەزەلە هیچ نۆقتەیەکی تێدا نیە بۆیە ، لە جیاتی "مامز" وشەی "ئاهوو"م بەکار هێناوە کە لە زمانی فارسیدا هەر بە مانای "مامز" دێت

# ئیلاهی



گوڵاڵە پێنجوێنی



ڕۆحم کەوتۆتە ڕێگا،بۆ حزورت ئەی سەروەرم
مەرحەمەتی تۆ نەبێ ، کەسێکی بێ باڵ و پەڕم
باڵم لێکداوە بەرەو لات، باڵندەکەی ڕۆحم دەڵێ
گەر قبوڵم کات ئیلاهی، عەبدێکی بەدو بەد فەڕم
هەمیشە لە خەیاڵمایە، بگەمەدەرگای خودای حەق
تا بۆنەکەت بگاتە لام، چوون شەیدای بۆنی عەنبەرم
لە سایەی سێبەری ڕەحمت، چاوەڕوانی حەشر دەکەم
من کزو کوێرو فەقیرم، ناشارەزای ڕێی مەحشەرم
دەخیلە خالقی ئەعزەم، لوتفێ سەیری ئەعمالم کە
تەنیا خراپیم مەبینە ، گشتیی ڕەش نیە دەفتەرم
جگە لە زاتت ئیلاهی، نیە هانامی بۆ بەرم
چاوەڕێی بەزەیی تۆیە، چاوانی هەمیشە تەڕم
واقوڕگیشم وشکە لە تاو، عەزابی ڕۆژی سزادا
موستەحەقی ڕەحمی خۆت و، دلۆپێ ئاوی کەوسەرم
***

# حاڵی بێ حاڵ



غالب حەساری

ڕۆژگارێکە لە حاڵێ بێ حاڵ دەژین
ڕاستگۆ کپ و متن وەکو لاڵ دەژین
سەدان مەلاو سەیدو شێخی درزمان دی
بە درۆو گزی و بە فڕو فێڵ و فاڵ دەژین
زۆر بەرپرسی نابەرپرس و سوکمان دی
لەسەر ڕەشوەو خاوە و جۆرێ سواڵ دەژین
زەنگینم دی زۆر هەژار بون لە ڕەوشت
گیرفان پڕن وەک مێشک بەتاڵ دەژین
بۆ گەیشتنی ئامانجی ژین هەوڵی دەوێ
وای لەوانەی هەردەم بە خەیاڵ دەژین
تەمەن ، گۆچانی وا پشتی چەماندین
ئەژنۆ لەرزۆک وا دەست بە گۆپاڵ دەژین
توایەوە شەکری تەمەن شیرینی نەکرد
وەک قاوەی تاڵ لە ژینێکی تاڵ دەژین
شالووری بێ فڕین و باخ و ئاسمان
بەندی تەلبەندین وەکو بێ باڵ دەژین
هەڵۆی بەرزەفڕ لە باڵ کەوتو حاڵ شڕ
بە فیز و ناز قەلەڕەش و داڵ دەژین
شکۆمەندی و بەها شکۆی شکاوە
لە سای هیچ وپوچ هەتیووتواڵ دەژین
داناو زاناو و مەرد زەلیلی دەست سپڵەن
بە دەست نامەرد ئاڵۆزو جەنجاڵ دەژین
ویژدان مردوو لە پێش مەرگی مردوە
ڕیسوان ئەوەی بە سەر هەژار زاڵ دەژین


ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# فەرامۆشکردنی کێشی بڕگەیی و زاڵکردنی کێشی عرووزی عەرەبی لە شیعری کوردیدا، بۆچی و دەرەنجامەکانی نالی وەک پێشەنگ



ئازا حەسیب قەرەداخی


* کێشی ڕەسەنی شیعری کوردی، کێشی بڕگەییە

شیعری کوردی خاوەنی کێشی تایبەت بە خۆییەتی کە "کێشی بڕگەیی" یان "هێجایی"یە، کە پێشی دەوترێ کێشی پەنجەیی چونکە بڕگەکان دەتوانرێ بە پەنجە ئەژمار بکرێن. ئەم کێشە، لەسەر بنەمای ژمارەی بڕگەکانی هەر نیوەدێڕێک یان دێڕێک دامەزراوە. واتە، گرنگ نییە بڕگەکان کورت بن یان درێژ، بەڵکوو تەنیا ژمارەیانە کە کێش دیاری دەکات. لە بەرانبەردا، عەرووز سیستەمێکی کێشی ئاڵۆزە، کە لەسەر بنەمای ژمارە و چۆنیەتی بڕگەکان (کورت یان درێژ) دامەزراوە. لە عەرووزدا، بڕگەکان بە "وەتەد" و "سەبەب" و چەند پێکهاتەیەکی تر پۆلێن دەکرێن و بە یەکەوە "تەفعیلات" (کێشەکان) پێکدەهێنن، وەک (فاعیلاتن، مفاعیلن، مستفعلن و هتد). لە کێشی بڕگەییدا، هەر نیوەدێڕێک یان دێڕێک ژمارەیەکی دیاریکراوی بڕگەی هەیە. بۆ نموونە، لە بەشێکی زۆری شێوەزاری کرمانجی خوارووودا (سۆرانی)، زۆرجار کێشی ٧ بڕگەیی یان ١٠ بڕگەیی باو بووە، کە لە شیعری لیریکی(گۆرانی چڕین)ی فۆلکلۆریدا زۆرتر دەبیستین بە تایبەتی کە دابەشی دوو نیوە بڕگەی ٥یە. بە پێچەوانەی عەرووزەوە کە بڕگەکان دەکرێنە "وەتەد" (بڕگەی کورت و درێژ) و "وەتەد" (بڕگەی درێژ) و "سەبەب" (دوو بڕگەی کورت)، لە کێشی بڕگەییدا هەموو بڕگەیەک وەک یەک سەیر دەکرێت. لە کاتێکدا کێشی عرووز، ئاڵۆز و قورسە و هەڵەکردن تێیدا زۆر واریدە، کێشی بڕگەیی، سروشتی و خۆڕسکانەیە و زۆر لە ڕیتمی قسەکردنی ئاسایی نزیکە، بۆیە فێربوون و بەکاربردنی ئاسانترە. زۆربەی بەیت و باوەڕ و حەیران و چوارینەکانی کوردی، هەروەها شیعری شاعیرانی وەک فەقێ تەیران، خانای قوبادی و ئەحمەدی خانی و چەندانی تر، لەسەر ئەم کێشە دامەزراون. مێژووی کێشی بڕگەیی، لە شیعری کوردیدا بۆ قۆناغێکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، زۆر پێش ئەوەی شیعری نووسراوی کوردی بە شێوەیەکی فەرمی دەست پێبکات. ئەم کێشە، بە کێشی ڕەسەن

و دێرینی شیعری کوردی دادەنرێت و ڕەگ و ڕیشەی لە زمانی کوردیدا داکوتاوە. بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین مێژووی کێشی بڕگەیی لە شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١- قۆناغی زارەکی و فۆلکلۆر (پێش چەندین سەدە):
پێش ئەوەی کورد خاوەنی ئەدەبێکی نووسراوی ڕێک و پێک بێت، شیعر و گۆرانی و داستان و بەیتەکان بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراونەتەوە. زۆربەی ئەم بەرهەمە زارەکییانە لەسەر کێشی بڕگەیی بوون. بەیت و باوەڕ و حەیران: ئەم ژانرانە کە بەشێکی دانەبڕاون لە فۆلکلۆری کوردی، بە پلەی یەکەم لەسەر کێشی بڕگەیی دامەزراون. بۆ نموونە، حەیرانەکان زۆرجار بە کێشی ٧ یان ٨ یان ١٠ بڕگەیی دەگوترێن. لاوک و هۆرە و گۆرانییە کۆنەکان، هەروەها جۆرەکانی تری گۆرانی و ئاوازی کوردی، هەر لە کۆنەوە پابەندی کێشی بڕگەیی بوون.

٢- شیعری کلاسیکی سەرەتا (سەدەی ١٦ و ١٧):
کاتێک شیعری نووسراوی کوردی بە دیاریکراوی لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا سەری هەڵدا، زۆربەی شاعیرە پێشەنگەکان کێشی بڕگەییان بەکار هێناوە. بۆ نموونە. فەقێی تەیران (نزیکەی ١٥٩٠-١٦٦٠): یەکێکە لە شاعیرە هەرە گەورەکانی کرمانجی سەروو و بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعری کوردی دادەنرێت. زۆربەی شیعرەکانی لەسەر کێشی بڕگەیی نووسراون، وەک "شێخ سەنان" و "هەفت مەعری فەقێی تەیران". ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧): شاعیر و فەیلەسوفی گەورەی کورد و خاوەنی شاکارەکەی "مەم و زین". خانیش هەرچەندە تا ڕادەیەک کاریگەریی شیعری فارسی لەسەر بووە، بەڵام بەشێکی زۆری شیعری مەم و زین و بەرهەمەکانی تری لێوان لێو کردووە بە وشە و دەستەواژەی کوردی و بە کێشی بڕگەیی نووسیوە. شاعیرانی سەدەی ١٨ و ١٩ لە کرمانجی سەروو، تا هاتنی سەردەمی کاریگەریی قوتابخانەی بابان، زۆربەی شاعیرانی کرمانجی سەروو هەر لەسەر کێشی




بڕگەیی بەردەوام بوون.

٣- شیعری کلاسیکیی کرمانجی خواروو (سۆرانی) پێش نالی:
هەرچەندە ژمارەی بەرهەمی نووسراو لە کرمانجی خواروودا لە سەدەکانی پێش نالی کەمترە، بەڵام ئەو شیعر و دەقە ئایینی و ئەدەبییانەی هەبوون، زۆربەیان لەسەر کێشی بڕگەیی بوون. بۆ نموونە: مەلا پەرێشان (سەدەی ١٤/١٥): هەندێک پێیان وایە کە ئەم شاعیرە پێشەنگە، شیعری بە کێشی بڕگەیی نووسیوە. شێخ ڕەزای تاڵەبانی (لە قۆناغی سەرەتایی ژیانیدا): هەرچەندە شێخ ڕەزا یەکێکە لە گەورە شاعیرانی عەرووز، بەڵام لە هەندێک شیعری سەرەتایی و فۆلکلۆریدا کاریگەریی

کێشـی بڕگەیـی پێـوە دیـارە. مەولـەوی، ناسـراو بـە مەولـەوی تاوگـۆزی، یەکێکـە لـە دیارتریـن شـاعیرانی شـیعری بڕگەیـی لـە ئەدەبـی کوردیـدا. ئـەو بـە دامەزرێنـەری ڕێچکەیەکـی نـوێ لـە شـیعری بڕگەیـی کـوردی دادەنرێـت کـە تێیـدا هەوڵـی داوە کێـش و سـەروا و شـێوازێکی تایبـەت بـە خـۆی دروسـت بکات. شیعرگەلێکی ئایینیی سۆفیگەرانە و لاواندنـەوەی بـۆ عەنبـەر خاتـوون نووسـیون کـە تاکـو ئێسـتاش وەک دەقـی زینـدوو وێـردی سـەر زاری خەڵکن. شـایانی باسـە کـە مەولـەوی لەگـەڵ نالـی، هاوچـەرخ بوونـە و لـە یـەک سـەردەمدا ژیـاون، بـەڵام نەکەوتووەتـە ژێـر کاریگەریـی قوتابخانـە عەرووزییەکـەی ئـەو کاتـە و بـە پێشـەنگی پاراسـتن و مانـەوە و پەرەپێـدەری کێشـی بڕگەیـی دادەنرێـت.



لـە کۆنـدا، زمانـی کـوردی کـە زمانـی گەلێکـی زاگرۆسـییە، سروشـتیی شیعری کوردی وەک سروشـتی زمانەکەی بووە. واتـە، دەتوانیـن بڵێیـن مێـژووی کێشـی بڕگەیـی لـە شـیعری کوردیدا، بـە قـەد مێـژووی بوونـی شـیعری کـوردی و زمانـی کوردی دەچێتـە دواوە و ڕیشـەی لـە قووڵاییەکانی مێژووی کولتوور و کەلەپووری زارەکـی و نەنووسـراو و نووسـراوی کـورددا هەیـە. بەرچاوتریـن بەڵگـەش کتێبـی ئاڤێسـتایە کـە گاتاکانـی ئاڤێسـتا بـە کێشـی بڕگەیـی نووسـراون. ئاڤێسـتا، بـە تایبەتـی گاتـاکان کـە بـە کۆنتریـن بەشـی دادەنرێـن و دەگەڕێنـەوە بـۆ سـەردەمی زەردەشـت خـۆی (نزیکـەی ١٠٠٠- ١٥٠٠ پێـش زاییـن)، لەسـەر بنەمـای ژمـارەی بڕگەکان لـە هـەر دێڕێکـدا دامـەزراون.

تایبەتمەندیـی کێشـی گاتـاکان:

* ژمـارەی بڕگـە: گاتـاکان لەسـەر کێشـی بڕگەیـی دامـەزراون کـە ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە بڕگـە لـە هـەر دێڕێکدا بـەکار دەهێنرێت.

# شیعری وەرگێڕدراو

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# دیار نەبوونی ڕاستی

بەشیرە دەروێش
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: بورهان بەرزنجی

لە کەنارێکی نەناسراودا
بڕوانە ئاوێنەی ڕووبارێکی مەنگ
سەدانێکە
دەم و چاوی گەشم وەکو قاپێکی
زیوین دەبینم
بەدەورووبەریشیدا هەزاران
دەمامک
دێنە سەرەوە و
یەک بەدوای یەکدا
بەر دەبنەوە خوارێ
منیش واقم وڕماوە
وەک ئەوەی لە وڵاتی کوێراندا
بژیم
هەزارەها پرسیار دێنە زەینم
هەرچەندە من بۆنی بەرامەی
زەعفەران دەکەم

ئەوەی تێکەڵ بە مێخەک و
شنەبایە
چۆن بریقەی ڕاستی نابینم؟
چۆن دەربەستی ئەو ستەمەی
دەورووبەرم نابم؟
نازانم چی لە کەلەبەرەکاندا
دەگوزەرێ؟
گیانم لە ئاواندا دەخنکێنم
جەستەی بە ئازارم دەبەم بۆ
دەڤەرێکی دوور
خۆم ناناسمەوە
پەنجە خەناوییەکانم درێژ دەکەم
بە نوێژی نیوەڕۆ ئەستێران
دەچنمەوە
دوای بزربوون لە ناوەڕاستی
تەمتوومماندا

بۆ ساڵانێکی زۆر
خەڵکانێکی بە بێ دەنگ
خەونەکانیان لە تاریکیدا
دەشارنەوە
لەنێو جەرگەی بێ دەنگی و،
ترسێکی بێ شومار

قامیشلۆ ٢٠٢٥

# پاییز



شیعری: تارا ئیبۆ
وەرگێڕانی: أ. کاروان ئەحمەد

بەخەمەوە هەڵوەرین و
کەوتنە گریان
درەختەکان ڕووت بوونەوە
هەموو شتێک زەرد چوویەوە
دیوارەکان ڕەش هەڵگەڕان
ڕۆح خەوت
لەهەموو جێگایەک
بەدوات دا دەگەڕێم
ناوتم لە تۆماری
سەردانی کەران
وون کردووە
چیرۆکی خۆشەویستی
زیندوو دەمێنێتەوە
ئەگەرچی پاڵەوانەکانی ڕۆشتن
ئێسقانەکانیان لەژێر خۆڵ جێما
لەیادەوەری نەوەی ئێستادا
ترس
پەیکەرێک لەجەستەمان دادەتاشێ
لەجێژوانی ماڵئاوایی یەکجاری
دا
دڵمان گوڵێکی لەبیرکراوی
پەشمووردەیە
تاڵێک لەقژی کوژراو
بەدەسترۆکەکەمەوە
بۆنی گریانی گرتووە
ئەو تاڵە کوژراوەم
لەگیرفانێکی کراسەکەت
شاردەوە
بەموستیلەی خۆشەویستی
قژی کوژراوی خۆمم جوان کرد
بەیەک ئاماژەی دەست
دەسرۆکەم کەوت
لەناو گەورەترین بۆشایی دا
گیرسایەوە
هێشتا من لە پەنای ئەو غوربەتە
دەژیم
کە لێوان لێوە لەماڵئاوایی
لەناو هەموو روخسارێکی
تازەهاتوو
بەشوێنت دا دەگەڕێم
کاتێک بەجانتاوە
لێرەوە تێدەپەڕن
***

# سێ دەقی شیعریی فایزە سوڵتان

فایزە سوڵتان
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەجید هەرشەمی



١ –

مالّی فایزە

ماڵێک
پڕە لە خەون
لە فرمێسک
پڕە لە سۆزی پەروانە
پڕ لە حەسرەت و نهێنی
ماڵێک پڕ لیوانلێو لە بۆنی
سروتەکان و
یادگارییەکان
ماڵێ لە دوای زەمەنی کۆچ
دوور دوور لە بەستەڵەکی
تەنیایی


٢ –
دەستم خستە سەر زگی زەوی
لە ژانە نوێیەکەیدا
دوورگەیەکی نوێی دەبێت
بکوژانی نویٚ و
شەڕی بچوک و گەورەش
منیشت دەبێت
سەرلەنوێ دیسان
هەر منم
سەوسنی لەبیرکراو.

٣ –
دوێنێ شەو
شیعرێکم لە سەرمدا ناشت
نەمدۆزیەوە ئەمڕۆ
شیعرەکە ونبو و
لە جێی خۆی ماوە سەرم
وەک گۆڕێکی چۆڵ.!

***

نێوانێک نیە
لە نێوان دڵدار و دڵبەر
نە سەردەمەکان
نە زەوی نە ئاسمان
نایانگرێ بەخۆیان !

***



# لێـکۆڵینەوە و خـوێندنەوەی کتێب

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# فروغ فەروخزاد..
# خانمە شاعیرێك كە شۆڕشی لە ئەدەبیاتی فارسدا خوڵقاند

وەرگێڕانی: لەیلا نوورانی

فروغ فەروخزاد شەش دەفتەری شیعری بڵاو كردەوە و بەو شیعرانە، بزووتنەوە و شۆڕشی لە ئەدەبیاتی فارسدا پێكهێنا. ئەو بە هۆنینەوەی شیعری تایبەتی، بوێرانە، ژنانە و مۆدێرن، دابە كۆنەكانی شیعری دایە بەر باسوخواس و و ڕێیەكی نوێی بۆ دەربڕینی بێئۆقرەییەكانی ئینسانی و كۆمەڵایەتی و هەست و بیروهزرەكانی خۆی كردەوە.

شۆڕشی فرووغ فەروخزاد
لە ئەدەبیاتی فارسیدا

فرووغ فەروخزاد بە پێكهێنانی داهێنەرانەی ئەدەبی و چەمكی لە شیعری فارسیدا، بزووتنەوە و شۆڕشی لەو گۆڕەپانەدا ساز كرد بە تایبەت بە گوتنەوەی گرفتەكانی ژنانە و ڕەخنە لە نابەرامبەرییەكانی ڕەگەزی، دەنگی ژنانی ئێرانی لە گۆڕەپانی شیعردا بەرز كردەوە و ئیلهامهێنەریان بوو.

ئەو بە كۆڵنەدەری خۆی شیعری نیمایی قۆناغێک بەرە و پێش برد و ئاسۆی شیعری فارسی تووشی ئاڵوگۆڕ كرد.

فرووغ فەروخزاد شەش دەفتەر شیعری: "ئەسیر" ، "دیوار" ، "ئەشقیایی"، "لەدایك بوونێكی دی" و "ئیمان بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد"ی بڵاو كردەوە.

ئەو لەو شیعرانەدا، هەنجارەكان و چاوەڕوانییەكانی نەریتی شیعر و كۆمەڵگای فارسی دە هەڵمەت گرت و دەنگ و هەستونستی ڕاستەقینەی ڕەگەزی ژنی، بە زەریفی تەواو هاوار كرد.

ئەو بە كەڵك وەرگرتن لە زمانی ڕۆژ و دەربڕینێكی ساكار و ڕەوان و وتوێژی و هەروەها شكاندنی یاساكانی كێش و قافیە، شیعری لە سنوورداری كلاسیك دەرهێنا و ڕەنگوبۆی ژیانی هاوچەرخی پێبەخشی و بۆ لای نوێخوازی و مۆدێرنیسمی برد.

هەروەها بە كەڵكوەرگرتن لە وێناكان و شوبهاندنە جوان و مانادارەكان، شێعری زیاتر بۆ لای هونەر و شاعیرانەبوون برد فرووغ فەروخزاد لە زمانێكی شفاف و بوێرانە، بۆ وێناكردنی

گرفتەکانی کۆمەڵایەتی، عاتیفی، سیاسی و چاندی زەمانەی خۆی کەڵکی وەرگرت و ڕەخنەی لە کۆمەڵگای سەردەمی خۆی گرت. هەروەها باسی بابەتگەلی وەک ئەوین، ئازادی و ئەشقیایی کرد کە زۆربەیان لە کۆمەڵگای ئەو کات، تابۆ یا جێی مشتومڕ بوو.

فرووغ لە شیعرەکانیدا قسەی لە بابەتی جۆراوجۆر کرد، بۆ وێنە ئەوین، ژیان، مردن، سرووشت، خودا، ئینسان، ژن، پیاو، ڕەگەز، بنەماڵە، شەڕ، جیهانی بوون، بەرپرسیارێتی کۆمەڵگا، تەنیایی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و .... تاد.

بە هەستی یەکدەنگی دەگەڵ سرووشت و بوونەوەرانی زیندوو، بە جوانی و ئەوین و ژیان هیوادار بوو و بە دەربڕینی مرۆڤایەتی و هاودڵی دەگەڵ بەشخوراو و بێبەشان، سەرنجی بە بایەخی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دەدا.

فرووغ بە کەسایەتی چەند لایەنە و چەند ڕەهەندی خۆی هەمیشە جێی سەرنج و لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی ڕەخنەگران و توێژەران بوو و ئێستاش درێژەی هەیە.

بە لەبەر چاو گرتنی تەواوی ئەو بابەتانە دیارە کە چۆناوچۆن فرووغ فەروخزاد بوو بە یەک لەو شاعیرانەی کە بە شیعرەکانی، شۆڕشی لە ئەدەبیاتی فارسیدا پێکهێنا و لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێراندا هەرمانە و بۆ بەرەکانی داهاتوو هێما و ئیلهام بەخشە.

## فرووغ فەروخزاد کێ بوو؟

فرووغ فەروخزاد شاعیر، فیلمنامەنووس، شێوەکار و فیلمسازی ئێرانی بوو کە بە یەکێک لە کاریگەرترین و نوێخوازترین کەسایەتییەکانی شیعری نوێی فارسی ناسراوە. ئەو بە شیعرەکانی کە نەریتشکێنی، ڕاستی، جوانی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی دەکرێ، یەک لە بەناوبانگترین شاعیرانی ئێرانە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی فارسیدا هەرمانە.

هەروەها بە سازکردنی فیلمە بەڵگەدارەکان و دەورگێڕان لە شانۆ و سینەما، لە بوارەکانی تری هونەریشدا چالاکی هەبوو.





فیلمێکی بەڵگەداری بەنێوی "ئەو ماڵە ڕەشە " لەمەڕ ژیانی نەخۆشە گولەکان ساز کرد کە براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەداری فێستیڤاڵی فیلمی ئوبێرهاوزێن بوو. ئەو فیلمە بەشێکی گرینگ لە بزووتنەوەی شەپۆلی نوێی ئێران بە حیسێب دێ. هەروەها کوڕێکی ئەو گولانەی بە منداڵی خۆی قبووڵ کرد و گەورەی کرد.

فرووغ لەو فیلمەدا شیعر و سینەمای ئاوێتەی یەک کرد. ئەو لە دەنگی شاعیرانەی خۆی بۆ گێڕانەوەی ژیانی گولەکان بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و مرۆڤدۆستانە کەڵکی وەرگرت. شیعرەکانی فرووغ بە زمانی جیاواز وەرگێڕدراون و نەتەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە دنیاشدا ناسراون و جێی ئاماژەن.

چاو پێداخشاندنێکی کورت لەسەر ژیاننامەی فرووغ فرخزاد

فرووغ فەروخزاد لە ١٥ی بەفرانباری ١٣١٣ی هەتاوی لە تاران لە دایک بوو. هەر لە منداڵییەوە هۆگری شێعر و ئەدەبیات بوو.

لە تەمەنی سێزدەساڵانەوە دەستی بە شیعر نووسین کرد. فرووغ لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی دەگەڵ پەرویز شاپووری شێوەکار و کاریکاتوریست، زەماوەندی کرد و ساڵێک دواتر کوڕێکی بە نێوی کامیار بوو. زەماوەندی فرووغ زۆری گێرە و کێشە هەبوو و بەو هۆیەوە لە ساڵی ١٣٢٤ لە هاوژینەکەی جیا بۆوە.

فرووغ هەر ١٧ ساڵی تەمەن بوو کە هەوەڵین کۆمەڵە شێعری خۆی بەنێو "ئەسیر" بڵاو کردەوە کە لە چوارچێوەی شێعری نیمایی کەڵکی وەرگرتبوو. ئەو لە دەفتەرەکانی دوایی خۆی یانی "دیوار" و "ئەشقیایی"یشدا هەر لەو چوارچێوەیە دا نووسی.

فرووغ فەروخزاد لە ساڵی ١٣٢٧ لە ستودیۆی فیلمی گوڵستان دامەزرا و لەگەڵ ئیبراهیم گوڵستان، نووسەر و فیلمسازی نێوبەدەروە ئاشنا بوو و هاوکاری دەگەڵ کرد. لە سازکردن و مۆنتاژی فیلمە بەڵگەدارەکانی وەک "ئاسۆ"،

"خوازبێنی"، "خشت" و "ئاوینە" و "دەریا" دا دەوری گێڕا و مۆنتاژی فیلمی " یەک ئاور "ی کرد. ئەو هەروەها فیلمی بەڵگەداری خۆی بەنێوی "ئەو ماڵە ڕەشە"ی ساز کرد. و لە شانۆنامەی "شەش کەسایەتی بەشوێن نووسەر " بە دەرهێنەری پەری سابیری دەوری گێڕا.

فروغ فرخزاد لە ساڵی ١٣٤٣ دفتەری شیعری «لەدایک بوونێکی تر»ی بڵاو کردەوە کە پێشوازییەکی بەربڵاوی لێ کرا و فرووغی وەکو یەکێک لە شاعیرە گەورەکانی شیعری نوێ ناساند.

فرووغ فەروخزاد لەو کتێبەدا لە شیعری نیمایی ڕا ڕووی لە شیعری ئازاد کرد و بە زمانی ساکار و ڕەوان بۆ دەربڕینی هەست و ئەزموون و ڕەخنەکان کەڵکی وەرگرت.

ئەوکتێبە نیشانەی گۆڕانکاری بیر و ڕا و ئەدەبی فرووغە.

ساڵی ١٣٤٥ دەفتەری شیعری « ئیمان بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد» ی بڵاو کردەوە کە لەودا بابەتگەلی وەک مرۆڤایەتی، سرووشت، خودا، ئیمان و دڕدۆنگی باسکرد. ئەو دەفتەرە شیعرە لەلایەن ڕەخنەگران و بەردەنگەکانی ڕێزی لێ گیرا و ستایشکرا.

فرووغ فەروخزاد لە ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٤٥ لە کاتی شۆفیریدا، عەمری خودایکرد و لە قەبرستانی زەهیرودۆولە نێژرا. فرووغ کاتی مردنی تەنیا ٣٢ ساڵی تەمەن بوو.

ژیانی کورتی ئەو شاعیرە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر میراتی شیعری ئێران هەبوو و سنوورەکانی ئێرانی بەزاند.

فرووغ فەروخزاد یەک لە ژنانی سەمبولیک و شاعیری بەرچاو و نوێخوازە کە بۆ هەتاهەتایە لە مێژوو و ئەدەبیاتی ئێراندا جێگەوپێگەی تایبەتی خۆی هەیە.

فرووغ بە شیعرە نوێخوازەکان و هەراسازکەرەکانی خۆی کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی فارسی و بەرەکانی شاعیری لە ئێران و هەندەران دا هەبوو.

بۆ وێنە بە کاریگەری لەسەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆی وەک سیمین بێهبەهانی، ئەحمەد شاملوو، مێهدی ئەخەوان سالس و .... یارمەتیدەری بیچمگرتنی شێعری نوێی فارسی بوو. و لە بەرهەمەکانی ئەو شاعیرانەدا بەرچاوە و پێشوازیان لە چەمک، شێواز و ڕوانگەکانی کرد و بە گشتی درێژەدەری ڕێبازی فرووغ بوون.

فرووغ فۆڕم و شێوە نوێیەکانی شێعری وەک شیعری ئازاد، وێنەسازی، نیشانەخوازی و سووررێئاڵیسمی ئەزموون کرد و لە شاعیرانی ڕۆژئاوا وەک ریلکە، بودلێر و ئێلیۆت ئیلهامی وەرگرت.

بە وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی ڕۆژئاوا وەک ڕاینێر ماریا ریلکەی ئاڵمانی و هاینریش هاینە، بێرتوڵت برشت و...

و سازکردنی فیلمەبەڵگەدارەکان، پێوەندی چاندی و هونەری دەگەڵ دنیا پێکهێنا و بەرهەمەکانی خۆی جیهانیکرد.

یەک لە هۆکارەکانی بایەخ و نێوونێوبانگی شێعرەکانی فرووغ ، نوێخوازی و گۆڕانکاری لە شیعری فارسی و شکاندنی چوارچێوەکان و نموونەکانی نەریتی شیعری کۆن بوو کە ڕێگایەکی نوێی بۆ دەربڕینی خۆی و ئەوانیتر کردەوە. ئەو بە دەربڕینی ئاشکرا و ڕوونی هەست و ئەزموونە ژنانەکەی خۆی، ڕەوتێکی نوێی بە ئەدەبیاتی فارسی دا. فرووغ بە دەکارکردنی شێوە و سەمبۆلە جوان و پڕماناکان، جۆرێک هۆنراوەی خوڵقاند کە هەم لە بواری بیچم و هەم ناوەرۆک بایەخێکی هونەری زۆری هەبوو.

شیعرەکانی فرووغ فەروخزاد بە چوار سەردەمی سەرەکی دابەش دەکرێن:

دەورەی کلاسیک، دەورەی ڕۆمانتیک، دورە ڕەخنەیی و سەردەمی مرۆڤخوازانە.
لە هەر سەردەمێکدا، فرووغ بە کەڵک وەرگرتن لە ماکەکانی شێوازناسی جیاواز، تەوەرەکانی بیروهزری خۆی ئاشکرا کردووە. هێندێک لەو ماکانە بریتین لە : خوازە، تەشبیە، دووپاتە، زایەڵە، پێچەانەیی، دژوازی، بەستە، هێما و...
فرووغ بایەخی بە کێش و ناوەرۆکی شێعری خۆی دەدا و حەولی بوو بە نوێخوازییەکانی کێش و وێژایی، بە دەنگی تابیەت و مۆسیقایی خۆی لە شێعردا پێک بێنێ.
دەکرێ شێوازی شێعرەکانی فرووغ فرخزاد لە دوو سەردەمی سەرەکی تاووتوێ کرێن:
دەوری کلاسیک
دەوری نوێخوازی
لە دەوری کلاسیکدا ، لە شیعرەکانی نیمایی و نموونەکانی کێش و قافیەی نەریتخواز کەڵکی وەردەگرت و ناوەرۆکی شیعرەکانی، زیاتر هەستی ژنانە، ئەوین، ژیان و سرووشت بوو.
لە سەردەمی نوێخوازی، لە شیعری ئازاد و ماکەکانی فرەمانایی و وێنەسازی ئاڵێنراو کەڵکی وەرگرت و ماکەی شیعری فرووغ زیاتر لەمەڕ مرۆڤایەتی، ئازادی، شۆڕش و ڕەخنە لە نەریت و نابەرامبەری بوو.
فرووغ فەروخزاد توانیویەتی ئەو بەستانە بهۆنێتەوە کە هەم ڕێکوپێک و جوانن و هەم ڕاستی و قوڵایی روحی
بەڵێ دەتوانین بڵێین کە فرووغ فەروخزاد بە نوێخوازی لە شێواز و چەمک، کاریگەری لەسەر شیعری نوێی فارسی هەبوو و پلەوپایەی خۆی لە ئەدەبیاتی ئێراندا وەک شاعیرێکی نێوبەدەرەوە بەرز کردەوە.

سەرچاوە/
- ئەو باسەی لەسەر فرووغ لەچەند سایتێکی فارسی وەرگێڕدراوە



# مشتێ لم نیم کەنارەکان جێمبهێڵن!






خوێندنەوەی: عەبدولقادر عەزیز سەعید

خوێندنەوەی شیعر.. بۆمن ئەوپەناگە ئارامییە دەروونیە بووە کەهەموو ڕۆژی پێنجشەمەیەکی بۆتەرخان دەکەم و بەخوێندنەوی شیعری شاعیرە، دڵخوازەکانم لەو هەلومەرجە سەختەی ژیان کەبەربینگی گرتووین بەخوێندنەوەی شیعر بۆ ساتێک لەنێو وڵاتە پڕ ئارامبەخش وئەفسوناویەکەی مافی پەناهەندەیم , پێدەبەخشێ کەتەمەنێکە بەدوایدا وێڵ و سەرگەردانم و تەنهاو تەنها خوێندنەوە ئەومافەم پێڕەوا دەبینێ، هەڵبەتا ئەو وڵاتە پڕ ئەفسوناویەی ئەمڕۆ دنیا جوانەکەی شاعیری جوانەمەرگ هاوڕێ (ڕەحیم عەزیز)ی شاعیرو پێشمەرگەیە ، ڕەحیم عەزیز .. ئەو شاعیرەی لە دووتوێی نامیلکەشیعری (مشتێ لم نیم ، کەنارەکان بەجێمبهێڵن!) خۆی و شیعرە ناسکەکانیمان پێ ئاشنا دەکات . کە کتێبخانەی قەڵادزێ ئەرکی چاپکردنی ئەو نامیلکەیەی گرتە ئەستۆ.

• شاعیر ئەو نامیلکە شیعرەی پێشکەش بەو گەلە کردووە کە دەیەوێ نیشتیمانەکەی بۆ ئەو دیوی گەردوون بنێرێتەوەو بە دوای ئازادی و ناندا سنوورە دەسکردەکان بشکێنێ و ببێتە نەتەوەیەکی قەرەج و هەمیشە کۆچەریی ، ئەو نامیلکە شیعرەی هاوڕێ ڕەحیم ( ٢٩) شیعری ناسک و جوانی وەخۆ گرتووە .

ـ شاعیر لە شاکارە شیعرێکیدا لە ژێر ناونیشانی (مشتێ لم نیم کەنارەکان جێمبهێڵن) دەڵێت :

گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش
پڕبەگەرووی گۆرانییەکی
خەمباری دەچڕی
دەشتی تەنیاییم سەوزبوو
ئاسمانەکەی پڕبوو لە پۆلە
باڵندەی سۆزو عەشق
فرمێسک بە ڕوومەتی مەلوولیمدا
هاتە خوارێ
ئەوکاتە خۆزگەم دەخواست
بورکانی ناخم بتەقێ و ..
بە دەنگی خۆش و زوڵاڵ
گۆرانییەکی خەمبار
بۆ جەمیلەکەی خۆم بچڕم !
***
جەمیلەکەی من
تۆ بوویتە تارماییەکی فریشتەیی
لەناو جەنگەڵی وشەکانمدا

دەردەکەوی
دێی بە ئەسپایی
لەناو نێرگزەجاڕی حەزەکانمدا
بۆنهی گوڵاڵە سوورەی زامەکانم
دەکەی
دێی ... باڵندەکان ئاشناتن
..هەڵنافرن !
کەتینووت بوو .. لەکانیاوی رۆحم
دەخۆیتەوە !
دەڵێی نامناسیتەوە!
کەدەمەوێ بێم بۆلات
لەبەرچاوم وندەبیت !
جەمیلەکەم !
من مشتێ لم نیم کەنارەکان
جێمبهێڵن
درەختێکی وشک نیم
لە ڕەگەوە بمبڕنەوە !
تۆش قەیناکە جێم بهێڵە

بەڵام پێش ماڵئاوایی
پێم بڵێ:
منی دڵ پڕ لە خۆشەویستی
بێ تۆ ئەم سەفەرەی عومرم
چۆن تەواو کەم !؟
***
هاوڕێ ڕەحیم عەزیزی شاعیر
لەو شاکارە شیعرەیدا
کۆمەڵێک هێمای ڕۆمانسی و
شیعریی بەکارهێناوە کە ئەم پێنج
خاڵەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:
یەکەم : خواست و پەرۆشی:
گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و
گۆرانی خەمبار ڕەنگدانەوەی ئەو
پەرۆشییەی داخی ناو خودە کە
شاعیر هەستی پێدەکات.
دووەم :تەنیایی و پەروەردن:
دەشتی تەنیایی و ئاسمانی پڕ لە

باڵندە هێمای کەمی پەیوەندی و
پەرستنی جوانین.
سێیەم: ناوبردنی ئافرەتێک
بەناو جەمیلە وەک فریشتە:شاعیر
جەمیلەی وەک "تارماییەکی
فریشتەیی" وەسف کردووە کە
لە ناو جەنگەڵی وشەکانیدا
دەردەکەوێت.
چوارەم: ناسنامە و پەیوەندی:
ڕەفتاری جەمیلە وەک
"نامناسیەوە" و "لەبەرچاوم
وندەبیت" نیشانەی کێشەی
ناسنامە و پەیوەندییە.
پێنجەم : نەتەوە و
خۆشەویستی:دەستپێکی کۆتایی
شیعرەکە نیشانەی خۆشەویستی
و عەشقێکی زۆر قووڵە:
کە دەڵێت : "بێ تۆ ئەم سەفەرەی







عومرم چۆن تەواو کەم!؟"

ئەم شیعرە باس لە پەیوەندییەکی
ئاڵۆز و قووڵی سۆزداری دەکات
کە تێیدا شاعیر هەستی پێویستی
و سەربەخۆیی هاوچەرخ دەکات.
تێکەڵەیەکە لە خۆشەویستی، ترس
لە جیاهاتن، و ناسنامەی کەسیی
شاعیر خۆی .

• شاعیر لە شیعرێکی دیدا
بەناوی ئەنفال کە دەڵێت :
لە گەرووی لمەوە
هەڵفڕین ڕەوەکۆتری قیژەو هاوار
ئاسمانی بیابانیان تەنی
تا بوونە سەدو هەشتاو دوو
هەزار
تەلدڕووەکان بوونە قەفەزێکی
ئێجگار گەورە
بەندیان کردن
هەریەکەیان بەدرکێکەوە هەڵواسی
وەکو ئاڵا شەکانەوە
بە ڕەشەبای مردن
هیچ دادگایەکی ئەم جیهانە
لە لیستی تاوانەکاندا نەینووسی !!
***

ـ هاوڕێ ڕەحیم عەزیز یەکێکە لەو شاعیرانەی کە کۆڵەپشتی پێشمەرگانەی لە ڕووداوە مێژووییەکانی کورد، بەتایبەتی کۆمەڵکوژی ئەنفال، پڕکردووە و بە زمانێکی شیعریی زۆر هۆشیارانەو ژیرانەوبوێرانە و کاریگەر بەیانکردۆتەوە. هاوکات ئەم شیعرەی ڕەحیم عەزیزی شاعیر بە زمانیەکی جوان و پاراووڕەخنامێز و وێناکاریەکی بەهێز، تراژیدیای ڕووداوی ئەنفال و کۆمەڵکوژی خەڵکی کورد ڕەنگدەکات.

شاعیر وێنای ڕفاندن و مردن:
"لە گەرووی لمەوە / هەڵفڕین ڕەوەکۆتری قیژەو هاوار": ڕفاندنی خەڵک بۆ بیابانەکان وەک "هەڵفڕین" وێنا دەکرێت، کە حاڵەتێکی بێ هێزی و نەفامیدا گیران نیشاندەدات. "قیژەو هاوار" نیشانەی ئازار و پەژارەیە.
• "ئاسمانی بیابانیان تەنی": تەنیایی و بێ یارومەدادی قوربانییەکان لە شوێنێکی وا نەفامدا ڕەنگدەکرێت.
.شاعیر لە سەر ژمارەی قوربانییەکان پێداگیریدەکات و دەڵێت:"سەدو هەشتاو

دوو هەزار": ئەم ژمارەیە ڕێژەیەکی مێژووییە و گەورەیی قوربانییەکانی ڕووداوەکە نیشاندەدات.. هەڵبەتا هاوڕێ ڕەحیم وێنای گۆڕە بەکۆمەڵەکان گەورە گۆڕەکانی کورد : شاعیر نێو تەلدڕووەکان دەکاتە گەلە گۆڕی کوردان و دەڵێت : تەلدڕووەکان بوونەتە قەفەزێکی ئێجگار گەورە": گۆڕە بەکۆمەڵ و بێ ناونیشان وێنای زیندانی گەورە دەکرێت، کە قوربانییەکان زیندانی مردنیان بۆ خوڵقاندوون . و بەندیان کردون وهەریەکەیان بەدرکێکەوە هەڵواسی": وێنای ڕفاندن و ئەنفال و سزای کورد بە شێوازێکی دڕندانەو سزادانێکی بێ ڕەحم و وەحشیانە نیشاندەدرێت.

شاعیر سەبارەت بە ناڕەوایی و نا دادپەروەری ڕژێمی بەعسی رووخاو دەڵێت : ئەم تاوانە هیچ دادگایەکی ئەم جیهانە / لە لیستی تاوانەکاندا نەینووسی": ئەم دوو شیعرەی شاعیر بە هێزیەکی زۆر گەورە ڕەخنە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی جیهان دەگرێت کە ئەم تاوانەیان وەک تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی نەناسی و تۆمەتبارەکانیان سزا نەدا.

کۆتایی: ئەم شیعرە تەنها گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی نییە، بەڵکو هاوارێکی ڕەنج و ئازارە بۆ ڕزگاربوون و دادپەروەری. هاوڕێ ڕەحیم ... بە ئیستاتیکاو هونەری شیعریی جوان هەوڵدەدات یادەوەری ڕووداوەکە زیندوو بگرێت و لە بێ موبالاتی بەرامبەر بە کێشەی ڕەوای گەلی کورد ڕەخنە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگرێت.

- شاعیر لەو شیعرەشدا بەناوی ( ئێمەش وەک ڕووبارین) پێماندەڵێت:

ئەی ڕووبارە بێدارەکە
ئێمەش وەک تۆ ناخەوین
ئێمەش وەک تۆ ڕێگەمان بڕیوە
ئێمەش وەک تۆ گۆرانیمان بۆ
ژیان چڕیوە
تۆ هەڵقولاوی لە کانی و باران
ئێمەش لە فرمێسک و خوێنی
هەژاران
تۆبەرەو دەریا دەڕۆی
ئێمەش بەرەو چارەنووسی مێژوو





تۆ هاژە لەگەڵ خۆتا هەڵدەگری
ئێمەش ویژدان و..
بیرو باوەڕێکی هەمیشە زیندوو
تووڕەیی تۆ شەپۆل و لافاوە
هی ئێمەش،
راپەڕین و شۆڕشی چەوساوە !
***

ـ ئەم شیعرەی شاعیر زۆر بەهێز و ڕەمزییە، ڕووبار وەک نموونەیەکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگەی ڕاساو و خەڵکی بەرگریکار بەکاردەهێنێت. لێرەدا ڕووبار ئاماژەیە بۆ سروشتی بەرەودار و ڕێڕەوی نەگۆڕ، بەڵام شاعیر پێی دەڵێت: ئێمەش وەک تۆ ناخەوین ... واتە ئێمەش خەڵکێکی خودان خەبات و خاوەن مێژووین، ناتوانین خۆمان بەرەو ناهۆشیاریی و لەناوچوون بەرین. وەک چۆن ڕووبار لە کانی و بارانەوە هەڵدەقوڵێ، ئێمەش لە فرمێسک و خوێنی هەژارانەوە دەژینەوە . ڕووبار بەرەو دەریا دەڕوات، بەڵام ئێمە بەرەو چارەنووسی مێژوو ڕێدەکەین ، واتە مەبەستمان ئازادی و ڕزگاری نەتەوە و ناسینمانە.

ڕووبار "هاژە" لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ بەڵام ئێمە "دەنگی هەقبێژ و ویژدان و بیروباوەڕێکی هەمیشە زیندوو"مان هەیە. تووڕەیی ڕووبار شەپۆل و لافاوە، وەلی تووڕەیی ئێمە ڕاپەڕین و شۆڕشی چەوساوەکانە، شۆڕشێک کە هەمیشە کۆتایی نایەت و بەردەوامە .

ئەم شیعرە بەزمانێکی ڕەمزی بەهێز و وێنەیی باسی نارەزایی و بەرگری ومقاوەمەتی نەتەوەی کورد دەکات.

•ژیاننامەی شاعیر

ڕەحیم عەزیزعەبدولکەریم قەساب کە بە ( هاوڕێ ڕەحیم ) ناسراوە لە ڕێکەوتی ١٤-١٢-١٩٦١ لە شاری قەڵادزێ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتای و ئامادەیی لە شاری قەڵادزێ تەواوکردووە ویەکێک بووە لە قوتابیە نموونەیی و زیرەکەکان. شاعیر لە ساڵی ١٩٧٩ ژیانی پێشمەرگایەتی دەگرێتەبەر، دەچێتە شاخ و تا ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام دەبێت. بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆوە، دوای چوار ساڵ دێتەوە شار و دەگەڕێتەوە بەرخوێندن، لە کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی زانکۆی موسڵ وەردەگیرێت. لە ڕێکەوتی ٦-٣-١٩٩١ بەشداری لە ڕاپەڕینیی جەماوەری ئۆردوگای بازیان دەکات. پاش چەندین شەڕی قارەمانانە دژی ڕژێمی بەعس تووشی نەخۆشی ئەعساب

دەبێت و لە ڕێکەوتی ٢٢-٦-١٩٩٩ ماڵاوایی لە ژیان دەکات. یەکەمین تێکستی شیعری لە ساڵی ١٩٨٣ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە گۆڤاری (ئەلبەدیل) لە سووریا بڵاوکراوەتەوە، شاعیرلە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و گۆڤاری ( ڕۆشنبیری نوێ ) بە نازناوی (ڕ.ح) شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە. هاوڕێ ڕەحیم شارەزایی لە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی)دا هەبووە، هاوکات شیعرەکانی دەچنە چوارچێوەی شیعری مقاوەمەت (بەرگری) ، چینایەتی، نیشتمانی، ئەوین و ئازادی.

ناملیکە شیعری (مشتێ لم نیم کەنارەکان جێمبهێڵن) یەکەم و کۆتا بەرهەمی چاپکراویەتی کەلە ساڵی ٢٠٠٨ لە چاپخانەی کارزان لە سلێمانی، چاپکراوەو کتێبخانەی قەڵادزێ ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ گرتووە .

• سەرچاوەکان :

- ناملیکە شیعری (مشتێ لم نیم کەنارەکان جێمبهێڵن) ڕەحیم عەزیز ٢٠٠٨ سلێمانی .
- بیبلۆگرافیای نووسەرانی ناوچەی پشدەر/ مۆفەق میراودەلی ٢٠٢٠ سلێمانی
- کوردیپیدیا





# خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و شیکاریی بۆ قەسیدەی (باخچەی عەشق)ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر



ئاوات حەسەن ئەمین

پێشەکی «توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی و شیکاریی نووسینی» سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن، دامەزراوەی رووباری رەوانبێژی و رۆشنبیری و راگەیاندن « نووسینی «رەخنەگری میسری «دکتۆر وەلید ئەلنوسەیری « دەقی «باخچەی عەشق»ی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر لە وەرگێڕانی «خاتوو نەسرین محەمەد غولام « شێوازێکی رۆمانسی پێوەیە. کە پڕە لە وێنەی هەستەوەری و خوازەی دەوڵەمەند بەهەستی خۆشەویستی و تاسە.لەم توێژینەوە رەخنەیی و ئەکادیمیەدا قسە لەبارەی دەقەکەوە دەکەین لەرووی زمان و وێنەی شیعریی و بابەتەکانیەوە.ئەمە شیعرەکەیە.

**باخچەی عەشق**

لەباخچەکانی عەشقما
سێ گوڵت پێشکەش دەکەم
یەکەمیان بۆ دەستت، سەمای پێ بکەی
دووەمیان بۆ لێوت، گۆرانی پێ بڵێی
سێیەمیان بۆ چاوت،
فرمێسکەکانی پێ بسڕی
تا بزانی باخەکەی من
دەستێکی تیا نیە ،بۆ خوێنڕشتن
لێوێکی تیا نیە بۆ توڕەبوون
چاوێکی تیا نیە بۆ گریان
***
لەماڵی دڵەوە
بەبەرچنەیەک ماچەوە
دەبمە میوانی دڵەکەت
تا خونچەی حەزەکانم
لەکەناری موولوولە خوێنەکانی دڵتدا بنێژم
من چیمدەوێ لەمە زیاتر
پێناسەیەک بۆ خۆشەویستیت
بدۆزمەوە
***
هەموو پەیڤە جوانەکان
هەموو زمانە عاشقەکانو
خواوەندی خۆشەویستیت
پێدەناسێنم
لەنێو سەمای نێرگزەکاندا
لەگەڵ ئاوازە پڕ جۆشەکاندا
ئەبینە دوو پەپوولەو
وانەی عەشق فێری گوڵەکان دەکەین

**سەرەتا:**

دەقەکە باس لە خۆشەویستییەکی قووڵ دەکات کە سنووره

مادییەکان تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئاستی روحیانیەتێکی شاعیرانە کەتێدا پەیوەندی نێوان هەردوو عاشق دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ ئەو جیهانە نموونەییەی کە شاعیر خەونی پێوە دەبینێت .شاعیر زمانێکی هێمایی و هەستەوەری بەکاردێنێت بۆ دەربڕینی هەستەکانی و ، خۆشەویستی دەبەستێتەوە بە سروشت و جوانی رۆحەوە

شێوازو وێنە شیعرییەکان

———

شێوازی هەستە وەری شاعیر زمانێک بەکار دێنێت کە پڕە لەهەست هەر وەک لە دەستەواژەی "سێ گوڵ "و لە "سەبەتەی ماچ"دا بەدی دەکەین ئەم دەستە واژانە هەستکردن لە ژیان و ناسکیمان لا جۆش دەدەن گوڵ لێرەدا تەنیا رووەکێک نیە بەڵکوو هێماییەکە بۆ بەخشندەیی و جوانی و هێمایە بۆ پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویست .راستەوخۆ لەرێگەی هەستەکانەوە وێنە سروشتیەکان

———

دەقەکە پڕە لە وێنەی پەیوەست بوون بەسروشتەوە وەک" گوڵ و ،فرمێسک و نێرگز و پەپوولە" ئەم وێنانە تەنیا نین بەڵکوو خوازراون بەمەبەستی بەرجەستەکردنی خۆشەویستی بەکارهاتوون وەک هێزێک لە سروشتدا ،کە گەشە دەکات و دەکرێتەوە وەک گوڵ.هەروەها پەیوەندی نێوان عەشق و پەپوولە ئاماژەیەکە بۆناسکی هەست و سۆزەکان لەنێوان هەردوو خۆشەویستدا

لێکچوون و خواستن

———

شاعیر چەندین هێمای خوازراو بەکاردەهێنێت وەک "خونچەکانی هیوا"کە لە "موولوولەکانی خوێن لە دڵتدا"چێنراون ؟ ئەم وێنەی لێکچواندنە بەهێزە دەربڕی ئەو پەیوەندییە سۆزدارە رۆحییەی لەنێوان ئەو دوو خۆشەویستەدا کە تێدا دڵی خۆشەویست دەبێتە نیشتمانێک بۆ هیواکانی شاعیر



بابەتە سەرەکیەکان

———

## خۆشەویستی و عەشق

———

خۆشەویستی لە دەقەکەدا بەتەنها هەستێک نییە بەڵکوو حاڵەتێکی وجودییە کە شاعیر هەوڵدەدات لەڕێگەی کردارو دەربڕینەکانەوە جەختی لەسەر بکاتەوە .هەروەک لە رستەی "دەتناسم لە هەموو وتەیەکی جواندا" کە وشە دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بە هەموو شێوەکانیەوە

## ئاشتی و ئارامی

———

دەقەکە باس لە جۆرێک لە خۆشەویستی دەکات بەدەرە لە هەموو شێوەکانی توندو تیژی و تورەیی کاتێ دەڵێت: "

دەستێکی تیا نیە ،بۆ خوێنڕشتن
لێوێکی تیا نیە بۆ تورەبوون
چاوێکی تیا نیە بۆ گریان!

ئەوا شاعیر جیهانێک لە خۆشەویستیەکی پاک دەخاتە روو کە هیچ بکەرێکی نەرێنی روونییەکی ناشێوێنێت چونکە ئەو خۆشەویستیە عاشق پڕ دەکات لە ئاشتی و ئارامی

## روحانییەت لە خۆشەویستیدا

———

هەندێک جار دەقەکە بەرگێکی روحانی دەپۆشێت هەروەک لەو شوێنەی کە دەڵێت " تۆ خواوەندی عەشقیت " کە پاییەی خۆشەویستی دەباتە پلەی پیرۆزیی ،وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە پەیوەندی نێوان ئەو دوو خۆشەویستە لایەنە مادییەکان تێدەپەڕێنێت بەرەو ئاستی باڵاتر لە تاسەو پەرستن.

## هێماکاری لە دەقەکەدا

———

### سێ گوڵەکە

———

گوڵ لە دەقەکەدا رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت وەک هێمایەک بۆخۆشەویستی و سۆزو ئاشتی هەر گوڵێک بەشێکی جیاواز دەنوێنێت لە جەستە. وەک ئاماژەیەک بۆ هاوسەنگی نێوان لایەنە هەستەوەرییەکان "دەست و لێوەکان و چاوەکان " لەگەڵ ئەو هەست و سۆزانەی پەیوەستن پێیانەوە

### پەپوولەکان

———

پەپوولەکان لەکۆتایی دەقەکەدا هێمان بۆ ئازادی و سەربەستی لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان هەر دوو خۆشەویست دەگۆڕێت بۆ شتێکی ئاسمانی ورۆح سووک ،هەروەک چۆن پەپوولە هێمایە بۆ نوێبوونەوەو ژیانێکی نوێ .



## کۆتایی

———

باخچەی عەشق

دەقێکی شیعری لێوانلێو لە رۆمانسیەت و هێماکارییەکە. بۆچوونێک لەبارەی خۆشەویستیەوە دەخاتە روو بەوەی کە هێزێکی سروشتی بێگەردە کە خۆراکی روحە و سەر لەنوێ پەیوەندییە مرۆییەکان دادەڕێژێتەوە. شاعیر لە شێوزای هەستەوەری و هێماییەوە سەرکەوتوو بووە لە خوڵقاندنی جیهانێکی شیعری کە تیادا سروشت و عەشق و ئارامی رۆحی کۆبکاتەوە بەو ئەندازەیەی دەقە شیعرییەکە بکات بە ئەزموونێک لە تێڕامانی دەوڵەمەند بۆ هەر خوێنەرێک کە جیهانەکەی تەی بکات ؟

# شیعری هایکۆ وەکو ڕێچکەیەکی ئەدەبی





لێکۆڵینەوە:
سەلام سەعید مەولوود

هایکۆ وەکو ڕێچکەیەکی ئەدەبی، گۆڕانکارییەکی تایبەتی پێ ئەکرێ لە نێو شیعری کوردیدا، سەرەڕای ئەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر ئاستی گشتی شیعری جیهان هەر هەیە. ئەم گۆڕانکارییانە لە چەند ڕووەوە دەبینرێن:

١. گۆڕانکاری لە پێکهاتە و پێوانەدا (فۆرم و بیرۆکە کورتیو و چڕی: هایکۆ بە تایبەتییەکەی کورت و چڕییەکەیەتی (٣ ڕیزە، بە گشتی ٥-٧-٥ دەنگی) پێچەوانەی زۆرینەی شیعری کوردییە کە ڕیزەکانی درێژتر و باسەکان فراوانترن. ئەمە وای لە شاعیرانی کورد کردووە سەرنج بخەنە سەر دەربڕینی بیرۆکەیەکی گەورە لە ناوچوارێکی زۆر کورتدا، پاڵنەریان بۆ زیاد کردنی چڕی و وردی لە هۆنراوەدا. ڕیزبەندی نوێ: لە کاتێکدا شیعری کوردی کلاسیکی و هاوچەرخ زۆر جار پشت دەبەستێتە سەر ڕیزبەندی یان قافیە، هایکۆ پێویستی بە هیچ کام لەمانە نییە. ئەمە ڕێگایەکی نوێیی بۆ شاعیرانی کورد دەکردەوە بۆ تاقیکردنەوە لەگەڵ ڕیزبەندی ئازادتر یان پشت بەستن تەنها بە کاتی سادە. گۆڕانکاری لە بیرۆکەدا: بەپێی بنەماکانی هایکۆ، پێویستە شیعرەکە لەسەر ڕێچکەیەک یان تێڕوانینێکی ڕاستەوخۆ لە سروشت یان ژیانی ڕۆژانەدا بنیات بنرێت. ئەمە پێچەوانەی زۆرینەی شیعری کوردییە کە باس لە مێژوو، کەسایەتی، شۆڕش، خۆشەویستی

درێژخایەن یان بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکات. هایکۆ شاعیرانی کوردی ئاگادار کرد کە دەکرێت لە ڕووداوە سادە و ساتییەکانی ژیاندا زیندوویی و مانا بدۆزێتەوە.

٢. گۆڕانکاری لە بابەت و تێڕامانداا

سەرنجدان لە سروشت هایکۆ سروشت و وەسفەکانی سروشت و کاریگەرییەکەی لەسەر مرۆڤ کاریگەریەکی زۆری لەسەرە. ئەمە سەرنجی زیاتری لەسەر وەسفی ڕووەک، کەشوهەوا، وەختەکانی ساڵ، و ئاژەڵانی بچووکی خستە نێو شیعری کوردیەوە بابەتێک کە پێشتر بەم شێوەیە ورد نەدەکرایەوە.

ساتی ڕاستەوخۆ هایکۆ بە تایبەتی سەرنج دەخاتە سەر ساتی ئێستا ئەمە پێچەوانەی زۆرینەی شیعری کوردییە کە باس لە ڕابردوو یان داهاتوو دەکات یان خەیاڵی دەڕوانێتە دواوە. هایکۆ شاعیرانی کوردی فێر کرد کە بە وردی سەیری ئەو ساتە بکەن کە تیایدان و هەستی تێدا بەقووڵی ئەزموون بکەن.

کەمکردنەوەی خەیاڵی زۆر و ڕەوانبێژی کاتێک شیعرێک لە ١٧ دەنگدا دەگوترێتەوە، شاعیر ناچارە ڕاستەوخۆ و ورد بێت. ئەمە وای لێکرد کەمتر بەرەو خەیاڵی زۆر یان ڕەوانبێژی درێژ بڕۆن و زیاتر لەسەر وێنە و تێڕوانینی ڕاستەوخۆ پشت ببەستن.

٣. گۆڕانکاری لە فەلسەفە و ڕوانگەدا

سادەیی و قووڵایی هایکۆ فەلسەفەی سادەیی و قووڵایی لەخۆدەگرێت. لە ناو سادەییەکدا، قووڵایی و جیهانی مانا دەشارێتەوە. ئەمە ڕوانگەیەکی نوێی بۆ شاعیرانی کوردی کردەوە، کە تێیدا دەیانزانی کە دەکرێت لە ڕووەکێکی سادە یان بارانێکی کەمدا جیهانێکی قووڵ هەڵکەندرێتەوە.

پەیوەندی مرۆڤ و سروشت هایکۆ زۆر جار پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت یان پەیوەندی نێوان دوو ڕووداوی سروشتی لە ساتێکدا پیشان دەدات. ئەمە سەرنجی زیاتر لەسەر پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەییدا خستە ناو شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی وردتر.

لێکۆڵینەوە و ڕەخنەکان


گونجاندن لەبری لەبەرگرتنەوەی ڕاستەوخۆ شاعیرانی کوردی زیرەک زۆر جار گونجاندنی هایکۆیان کردووە لەبری لەبەرگرتنەوەی ڕاستەوخۆ. ئەوان بەتایبەتی لە کاتی (دەنگ گۆڕانکارییان کردووە بەگوێرەی سیستەمی زمانی کوردی و خاسیەتەکانی. هەروەها بابەتەکانیان گونجاندووەتەوە لەگەڵ ژینگە و کلتوری کوردی (وەک وەسفی شاخ، گوڵی بەهار، ڕۆژی بەفراوی.

ژنو عەشق مەترسیی سەرەڕایی و سادەیی مەترسی ئەوەیە کە ئەم فۆرمە ببێتە هۆی دروستکردنی شیعرێکی سادە کە تەنها وەسفی سادە بێت بێ هیچ قووڵاییەکی فەلسەفی یان هەستی ڕاستەقینە. شاعیرانی باش لە کوردستاندا لەم تەڵەکانە دەرچوون.نموونە، شاعیرانی وەک عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، شێرکو بێکەس،ڕفیق سابیر .و چەندانی تر تاقیکردنەوەیان لەگەڵ ئەم فۆرمەدا کردووە و هۆنراوەکانیان بە زمانی کوردی نووسراوەتەوە.

* هایکۆ وەکو ڕێچکەیەکی نوێ و جیاواز، کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر شیعری کوردی لە ڕووی پێکهاتەوە (کورتی، چڕی، ڕیزبەندی نوێ) بابەت (سەرنجدان بە سروشت، کاتی ئێستا، ووردبینی لە ڕووداوە سادەکان ڕوداوی چڕ) و ڕوانگە فەلسەفەی سادەیی و قووڵایی، پەیوەندی مرۆڤ و سروشت. ئەم کاریگەرییە زیاتر لەسەر


شاعیرانی هاوچەرخ دەرکەوتووە و وایان لێکردووە ڕێچکە و بابەتی نوێ تاقی بکەنەوە، بە گونجاندنی لەگەڵ زمانی کوردی و کلتورەکەیدا. لە کۆتاییدا، هایکۆ یارمەتیدەر بووە بۆ فراهەم کردنی ئاسۆی شیعری کوردی و ناساندنی شێوازێکی تازەی دەربڕین.لە شیعردا .

ـ لەو ماوەیەدا لەوەڵامی پرسیارێکدا بۆ گۆڤاری نووسەری کورد سەبارەت بە ئەزموونی شیعری هایکۆ ( کورتیلە شیعر) باسم لەوەکرد کە ئەدەبی کوردی .. لە دەستپێکیەوە هەتا ئێستا بەکۆمەڵی قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە .. وە یەکەم لانکەی داهێنانیش بوە قۆناغە جیاکانی شیعریش کۆمەڵێ تایبەت مەندی خۆی هەیە .. بۆ نمونە کلاسیکی شیعری کوردی .. کاریگەری بەحرەکانی شیعری عەرەبی بەسەریەوە هەتا ڕێچکەڕێگای ڕێنوسی نالی و تازەگەری ڕێچکەیەکی جیا ئەو کاتە وەکو ئەبینرێ لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بەر بەرەکانیەکی زۆری ئەو ڕێچکەیەی نالی پەیرەوی کردوە داویانەتە بەر ڕەخنەو پلار گرتن ، بەڵام نالی وەکو خۆیو ڕێچکە ڕێگاکەی بو بە سونبلی قۆناغێک .هەتا ئێستا وەکو ئەستێرەیەکی درەوشەوەی ئەو قۆناغە ڕێ ئەکات .. بۆیە دوای ئەویش شیعر چەڕێگە ڕێگایەکی تازەی گرتە بەرو و پڕ بو للە گۆڕانکاری جوانی قۆناغەکە ..ئەویش ڕۆمانتیکو نوێ بونەوەو کێشی پەنجەو فۆرمی نوێی دارشتنی شیعری نوێ . مامۆستا گۆران وەکو نمونە .. دوا بەدوای ئەمەش سیعری نوێی کوردی و داڕشتنی نوێو کە لە دەقی واڵاو دەقی کورتدا .خۆی دۆزیەوە . پاش ئەمەش لەنوێ گەریدا ڕوانگەیان هێنایە پێشو بەڵام لەبەر ئەوەی لاسایی کارێکی سەقەت بو کە ئەدەبی عەرەبی لە ئەو روپای وەر گرتو . کۆمەڵێ شاعیرو ئەدیبی کوردیش لە فازیل عەزاویو برا دەرەکانی وەریان گرت لەچاپخانەیەکدا بە ڕێنوسێک چەند برادەرێک واژویان لەسەر کرد .. ویستیان بیکەن بەڕێچکە ڕێگلیەکی نوێو،سەری نەگرت هەنێکیش لەو قۆناغەدا بونە قوربانی وەکو مامۆستا جەمال شارباژێڕی.. بەڵام نوێ گەریەکەی مامۆستا گۆرانو کامەرانو شیخ نوری و چەندانی تر هەتا ئێستا بەردەوامەو . پەیرەو ئەکرێت .. بەڵام من وەکو خۆم لەم قۆناغەدا زیاتر حەزم بەدەقی واڵاو تەکنیکی نوێیە لە داڕشتندا .. بەڵام کورتە شیعری کوردیمان بیر نەچێت کە هەمیشە سونبلە زیاتر کورتە شیعرەکانی کاک شێرکۆ ڕەفیق سابیر . ئەنوەر قادر .. زۆری تریش . ئێستاش ئەم جۆرە نوسینە خوازراوەی شیعر بەناوی ئایکۆ وە .. جۆرێکە لە کورت کردنەوەی ئەو باسانەی کەدرێژ ئەبنەوە لەسێ دێڕ دا کۆی کەینەوە واتایەکی پوختمان باتێ.. حاکم قوباد وەکو ڕێچکەشکێنی ئەم بواری نوسینە دیار ترینیانە . دوای ئەویش چەندا پەیرەوی ئەکەن .. م وەکو خۆم زۆر بەکەمی حەزی پێ ئەکەم و چێژی لێ ئە بینم . هەستەکەم نەتوانینە... یان دەرەقەتی گرێ چنی ئەو تابلۆ جوانەی شیعر نادا کە لەفۆرمیکی دانیسقەدا دای ڕێژی شاعیر لە نیو شێوەو ناوەڕۆک لە بۆتەیەکی جواندا پڕ لەمۆسیکی ناوەکیو دەرەکی ،





# لێکدانەوەیەکی شیعری (ئاوڵەمە) لەسەر بنەمای رامانەی (تیۆریی) (لەشمەندی)ی مێرلۆ-پۆنتی



عەبدولخالق یەعقووبی

(١)

شیعری "ئاوڵەمە"ی شاعیری گەنج، خاتوو نەورەس محەمەد چوار جار ژنانەیە: جاری یەکەم، شاعیرەکەی ژنە؛ جاری دووهەم دەنگەشیعرییە، واتە بێژەری دەقەکە ژنە؛ جاری سێهەم، باسی ئەزموونێکی ژنانە، واتە زگکردن دەکات؛ جاری چوارەم شێوازی دەربڕین و ڕاوێژی (تۆنی دەنگی) شیعرەکە ژنانەیە. لەم نووسینە کورتەدا، لە ڕوانگەیەکی دیاردەناسانە و بەپێی رامانە (تیۆریی) لەشمەندیی (Embodiment) مێرلۆ-پۆنتی (١٩٠٨-١٩٦١)، فەیلەسوفی ناسراوی فەرەنسی، باسی ئەم شیعرە دەکەم. بەشێک لە فەلسەفەی دیاردەناسانەی مۆریس مێرلۆ-پۆنتی جەخت لەسەر لەش دەکاتەوە وەک شوێنی سەرەکیی ئەزموون و تێگەیشتن — لەشێک کە تەنیا شتێک نییە لە جیهاندا، بەڵکوو خودی ئەو ئامرازەیە کە لەڕێگەیەوە ئێمە پەیوەندی بە جیهانەوە دەکەین، لێی تێدەگەین و تێیدا بوونمان هەیە. ئەو پێی وایە هۆشیاری هەمیشە لەشمەندانەیە و بوونمان لە جیهاندا لە ڕێگەی ئەم لەشە زیندوو و هەستکارەوە ناوەندگیر دەبێت.

شیعری "ئاوڵەمە"ی نەورەس محەمەد بەرجەستەکردنێکی قووڵ و ڕاستگۆیانەی هەمان ئەم ئەزموونە لەشییە ژینراوەیە (Lived Body)، بەتایبەتی واقیعی دووگیانی، زگکردنی ناسەرکەوتوو و دەرئەنجامەکانی دوای لەبارچوونی کۆرپەلە، کە هەستی خود و جیهان لە ژنێکدا دەگۆڕێت.

(٢)

بە درێژایی شیعرەکە، لەشی دەنگە شیعرییەکە بە ڕوونی ئامادەیە — نەک وەک قاوغێکی ڕووت و سارد، بەڵکوو وەک واقیعێکی هەستپێکراو و ژینراو (Lived). لەرزینی قاچەکان، ئەو دەستانەی دەیانەوێت لەناو سکەوە بێنە دەرەوە، ئاسنێک کە لەشی کردووەتە دوو لەت و ناخی هەڵدەدرێت، هەموو ئەمانە تەنیا دیاردەی فیزیکی نین، بەڵکوو واقیعی هەستەکین کە دەنگە شیعرییەکە لەڕێگەی ئەوانەوە لە جیهانی خۆی تێدەگات. ئەمە بەتەواوی لەگەڵ بۆچوونی

مێرلۆ-پۆنتی یەک دەگرێتەوە کە دەڵێت لەش، یەکەمین ڕێگەی ئێمەیە بۆ گەیشتن بە بوون و تێگەیشتن لە واتاکان.
شیعرەکە ناکۆکیی لەش نیشان دەدات، هەم وەک بابەتی ئەزموون و هەم وەک شتێک. لەشی ژنەکە (واتە دەنگە شیعرییەکە) لە ناخەوە ئەزموون دەکرێت، لە کاتێکدا دەگوڕێت و ئازار دەکێشێت، بەڵام هاوکات وەک شتێکە لەژێر چاودێری و قسەکردنی خەڵکیدایە — "هەزاران دەم" کە پێدەکەنن و "هەزاران چاو" کە سەیری دەکەن، بەڵام ئازارەکەی نابینن:
هەزاران دەم لەسەر سەرم
پێد ە کە نـن
هەزاران چاو لەسەر سەرم
دەردەپەڕن و
ئەم ژانەی من نابینن!

ئەم دووفاقییە، هەمان ئەو چەمکەیە کە مێرلۆ-پۆنتی سەبارەت بە لەش-سووژە (body-subject) باسی دەکات؛ ئەو شوێنەی کە خۆناسی و بوونی ئەوی تر تێکەڵ دەبن. ژنی شیعرەکە لەسۆنگەی لەبارچوونی کۆرپەلەکەی، ئازارێکی لەشمەندانە ئەزموون دەکات، بەڵام "دەم" و "چاوە"کان تەنیا بە قسە و بە سەیرکردن لەلای ئەو حزووریان هەیە. ئەوان لەسۆنگەی ئەوەی ئەزموونی لەشمەندانەی ناسەرکەوتووی ژنی زگکەر ناژین، ناتوانن "ژان"ی لەبارچوونی ئەویش ببینن وبژین.

(٣)
"ئاسنەکە" کە هەردوو لەشی دایک و کچەکەی بڕیوە، تەنیا خوازەیەک نییە بۆ زەبر و زەنگ، بەڵکوو برینێکە کە لە لەشدا ژینراوە. مێرلۆ-پۆنتی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یادەوەریی لەشی پێشتر و بنەماییترە لە بیرهێنانەوەی عەقڵانی — لەشمان ئەزموونەکان بە شێوەیەکی پێش-هزری لەناو خۆیدا دەپارێزێت. گفتوگۆی دایک و کچەکە سەبارەت بەم برینە هاوبەشە، نیشانەی ئەم گواستنەوەی لەشمەندانەیەیە:
گوتم دایە، ئەو ئاسنانەی جەرگیان هێنامە دەرێ،
کە چەند جارێک جەرگی تۆیان هێنا دەرێ
چۆن لەبیرکەم؟!
گوتی کچم؛ خەونە ڕزگاربوون لەو خەیاڵانەی
بە ئاودا چوون.

لێرەدا دەرد و توندوتیژی ڕاستەوخۆ لەسەر لەش هەڵکەندراون. ئەم وەبیرهێنانەوەیە تەنیا وەبیرهێنانەوەیەکی زەینی نییە، بەڵکوو کاریگەرییەکی لەشمەندانەیە. مێرلۆ-پۆنتی پێی وایە زۆربەی ئەزموونە مرۆییەکان لە لەشی ژینراوی (Lived Body) ئێمەدا پاشەکەوت دەکرێن و دواجار دەبنە یادەوەریی لەشەکیی ئێمەی مرۆڤ، وەک چۆن ژنی نێو ئەم دەقە هەنووکە لەڕێگەی ئەم دەقەوە ئەم یادەوەرییە بۆ خوێنەری خۆی، چ مێ، چ نێر، دروست دەکات. کەواتە، ڕستەی "چۆن لە بیر کەم؟!" دەربڕینی نەتوانینی لەشە بۆ فەرامۆشکردنی ئەو شتەی لە ئەزموونی لەشمەندانەی زگکردندا بەسەر لەشی ژنەکەدا هاتووە، ئەزموونێک کە دایک بە " خەونە ڕزگاربوون لەو خەیاڵانەی بە ئاودا چوون" تەعبیریان لێ دەکات. لێرەدا، "بەئاوداچوونی خەیاڵ"، لە زمان دایکەوە، ئاماژەیە بۆ لەبارچوونی کۆرپەلەکە و بێبەرهەمبوونی ئەزموونی زگکردنی ژنی ئاخێوەری نێو دەقەکە.

(٤)
مێرلۆ-پۆنتی ڕوونی دەکاتەوە کە لەش ناوبژیوانیی پەیوەندیی نێوان ئێمە و جیهان دەکات.

لێرەدا، لەشی ژنەکە دەبێتە شوێنێک بۆ نامۆبوون — "، ژوورێک کە هەموو ژنێک دەناسێ و من نەمدەناسی " نیشانەی دووریی نێوان خود و جیهانە، تەنانەت لەناو ئەزموونە هاوبەشەکانی ژنانەشدا. لەرزینی قاچەکان دەرخەری ئەزموونی لەشیی دابڕان و تێکچوونە، ئەو شوێنەی کە ئاشنا دەگۆڕێت بۆ بێگانە:

ژوورەکەم دەپێوا،
هەمتر قاچەکانم لەبەر چاوی
خۆمدا دەلەرزین

هەڵبەت ناونیشانی شیعرەکەش، "ئاوڵەمە"، ئاماژەیە بۆ پێڤاژۆی (پرۆسەی) لەشمەندانەی بوونی کۆرپەلەیەکی لە ئەزموونی زگکردنی ژندا — گرێدراوی بوونناسیی (هێزی ئۆنتۆلۆجی) خود و ئەوی تر، ناوەوە و دەرەوە. دووگیانی، بە وتەی مێرلۆ-پۆنتی، کۆتاییترین لەشمەندیی دەروونناسیی نێوان-زەینییە: لەشی ژن ئەوی تر لەخۆ دەگرێت و ئەزموونی لەشمەندانە و ناسنامەی خۆی پێناسە دەکاتەوە. لەشی مرۆڤێک لەشی مرۆڤێکی دیکە دەژێت (هەڵبەت لەم شیعرەدا بەمردوویی). کەواتە، زگکردن (بە وتەیەکی دیکە، کرانەوەی بەئازاری لەشی ژن)، دەبێتە ئەزموونێکی بوونەکی (وجوودی) و واتایی. بۆیە، پەیڤی شاعیر لێرەدا لە لەشێکی ئازارچەشتووەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە زەین یان زمانێکی ڕووت و دابڕاو لە جیهانی هەستەکی، ئازارەکە هەم لەسۆنگەی خودی ئەزموونی زگکردنە، هەمیش لەبەر شکستهێنانی ئەزموونەکە و لەبارچوونی کۆرپەلەکە.

(٥)

بە ڕوانینێک لە ڕامانەی (تیۆریی) لەشمەندیی مێرلۆ-پۆنتی، "ئاوڵەمە" بیرکردنەوەیەکە لەسەر لەش وەک بنەمای ئەزموون، یادەوەری، زەبروزەنگ و گۆڕانکاری. ئەم شیعرە خوێنەر بانگهێشت دەکات بۆ ئەوەی خۆی بخاتە گۆشەنیگای لەشمەندانەی ژنێکەوە، بۆ ئەوەی هەست بە لەرزینەکان، ئازارەکان و خۆڕاگریی بێدەنگی ئەو بکات ئەوکاتەی ناتوانێت بەرهەمی نۆ مانگ ئازاری هەڵگرتنی گیانی کۆرپەلەیەک ببینێت و کۆرپەلەکەی لەبار دەچێت. شیعرەکە پیشاندەری ئەوەیە واتاکانی بەرمەبەستی شاعیر لە تێکەڵبوونی گۆشت (ئەزموونی لەشمەندانەی ژنی زگکەری کۆرپەلە لەبارچوو) و جیهانەوە سەر هەڵدەدەن و، زگکردنی ژن و نەتوانین لە هێنانی منداڵێک بۆ سەر ئەم جیهانە تەنیا کردارێکی فیزیکی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی قووڵی مەعریفی و واتاییشە هەم لە بوونی ژنی زگکەر، هەم لە بوونی ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، هەمیش لە بوونی ئێمەی خوێنەری ئەم دەقە.

سەرچاوەکان:



1. Merleau-Ponty, M. (٢٠١٢). Phenomenology of Perception (D. A. Landes, Trans.). Routledge. (Original work published ١٩٤٥)
2. Carman, T. (٢٠٠٨). Merleau-Ponty. Routledge.
3. Shusterman, R. (٢٠٠٨). Body consciousness: A philosophy of mindfulness and somaesthetics. Cambridge University Press.
4. اکبری، م. (١٣٩٤). بدن در پدیدارشناسی مرلو-پونتی. پژوهش‌های فلسفی. دانشگاه تهران.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ئاوڵەمە



نەورەس محەمەد

دەستی لێبەردام
وەک ئاسمان، باران جێی
دەهێڵێت،
هەوریش لەگەڵ با دا دەڕوات
وەک درەختێک، گەڵا جێی
دەهێڵێت و
سەرما گەمارۆی دەدات
ئاوا دەستی لێ بەردام

وەک دەشتێک، ئاو
لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا
فەرامۆشی کردبێت....

وەک بایەکی تووش،
لەچک لە سەری ژنێکی قرچۆڵ
فڕێدەدات و
ئاوڕی لێ ناداتەوە
وەک دڵبەرێک دڵدارەکەی
بیرچێتەوە
ئاوا بەجێی هێشتم

ڕۆژ دەبێتەوە؛ وێنەی گێلاس
دەبینم و دەگریم، کەچی دەبارم
بەسەر پیاوەکەم و کچەکەمدا

وامدەزانی خەون بوو
بەڵام دوێنێ بوو، ژوورێک کە
هەموو ژنێک دەناسێ و
من نەمدەناسی، دزێوانە هەناوی
دەهێنامە دەرێ

دیتم، لە چاوانم هەڵدەفڕێ...
بیرم لە خودا و شیعر دەکەمەوە
دەبێ کامیان بە هانامەوە هاتبن،
تا لێرە ناویان بنوسم.

ژوورەکەمم دەپێوا،
هەمتر قاچەکانم لەبەر چاوی
خۆمدا دەلەرزین
شیعریش ئەم ژانەی هەرگیز
دوور نەخستەوە.

شەوی هەینییە
دوو دەستی چکۆلانە دەیانەوێ
لە سکم بێنە دەرێ،
پێش ئەوەی بزانم خەون نییە
هەزاران دەم لەسەر سەرم
پێدەکەنن
هەزاران چاو لەسەر سەرم
دەردەپەڕن و
ئەم ژانەی من نابینن!

گوتم دایە، ئەو ئاسنانەی
جەرگیان هێنامە دەرێ،
کە چەند جارێک جەرگی تۆیان
هێنا دەرێ
چۆن لەبیرکەم؟!
گوتی کچم؛ خەونە ڕزگاربوون
لەو خەیاڵانەی
بە ئاودا چوون.



# به بێدەنگیی کتێبی (گوێگرتن لە بێدەنگیی عەبدولقادر سەرچناری)م خوێندەوە



خوێندنەوەی: جەبار شاڵی/سلێمانی

بەشی یەکەم:
گۆێ گرتن لە بێدەنگیی

بەراووردکردن و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەسازی لە ناوی کتێبەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە و تۆێژینەوە لە کێشەی ڕەوای کورد بکرێ لەگەڵ شۆڕش دا، شاعیر حەمەی حەمە باقی دەڵێت: بڕوخێ بێدەنگی، واتە: بەستەڵەکەکە بشکێنن وەرن با شۆڕشێکی نوێ لە دەنگی قەڵەمەوە ببیستین، مەبەستی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوو کەخۆم پەسەندم کردو کارم لەگەڵکردن، دوای نزیکەی چل ساڵ سەرچناری شاعیر دێت و دەڵێت:
(گۆێگرتن لە بێدەنگی)
لێرەدا جاڕی فەشلی ئەودەنگە دەچرپێنێ بە گوێی هەمووانا، دیسانەوە زیرەکانە چارەسەری کێشەی کورد ئەدۆزێتەوە و دەڵێت: دەبێت هەموان پراکتێک کارکەین لە هەموو سێکتەرەکانا تاکو وەک میللەتێکی زیندوو خۆری کوردستان دەرکەوێت، بێدەنگیەکەی سەرچناری پێکاوێتی، چونکە ڕاستە زۆرباسی شەڕ کرا، باسی ئاشتی کرا، باسی مافی ژن ومناڵ و پیرو هەتا گەنجەکان کرا، باسی ئازادی خوێنی بۆدرا.. ئیتر باوی قسەکردن چەواشەکاری تێکەوتووە وخەڵک،وەڕز بووە و چیتر ناخوێنێتەوە، کەواتە وەرن گوێ لە بێدەنگی بگرن لەگەڵ سەرچناریدا بزانین گوێگرتن لە بێدەنگی چەند کاریگەرە،
ئایا گوێگرتن لە بێدەنگی مانای دەبێت؟ هەموو شتێک بەکردار خۆی بسەلمێنێ فەرموون:
کۆمەڵێک شیعری شاعیر و ڕۆماننوس مامۆستا عەبدولقادر سەعید ناسراو بە قادر سەرچناری .
حەز ئەکەم هەموو کەسێک ئەم هۆنراوانە بخۆێنێتەوە چونکە جیاوازییەکی بەرچاو ئەبینم لەچاو بەرهەمە شیعریەکانی تردا کە ئەتوانم بڵێم وەک دیکۆمێنت دەتوانرێ پاشەڕۆژیش سوودی لێوەرگیرێ، وە لە فۆڕم وناوەڕۆکدا پێکاوێتی،
لەم سەردەمەدا کە ڕۆژانە چەندان کتێبی بێ کەڵک چاپ ئەکرێت و ئەیبەخشنەوە و لەو بڕوایەشدام کە زۆربەی ئەوکتێبانە گەرپەڕەی سپی بوونایە باشتر بوو بەخۆڕایی بدرانایە خوێندکار و قوتابیە هەژارەکان،
جەنگ لە نێوان ئێمەی کورد و داعش:
کورد و (دەوڵەتی ئیسلامی لە

عێراق و شام)، ئەم جەنگە هەموو شەریکە دوژمنەکانی کردوە بەیەک و بەیەک دەست هاتونەتە وێزەی کورد و کلتورەکەی، شاعیر بەشداریکردوە لە جەنگی سنووری باشووری کوردستان لەبەرەکانی پێشەوە، ئەم شەڕە چەندان دەوڵەت پێکەوە دروستیانکردوە بۆ دەستوەردان لەم ناوچەیە کە هێشتا بۆنی دابەشکردنەکەی سایکس بیکۆ لم ناوچەیە نەبڕاوە، لەسەرەتای شەڕی نەگریسی داعشەوە شاعیر بەکردار بڕیاریدا کە بچێتە بەرەکانی شەڕو بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانی کە ئەبێت هەموو کەسێک بەشداری هەبێت و بۆ ئەم مەبەستە داوای لە زۆربەی هاورێکانی کرد بۆ بەشداریکردن لەم شەڕەدا کە دوژمنەکەمان هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی لە ویژدانیدا جێی نابێتەوە و ئامادەیە دژی کلتوری گەلانی ئەم ناوچەیە وێرانکاری بکات و تەختی شارستانیەتی پێشکەوتوو هەڵوەشێنێتەوە و ،دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێ لەپێناوی داگیرکردندا بەناوی دینەوە.

شاعیر هەستی خۆشەویستی نیشتیمان و عەشقە کەی پێکەوە دەبەستێتەوە و لە روحی شاعیردا ئەم هەڵبەستانە هەڵقوڵاون

هەروەک کاک قادر ی شاعیر دەڵێت :

(بڕیارە سپێدە هێرش بەرین
بەوە نیگەرانم وێنەکەت
خڵتانی خوێن بێ
لەگیرفانما)

وێنە شیعرییەکی وا دروستبووە، وەک مامۆستا گۆران وتەنی:

(بڵێن بەبووکی تازەی یەک شەوەم
گەرهاتەسەرنەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتدا
لەپێناوی عەشقی منا نەژیا ،،،،
وەزیفەم بوو لەپێناوی و لاتێکا
سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردە کرد لە
دامێنی چیا وکەژیا)

ئەم هەستە لە زهنی شاعیردا ڕواوە و باخی دەروونی شاعیر هەمووجورە گوڵێک دەهێنێتە بەر،وپڕ بەپێستی ئەو هەستەی کوردایەتی و روحی نەتەوایەتی دێتە گۆ، لێرەدا شاعیر وەڵامی گۆران ئەداتەوە و دەڵێت: بەوە نیگەرانم وێنەکەت لە گیرفانما خڵتانی خوین بێ، واتە هەرگیز عەشق لێی جیانابێتەوە و لەگەڵیا ئەژی

کە گوایەعەشقەکەی لەیادنەکردوە، ئەمەش وەڵامێکە بۆ مامۆستا گۆران کە دەمێکە بەکاڵوکرچی مابووە .... لێرەشدا ئەڵێت: ؛

لە بەرەکانی جەنگداین
ژنەکانمان
وەڵامی زەنگی تەلەفونەکانمان
ناداتەوە
دیارە پێیان وایە ڕۆژگارێک
جەنگ لەگەڵ ئەوانیشا
بە ر پا ئە کە ین

لێرەدا فەلسەفەی جەنگ چێیە؟ لە نەخۆشیەکی نەفسی زیاتر هەرکەسێک لە بەرەکانی جەنگدا نەبێت نازانێ ئەو جەنگاوەرانە لە چ گێژاوێکی دەروونیا گنگل ئەدەن وچەند پەرێشانن، بەتایبەتیش ئەگەر کەسێکی شاعیر بێت کە ناسکی هەستی مرۆڤایەتی هەرگیز ڕێ بەشەڕ نادات، چونکە شەڕانگێزی کارێکی قێزەونە لە خودی زهنی شاعیردا، بۆیە ئەچێتە ناو دەروون و روحی خێزانەکەیەوە و ئەترسێ کەخێزانەکەی وەک شەڕانخوازێک عاشقەکەی ببینێتەوە و ئەمەش پێچەوانەی هەستی گرێدراوی عاشق و مەعشوقە، چونکە دەبێت عاشق و مەعشوق خۆبپارێزن لەشەو هەردی واتەنی،

وە لە تاریکی وخوای شەڕ کە ئەهریمەنە کەشای تاوانکارانە واتە شەیتان ..ئەشێ زاراوەی شەیتان کوردی بێت کورد کراوەی شای تاوانکاران بێت،

ـ بافلۆف ؛

مرۆڤ و گیانداران ڕادێن لەسەر خووە کۆنەکانیان وحەزئەکەن بگەڕێنەوە سەری و بۆیان تەرک ناکرێت، بۆیە شاعیر دەترسێت ئەم شەڕە کاری تێبکات و وەک عوقدەی ئۆدیب لە هەموو ژیانیا درێژە بکێشێ، من لام جێگەی فەخرە کە شاعیر زانیاری هێندە زۆرە لە بارەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە کە من تەنها دڵۆپێکم لە زانیارییەکانی شاعیر کاراکردوە و نووسیومە و لێی کۆڵاومەتەوە.

هۆنراوەکان زۆر باس هەڵدەگرێت من وەکو ڕەخنەگرە تەقلیدیەکان ڕەخنە ناگرم من پشت بە فەلسەفەی ئەستاتیکای هۆنەری لێکۆڵینەوە ئەبەستم، لەسەر بیروڕایەکی شامل لە هەموو قۆناغ و بابەت تێکڕای شاعیران لە میزانی یەک بابەتی بۆ عەشق و نەتەوایەتی و ،مرۆڤ ناسی و مافەکانی مرۆڤ و، گیانداران و ژینگە، بە کورتی هەرهێندە دەڵێم زۆر پێویستمان بە ڕەخنەی ئەکادیمی هەیە و ڕەخنەگرمان نییە کەپڕ بەم شاکارانە بێت منیش بە توانایەکی کەمی خۆمەوە هاتوومەتە ناو بابەتەکەوە و هیواخوازم بتوانم خشتێک لە بناغەی دیواری ئەم بابەتە دانێم و بتوانم بەهەستێکی پاکی ڕەخنەسازیەوە بێمە ناوبابەتەکەوە ....

بەشی دووەم:

ئەوانەی ناتوانن عاشق بن،
ناشتوانن ئازاد بن

لێرەدا شاعیر خۆی نزیک کردۆتەوەلە قسەیەکی فرۆید کە دەڵێت:
هەموو عەشقی مرۆڤ و زیندەوەرانیش لەپێناوی سێکس دایە، وە هەموو هەوڵێکی مرۆڤ کە ئەیدات پاڵنەرەکەی عەشقە کە ئەویش خولیایەکی سێکسیە بۆ دەسبەسەراگرتنی هەموو ئەو ئارەزوانەی لە بەینی نێر و مێدا هەیە،

جبران خەلیل جبران دەڵێت: کە ئازادی خۆ ڕزگارکردن بێت لە کۆت و کەلەپچە، بۆچی بە عەشقێک تەوقێکی تر لە ملی خۆت ئەنێت؟.

لێرەدا کەچی کتومت لە بۆچوونەکەی ئەم فەیلەسوفە ناچێت ئەمەش شاعیرخۆیەتی زۆرجار شاعیر بە دوای دژەکانا ئەگەڕێت تا جیاوازی بۆچوونەکانی ستایلی خۆی بێت و لاسایی کەسانی تر نەکاتەوە ...

لێرەدا دەڵێت:
سەربازێکی نەیارمان بە دیل گرت
نامەیەکی دڵداریمان لە گیرفانیا دەرهێنا،

لێرەدا مانای قوڵی جاڕنامەی مافی مرۆڤ ئەمەی سەلماندووە، واتە ئەگەر دوو سەرباز دژ بە یەکتری لەجیاتیی یەکتری لە بەرەی جەنگ ببینن، لە شوێنێکی گەشتیاری یەکتر ببینن لەوانەیە ببن بە هاوڕێی و پێکەوە لەجێی شەڕە نانی بخۆن و گەمە و گاڵتەش پێکەوە بکەن و یەکتریان خۆش بوویت،لێرە هەستێکی قووڵی مرۆڤ دۆستی لەو بەینەدا دەبینرێ،

حەلاج دەڵێت:
ئێمە دوو روحین لەیەک بۆتەدا
کەمنت بینی مانای ئەوت بینیوە

عمر ابن الفارز دەڵێت:
ولا قاتل الا بلفظ محدث ولا ناظر
الا بناظر مقلتی

هەروەها شاعیر دەڵێت:
(مشکەکان
هاوڵاتی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن
لەناو بەرەی جەنگدا
ماڵەکانیان چۆڵ ناکەن)

زۆرجوانە ئەمە ئەوپەڕی ڕۆشنبیری شاعیر دەر دەخات، چونکە ئەم خاکەمانای هی خاوەنە ئەسڵەکەیەتی کە ئێمە و گیاندارانی ئەم شۆێنە پێکەوە لێرەین، لێرەدا

دەقی نامەکەی سیاتڵ بۆ سەرۆکی ئەمریکام بیر دەخاتەوە

کە لە ساڵی١٨٠٠ ی زاینی بۆ سەرۆکی ئەمریکای ئەنێرێ، سیاتڵ سەرۆکی هندیەسوورەکان بوو ، لە نامەکەداهاتووە و دەڵێت: ئێرە خاکی ئێمەیە ئێوە داگیرتان کردووە و گا کێویەکانی ئەم دەڤەرەتان هەمووی کوشتووە، بەڵام ناتوانن ئەم خاکە تاسەر داگیرکەن چونکە..

ئەم زەویە بۆنی باپیرەگەورەمان لەبیر ناکا،

ناتوانن بۆن و بەرامەی ئێمە لەم خاکە بسڕنەوە،

ناتوانن مشکەڕەسەنەکان و مار و هەڵۆکان لەم خاکە دوورخەنەوە، ئەم خاکە گژو گیا و گوڵ و میوەکانی بۆن و تامی ئێمەی لێدێ، ئێوەیەک کە خۆێنی ئێمەتان تیایدا ڕشتووە قبوڵ ناکا ....

(هاوڕیان من دەقی نامەکەم لەبەرنەبوو تەنها مەفهومی نامەکەم بەیانکردوە)

ئێستا ئەم نامەیە لە کۆنگرێسی ئەمریکی پارێزراوە، وە بۆ ڕێزلێنانی ئەم سەرۆکە مەزنەی هندیەسوورەکان خەڵاتی گەورە درایە سیاتڵ، وە ناوی شارێک لە ئەمریکا بە ناوی (سیاتڵ) ەوە ناونرا،

شاعیر ئاگاداری هندیەسوورەکانە و کوردیش گەلێکی ڕەسەنە وەک گژوگیا و گیانەوەرانی ئەم خاکە. شاعیر زۆر هێمن و لەسەرخۆ و دڵفراوانەو تەمەنای خۆشگوزەرانی بۆ دوژمنانیشی دەخوازێ و، وەک مرۆڤێ ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گوڵەباڵێزەیشن واتە: عەولەمە و مۆدرێن و مەدەنیەت بۆ دوژمنە دواکەوتووە نەفامەکانیش دەخوازێ ئەمەش ئەوپەڕی مانای بەرزی مرۆڤایەتییە،

شاعیر لەو ڕووەوە ئەڵێت:

جەنگ کۆتایی هات

تفەنگەکان خرانە گەنجینەکانەوە

موجاهیدەکان ڕیشە درێژەکانیان تاشی

لەچکی ژنەکانیان توڕدا

مناڵەکانیان نارد بۆ خولی

سەمای بالیەو ئۆپێرا،

ئەمەش ماناکەی تەواو دیارە و شاعیر خێر وخۆشی بۆ دوژمنەکانیش دەخوازێ ڕوویەکی پەروەردەی مرۆڤایەتییە.

هۆکۆ یاماها دەڵێت:

دوای جەنگی جیهانی دووەم ئێمە پەروەردەیەکی دژی شەڕمان فێری نەوەکانمان کرد و مناڵەکانمان ناردە بەریتانیا و ئەمریکا بۆ خوێندنی تەکەنەلۆژیا و بوارەکانی تری ژیان کە قوتابیانمان گەڕانەوە ژاپۆن بوین بەم ژاپۆنەی ئێستا دەیبینن،

شاعیر ، کۆتایی بە شیعرەکانی دەهێنێ و دەکەوێتە باسی سەرمایەدارانی جیهان و پیلانی شەڕەکان دەخاتە ملی سەرمایەدارەکانی جیهان و زلهێزەکان و دەڵێت:

(سەرمایەداری قەفەزێکی پۆڵاینە بە یارمەتی ڕاوچیە بە کر ێگیر ا و ە کا ن جێی هەموو شێرەکانی تیا د ە بێتـ ە و ە)

تەواو وایە هەموو نەهامەتیەکانی جیهان سەرمایە دارانی جیهانی و مافیاکانی لەپشتەوەیە.

جبران خەلیل جبران دەڵێت:

سەرمایەداران ڕاوچیەکی بێ دین و بێ وێژدانن نێچیرەکان و بێچوەکانیشیان پێکەوە ئەکوژن و گوێ بە هیچ یاسایێک نادەن کە ڕێ بە تەماعیان بگرێت .

دەستخۆش بۆ کاکە قادرسەرچناری بەڕێز و ئەوەی من خوێندنەوەم بۆ کرد دڵۆپێک بوو لە دەریای ناو هزری شاعیرخۆی وەکو دەڵێن: (معنی الشعر فی قلب الشاعر)

هیوادارم توانیبێتم شتێ بڵێم بۆ ئەدەب وشیعر،

لەوانەی حەز ئەکەم هەندێ وردەکاریش بڵێم دەربارەی مۆتیڤەکان ئەگەر سەیری مۆتیڤەکان بکەین،

ئاوا دێنە بەرچاو

زۆر وێنە دەبینین کە کتێبەکەی پڕ کردووە لە وێنەی جۆراو جۆر باسی هەر شتێک کراوە وێنەیەکی بۆ دابەزێنراوە، باسی چۆلەکە کراوە وێنەی چۆلەکە دەبینیت، ئەوە هەڵەیە هەموو کەسێک چۆلەکەی دیوە،

باسی بەرد کراوە، وێنەی بەرد دانراوە،

مۆتیڤ مینیماڵ کردنی بابەتێکی گەورەیە و بچووک کردنەوەی لە وێنەیەکدا و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش کە دەتوانی بە شیعر یان هەر بابەتێکی ئەدەبی تر دەری ببڕی، وێنەکان زۆر زۆرن پێویست ناکا چونکە شیعرەکان بە زمانێکی زۆر سادە نووسراون و تێگەیشتنیان ئاسانە.

هەروەها لە هونەردی شێوەکاریدا ڕەنگ دەور ئــەبینێ بۆ تەعبیر کردن لەو وێنانەدا ڕەنگ وجودی نییە،

زهنی شاعیر زۆر فراوانترە لە زهنی دروستکەری وێنەکان لەبەر ئەوە لە هێزی شیعرەکانی کەمکردۆتەوە. بە واتایەکی تر شیعرەکان پێویستیان بە مۆتیڤ نییە،

میناتۆرەکانی ناو قەسری پاشا و میرنشینەکان لە سەردیوارەکان مۆتیڤن چونکە تەعبیریان لە سەردەمی مێژوویی خۆیانکردووە وەک پانۆراماکانی سەدام حوسێن بۆ جەنگی عێراق و ئێران، وە سەدام بۆجەنگی قادسیە زۆر بە گەورەیی لەسەر دیوارەکان دروستیکردبوو، وە بە ڕەنگ وسەلیقەی هونەرمەندان کێشرابوون. بۆیە دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: خۆزگە ئەم کتێبە ئەو وێنانەی تیا نەبوایە، چونکە شاعیر لێرەدا گوناحی نییە لەبەر ئەوەی دیزاینەرەکە زانیاری لەو مەجالەدا نەبووە و هەڵەیکردوە کە هەر چاوی نووقاندوە و وێنەی داناوە، هەروەها بەرگی ئەم کتێبە هیچ دیار نییە و زۆر ساکار و بێ هێزە و تەعبیر لە کتێبی ناکات کە بابەتەکەی لە جەنگ بدوێ لە نا و چە یە کی




دەوڵەمەندی پڕ پیترۆڵ و مەعادن و ئاوی شیرین و، خاکی بەپیت و بەرەکەت کەهەمیشە دوژمنان پەلاماریانداوە لە پێناو سرووشتی دەوڵەمەندیدا، دەبوا وێنەی شارستانیەتی کوردستانی تیدا بوایە

من لە هۆنراوەیەکدا وتوومە:

لە جەنگەکانا

تاوانی گەورە ئەنجام درا

ملۆێنەها کوژرا

ملۆێنەها

بێ سەروشۆێن کرا

بەڵام هیچیان

وەک شێواندنی

کارە هونەریەکان

شوێنەوارە دێرینەکان

دڵی ئەم زەمینەی

پێ زامدار نەکرا .

لەگەڵ ڕێز وخۆشەویستیماندا بۆ کاک عەبدولقادر سە ر چنا ر ی شاعیر و هە مو و خوێنەرانی ئازیز.



# محەممەد فیدا
## شاعیرێکی میللی بێناز




نیازی حەمە عەزیز

شاعیر و مێژوونووسی کورد ( محەمەد ساڵح هەمزە ) ناسراو بە «محەمەد فیدا» .. لەساڵی ١٩٢٩ لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیاوە . ژیانی منداڵی و خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تێپەڕاندووە .. لە ١٩٤٧ هاتۆتە مەرگە و لە ١٩٤٨ هاتووە بۆ پشدەر و ماوەی سێزدە ساڵ لە ناودەشت و گردبداغ و بێگەڵاس وەکو مامۆستا وانەی گوتۆتەوە. لەساڵی ١٩٦١ تاکو ١٩٨٤ کە دواساڵی ژیانی بووە پیشەی برینپێچی»مضمد»ی کردووە و خزمەتێکی زۆری بە خەڵک گەیاندوە.

(١٢) کتێبی لە شیعر و مێژوو و وەرگێڕان هەیە و تەنها دووانیان چاپکراوە کە یەکێکیان دیوانە شیعری (ڕەش و سپی) یە کە لە سەروبەندی چاپکردنیدا بە نەخۆشی کۆچیدوایی کرد و بەو ئاواتەی نەگەیشت کە بیبینێ! کتێبەکەی دیکەی مێژووییە بە ناوی (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە). شایانی ئاماژە پێکردنە کە شاعیر و نووسەری جوانەمەرگ هاوڕێم (کاوە فیدا) تاقە کوڕی ناوبراو بوو کە لەساڵی ١٩٩١ لە ڕانیە دەستێکی ڕەش تیرۆری کرد، ئەمەش کۆپلەیەکی پێنج خشتەکی شاعیر محەمەد فیدایە لەسەر شیعرە بەناوبانگەکەی شاعیری مەزن قانیع:



جەزرەبە و لێدان و گرتن دیارە لەم (ئێران)ە یە
زوڵم و جەور و نامرادی، کردەوەی شاهانەیە
تازە ڕزگاریم نەماوە، گۆڕم لەم زیندانەیە
(ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە).
دروود بۆ گیانی هەردوو فیدا ..



# پڕکردنەوەی دوالیزم لە شیعری (ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان)ـی

## سەباح ڕەنجدەر



خوێندنەوە: پێشەوا کاکەیی

خەیاڵسازی و جوانیناسیی شیعر ڕوویەکی گرنگی پەیوەندی نێوان شیعر و شێوازە، کە بنەڕەتیترین واتای شیعر دەستگرتنە بە جوانیناسییەوە. لێرەدا باس لە گوتاری هەستی جوانیناسی ناونیشان دەکرێت، بەڵام لەو چەمکە شیعرییەی کە شاعیر خۆی لە ڕێی گوتاری ناو ناونیشانەکانیەوە، بێ ناوەڕۆکی شیعرەکان یان ڕوونتر بڵێم بێ هەڵگیرساندنی جەنگی ناو ناونیشانەکان، گوتارێکی دیکەی فڕێداوەتە بەردەمی خوێنەر. شاعیر لە شیعری [دەنگ]ـدا، (١٠) ناونیشانی پڕ ململانێی زمانی شیعریی خولقاندووە، بەڵام لە شیعری [ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان]ـدا، سەرقاڵی پاککردنەوە یان سپیکردنەوەی هەر (١٠) ناونیشانەکەیە نەک ڕەشکردنەوەی لاپەڕەکان. شاعیر لێرەدا «بۆشایی» کردووەتە بیرکردنەوەی شیعریی تا خوێنەر خۆی لە ڕێی ناونیشانە بێ ناوەڕۆکەکان، «خودێتی»ـی خۆیان لەگەڵ «بابەت»ـدا دەقئاوێزان بکەن. یانی ناونیشان لە لایەن شاعیرەوە دیاری کراوە و ناوەڕۆک خوێنەر خۆی تێدا بەیان دەکات کە خودێتی و بابەت دەقئاوێزانی ناونیشان دەبنەوە. ئەو هەستە جوانکارییەی کە باسی کردووە لە ناونیشانەکانی ناو [ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان]، لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە واتاسازیی شیعری نوێخوازی و نزیکە لە هێماسازی و جوانیناسییشەوە. جوانیناسی، ئەو چێژە شیعرییەیە کە شیعری نوێخوازی لە شێوازناسیدا نیشانی دەدات و خوێنەر قووتی دەدات. ئەم (١٠) ناونیشانە، لەسەر بنەمای بیرلەخۆکردنەوە وەک شوێنی کۆتاییی ناو ناونیشانەکە و جەخت لەسەر «خۆبوون و گەشتی خود» دەکاتەوە بەناو شیعردا، لە گەشتی شاعیرێکدا.

کە ئەو هەستە جوانکارییەی لە ناونیشانەکاندا باسی دەکات، لەسەر بنەمای ناسینەوەی ئەرێنی خودی شاعیر دامەزراوە.

لێرەدا هەرچەندە بنچینەی سەرەکی دوالیزمی ناونیشان و ناوەرۆک نییە، بەڵام دوالیزمەکەی بە بیرکردنەوەی شێواز پڕ دەکاتەوە کە ئەم شێوازەیش بە بیرکردنەوەی خوێنەر لە بۆشایی بێ ناوەرۆکدا، ناوەرۆک وەک خود و بابەت دادەڕێژێت و شیعر بەرهەم دەهێنێت. ئەم سپیکردنەوەیە، ئەستەم نییە بۆ خوێنەرێک کە ئاگاداری شیعر بێت یان ڕەخنەگرێک یاخود هەر کەسێک کە حەزی شیعری هەبێت. شاعیر لێرەدا جوانیناسییەکەی فڕێداوەتە بەردەمی خوێنەرەوە تا چێژی شیعریی لە ڕێی ناو ناونیشانەکانەوە کە هەیە بە نووسینی شیعر یاخود بیرکردنەوە لە بۆشایی شیعرەکان وەربگرێت. لەبەر ئەوە، چێژی شیعریی، سیمای بنچینەیی شیعرە. ڕاستییەکەی هەمان شت بۆ ئەو زەمینە جوانکارییەی کە بۆ ناونیشانەکانی شیعری بێ ناوەرۆک ڕەخساوە، ڕاستە.

ئەوەیش ڕاستە کە چێژی شیعری ڕەگوڕیشەی لە نووسینی شیعردا هەیە وەک تایبەتمەندییەکی ڕەگەزیی، بۆیە شاعیر ئەم چێژە شیعرییە بە خوێنەر پڕ دەکاتەوە کە خۆی جارێکی تر هەم وەک شاعیر چێژ ببەخشێت بە خوێنەر لە ڕێی ناونیشانەوە و هەم چێژیش وەربگرێتەوە لە ڕێی بۆشایی ناوەرۆکەکانەوە. لێرەدا چێژی شیعری پەیوەندی بە نهێنی بێ ناوەرۆکی و ئاشکرایی ناونیشانی شیعرەوە هەیە. کە بە دیوێکدا، نهێنی جیاکاری نێوان شیعر و ناشیعریشمان بۆ دەخاتە ڕوو. دەکرێت بڵێم شاعیر لە مێژووی شیعری نوێدا، بە دوای نووسینی شیعردا دەگەڕێت. نووسینی شیعری نوێی ئەو، ئاڕاستەی بەدواداچوونی ئاگاییانەیە بۆ چێژی شیعری. شیعری نوێ، پێویستە زۆر پشت بە جوانیناسیی شیعری دەروونناسی ببەستێت. لەگەڵ ئەوەیشدا، شاعیر لە ڕێی ناونیشانی بێ ناوەرۆک، پەیڕەوی لە شیعری هێماگەرایی شیعری نوێدا کردووە.

پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری، لە ڕێی ناونیشانەوە بە بێ ناوەرک ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەیش دەتوانم بڵێم کە «پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری»، داڕێژەری ئەم بیرۆکەیە خۆمم و لە ڕێی ناونیشانەوە پێی گەیشتووم و لێرەدا لەگەڵ ڕاڤەکردنمان بۆ شیعرەکە ئەم بیرۆکەیەتان لا گەڵاڵە دەبێت. ئەمە دوالیزمی شیعری نییە، بەڵکوو چۆن دوالیزم بە بونیاد دێت. دوالیزمی شیعری، لە ڕێی ناوەرۆک و ناونیشانەوە بە تێکەڵبوونی خودی بابەت لەناو بابەتدا دێتە دی، بە کۆمەڵێک خاڵی ترەوە کە ئێرە جێی باس نییە، بەڵکوو قسە لەسەر پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری دەکەم کە ئەمیش لە پێنج خاڵدا دەیخەمە ڕوو؛

١- شاعیر خۆی ئەم «بێ دوالیزم»ـیەی خوڵقاندووە، تا خوێنەر خۆی پڕی بکاتەوە؛

٢- شاعیر لە ڕێی «خود و بابەت»ـی خوێنەرەوە کە لە بۆشایی بێ ناوەرۆکەکەیدا پێی دەگات، ئاوێزان بە ناونیشانەکەی دەکات و لە بۆشایی ناوەرۆکەکەیدا چێژی شیعری بە ناونیشانەوە دەبەستێتەوە، تا خوێنەر خۆی لە بۆشایی بێ ناوەرۆکدا چێژەکە پڕ بکاتەوە؛

٣- پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری، پڕکردنەوەی چێژە لە

ڕێی خوێنەرەوە. چونکە چێژی شیعریی دوالیزمی شیعری، لە ناونیشان و ناوەرۆکەوە سەرچاوە دەگرێت. زۆر جاریش شیعر بێ ناونیشان بووە و بەڵام دوالیزمی لە خۆیدا هەڵگرتووە؛ ئەمەیان پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعرییە لە ڕێی خوێنەرەوە کە پەیوەستە بە چێژەوە، ئەم چێژەیش دەبێت لە ناونیشانەکاندا هەبێت؛

٤- هەموو ناونیشانێکی بێ ناوەرۆک نابێتە هۆی پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری، ئەگەر خودی ناونیشانەکە خۆی سەرڕێژی چێژی شیعری نەبێت. واتە ئەگەر بەر چێژی ناونیشان نەکەویت، ناگەیت بەوەی پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری لە ڕێی خەیاڵدانتەوە پڕ بکرێتەوە؛

٥- لەکارخستنی ناوەرۆکە تا خوێنەر لە ڕێی چێژەوە ناوەرۆک بخاتەوە گەڕ و پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری بە بونیاد بنێت.

بە گشتی شیعر ناتوانێت دیدگای گەورە و تەوەرە درێژخایەنەکان وەک جیهان و ڕۆح لە خۆیدا بەدەر بنێت. وەک چۆن شیعر ناتوانێت خۆی لە پۆلێنە فەلسەفییە مێتافیزیکییەکانی وەک: [کات و فەزا، عەقڵ، بوون و هیچبوون] خۆی بەدوور بگرێت؛ چونکە شیعر گۆڕان و گۆرانییەکی بەردەوامی مرۆڤایەتییە، کە لەوانەیە بیرکردنەوەی نووسەر، پرسیارکردن و دەستگرتنی بێت بە [جیهان و کات و شوێن و جیهانی مرۆڤایەتی]یەوە. بە گشتی [ئەوەی ئاگاداری شیعر نەبێت]، ئەستەمە بۆی ڕاستەوخۆ ئەم ناونیشانانە وەک شیعر وەربگرێت، چونکە ئەم جۆرە تەوەرە زەحمەتە ئەگەر تێیدا شارەزا نەبێت، بتوانێت پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری لە چێژدا بخولقێنێت. هەروەها ئاسانیشە گێڕانەوەی گەورەی خەیاڵی تێدا بە کار بهێنێت بۆ دەربڕین، ئەمەیش وا دەکات دەقەکە بکەوێتە ناو چەشنێکەوە کە چەقبەستوویی دروێنە بەتاڵ بێت. بێگومان ناونیشانی شیعر بۆ شیعرێک زۆر گرنگە، تەنانەت ئەگەر «بێ ناوەرۆک»یش بێت. ڕەنگە خەڵک وا بیر بکەنەوە کە ناونیشانی شیعرێک وەک ناوی مرۆڤێک وایە، گرنگی و ئەرکەکەی خۆبەخۆیە، بۆیە پێویست بە هەموو ئەو ناونیشانانەی ناو ناونیشانەکە ناکات بە بێ ناوەرۆک، بەڵام بە ڕای من ئەمە خولقاندنی دەقێکی نوێی شیعرییە لە ڕێی چێژی ناونیشانەوە کە ڕۆڵ و گرنگی ناونیشانی شیعرەکان لە لەکارخستنی ناوەرۆکدا دەردەکەوێت! بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێی چێژەوە ناوەرۆک بخاتەوە گەڕ.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر (١٠) ناونیشانە شیعرییەکە، هەر هەموویان شیعریین و چێژیان فرێداوەتە بەر دەمی خوێنەر، بۆ ئەوەی لە ڕێی چێژەوە ناونیشان وەک کلیلی دەق بکاتەوە. ئەم ناونیشانانە کە لەناو [ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان]ـدایە، خۆیشیان شیعرن؛ بەڵام شاعیر بە شارەوەیی ناوەرۆکەکانی بۆ خوێنەری جێ هێشتووە و بە ئاشکرایش سەری ناونیشانەکانی وەک دێڕێک لە شیعری نوێدا جێ هێشتووە. یانی شاعیر لە ناونیشانە سەرەکییەکەدا کە [ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان]ـە، خۆی ساغ کردووەتەوە کە ناوەرۆکەکان بێ جەنگن، بێ ململانێ و گرژی شیعریی و دەقئاوێزانەکەیان بەتاڵە و لە ڕێی چێژی ناونیشانەکانەوە کە شیعریین و چێژیان زاڵە، خوێنەر لە بۆشایی بێ ناوەرۆکدا دەگاتە چێژێکی تر کە دەقئاوێزانی دەکاتەوە بە

بیرکردنەوە لە شیعر.
ئەمەیش پێنج لە ناونیشانەکانی ناو [ناونیشان بی گۆڕەپانی جەنگەکان]ی سەباح رەنجدەرە کە لەژێر هەر دانەیەکیاندا، بە کورتی سەرنجی خۆم دەخەمە ڕوو؛

١- لەکاتی خۆیدا لە قووڵاییدا هەڵدەلەرزم

شاعیر ئامادەیی خۆی وەک بیرکەرەوەیەک لە شیعر و نووسینی شیعردا ڕاگەیاندووە. [لەکاتی خۆیدا]، ئەمە سەرنجدانە بەوەی خوێنەر ئامادەیی خۆی نیشان بدات لەوەی چی شتێک لەکاتی خۆیدا؟ خوێنەر بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت. کاتێک دەڵێت: [لە قووڵاییدا هەڵدەلەرزم] بیرکردنەوە شیعرییەکە دەردەخات کە پێشمەرجی ئەوە بووە لەکاتی خۆیدا بیر لە شیعر بکاتەوە. هەر لەبەر ئەمەیشە ئەم گۆڕەپانەی بێ جەنگ هێشتووەتەوە تا خوێنەر خۆی ململانێیەکی شیعریی لەگەڵ ناونیشانە پڕ شیعریی و چێژە شیعرییەکەیدا بهێنێتە کایەوە.

٢- گرەو لەگەڵ کلیلسازی گەنجینەی پاشا و داهاتووی پێشبینیکر ا و

ئەمەیش بە وەڵامی شاراوەی شاعیر و سەرسڕمانی خوێنەر دەست پێ دەکات؛ کە چ شتێک جێی گرەوە لەسەر گەنجینە و داهاتوو. چێژەکە لێرەدا لەسەر مەتەڵە کە خوێنەر ئەو مەتەڵە شیعرییە پڕ بکاتەوە.

٣- پێم بوونەتە رووبار و خۆم بۆ شەڕی دنیا ئامادە کردووە

یەکێکە لە جوانترین ناونیشانە پڕ شیعریی و چێژی و وەڵامییەکان و پرسیاریشی بۆ خوێنەر جێ هێشتووە بۆ پڕکردنەوە لە بیرکردنەوەی شیعرییەکە. کاتێک شاعیر لە ناونیشانە سەرەکییەکەدا دەڵێت: [ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان]، ئەی کە وەڵامی داوەتەوە، بۆچی پرسیار درووست دەکات؟ تا تۆی خوێنەر بگەڕێنێتەوە سەرەتای ناونیشانی سەرەکی و خۆت بۆ شیعرێک ئامادە بکەیت لەو گۆڕەپانەدا.

٤- قەلەڕەشێک بە قەوارەی هەورێکی زەرد

قەلەڕەش هەمیشە بە دوای شوێنی جەنگەوەیە کە ئەمیش مرۆڤ تێیدا بەرپای دەکات. ئەم قەوارەیە، هەورێکی لچداشۆڕاوی زەردە کە بە دیار کوشتن و کوشتنکارییەوە سەرقاڵە کە لە گۆڕەپانەکەدا جەنگی داگیرساندووە و خوێنەری تووشی دۆشداماوی کردووە و بەسەر لاشەکانیدا قەلەڕەشێک دەنووک لە کوژراوەکانی دەدات. ئەمە ئەو ناونیشانەیە کە ڕەهەندێکی سیاسی هەیە و پڕ لە جوانناسییە و خوێنەر لە ڕێی چێژی جوانناسییەکەوە بیر لە ڕەخنەی شیعری دەکاتەوە تا شیعرەکە پڕ بکاتەوە و دوالیزمی شیعری پێ بونیاد بنێت.

٥- گوڵەخوریی زمانی سەرکردەیەکی ئەژنۆ شلی بزمارڕێژ کرد

دیسانەوە بە هەمان وێنەی ناونیشانی چوارەم و بە هەمان کردەی ناو ناونیشانەکە ئەنجامی داوە، بەڵام لەمەیاندا لەسەر زمانشڕێکی ناوخۆ و ئەژنۆ شلێکی سیاسیی حیزبێکی خێڵەکیی کوردستانی باشوور کردووە. لە چوارەم لەسەر پارتێکی خێڵەکییە و لە هی پێنجەمدا لەسەر سەرکردەی پارتە خێڵەکییەکەیە. ئەگەر سەیری ناونیشانی شەشەم تا دەیەمیش بدەین، هەریەکەیان لەژێر ڕۆشناییی ئەو خاڵانەی سەرەوەدا کە بەر باسم داون،

کاری تێدا کردووە.
شیعر گوزارشت لە ئاواتەکانی مرۆڤ دەکات، دڵ ئاواتەکانی مرۆڤە، قسەی مرۆڤیش شیعرە، هەر بۆیە وشەی شیعر بە دوای وەڵامی ناونیشانەکانی شاعیردا دەگەڕێت. کە شاعیر «شوێن»ـی تەنیا لە ناونیشانەکاندا داگیر کردووە و لە ناوەرۆکدا ماڵۆچکەکەی بۆ خوێنەری جێ هێشتووە. ئەم ناونیشانە شیعرییانە وەکوو خانوویەک وان، بەڵام بێ ماڵن و خوێنەر دەبێت خۆی ماڵسازی تێدا بکات. کاتێک دەڵێین شیعر گوزارشت لە ئاواتەکان دەکات، واتە شیعر گوزارشت لە بیرکردنەوە و خواست و هەستی مرۆڤەکان دەکات. شاعیران بە درێژایی سەردەمەکان شیعریان بە کار هێناوە بۆ دەربڕینی هەست و ئاواتەکانیان. بۆیەشە شاعیر ناونیشانە بێ ناوەرۆکەکانی جێ هێشتووە بۆ خوێنەر تا خوێنەر خۆی گوزارشت لە بیرکردنەوەی شیعریی بکاتەوە و پڕکردنەوەی دوالیزمی شیعری وەک تەواوکەرێکی شاعیر ئەنجامی بدات.

حوزەیرانی ٢٠٢٣ قەڵادزێ

# دەق و ڕەخنە

**دەق: سەباح ڕەنجدەر**
**ڕەخنە: پێشەوا کاکەیی**

ناونیشان بێ گۆڕەپانی جەنگەکان

١
لە کاتی خۆیدا لە قووڵاییدا هەڵدەلەرزم
٢
گرەو لەگەڵ کلیلسازی گەنجینەی پاشا و داهاتووی پێشبینیکراو
٣
پێم بوونەتە ڕووبار و خۆم بۆ شەڕی دنیا ناونووس کردووە
٤
قەلەڕەشێک بە قەوارەی هەورێکی زەرد
٥
گوڵەخوریی زمانی سەرکردەیەکی ئەژنۆ شلی بزمارڕێژ کرد
٦
هێڵ کۆبووەوەی خاڵ و دەریای بە هاژەیە
٧
پێغەمبەران بە جۆرە دوودڵییەکەوە ڕوخساریان وەرگرت
٨
ڕووناکی و مۆسیقا ڕوخساری شاعیرێکن بە دوژمن دەوردراو
٩
کە ڕۆیشتم پێڵووی چرایانم هەڵێنا و مانگم بە ڕێگاوە
١٠
کەڵەباب و مەلا دەستڕەشترین دێوەزمەی یەکترن

کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠ هەولێر

# خوێندنەوەیەکی خێرای شیعرەکانی ژمارە (1)ی گۆڤاری (ژوانی شیعر)






**بۆتان جەلال**

* لە شیعری (پەیڕەو)ی مامۆستا (غەریب پشدەری) دا هاتووە:

**کێیە ئەمشەو .. کۆرپەی غەمی**
**ئەوینی گریاوم ژێرکا**
**نەهێڵێ نینۆکی تیژی ..**
**لە یەخەی تەنیاییم گیرکا !؟**

***

ـ چوارینەیەکی ناسکە ،هاواری ناخسووتاوی بەجێماوی شاعیرێکە،لە خۆشەوستی و سۆزو نازی دڵدارەکەی دابڕاوە ، گوتارێکی خودی ڕێکخەرە بۆ خودێکی تری دیار کە خۆشەویستەکەیەتی ، داوای لێدەکات ، بەیادی جاران بگەڕێتەوە ئامێزی و ژیان نوێبکەنەوە.

میتۆدی شیعرەکە ،لە ڕووبەری نوستەلۆژیدا خول دەخواتەوە ،بە وشەی ناسک ورووبەڕوو کە دەمێکە (غەریب پشدەری) ئەم جلو بەرگەی لەبەر شیعرەکانی دەکات و نایەوێ بیانگۆڕێ ، پەیکەرەکەی دارشتووە ، هەوڵیشی داوە ، ماناکانی تێکەڵ بە کەش و هەوای سۆفیگەرایی بکات ، بەڵام چونکی لەمجۆرە ماناو گوتارانە زۆر بیستراون، هێزی نوێی شیعری لێ دیار ناکەوێ ، زیاتر بایەخی بە ڕێکخستنی ڕیتمەکەی داوە ورێگاکەی پێ تەواو کردووە.

* دەقی شیعری(گەربۆم بلوێت) ی (ئیسماعیل بەرزنجی ) ئەم

پارچەیە دەخوێنینەوە :

**بەرلەجەژن**
**دەچمە شوێنی جارانی لەیلووک**
**لە جێگەی ئێستای**
**بازاڕە سەقەتەکەی نیشتیمان**
**چەندان لەیلووک دادەنێم**

***

- شیعرێکی ڕاپۆرتییە، ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە ، نۆستەلۆژیایەکی غەمگین و بێهوودە نمایشدەکات ، سەردێکی سادە بە وشەی سادە یادگاری ڕۆژانی ڕابردووی تیا بەرجەستە دەکات ، هێزی ئیستێتیکی زمان و دەلالاتی ماناداریەکانی سنووردارن .

* خاتو ئەرخەوانی شاعیر لە پاژێکی دەقی (کاتێ ڕۆح ئەبێتە خۆلەمێش) دەڵێت :

**ئەزانم**
**بەروحی خۆیانەوە سەرقاڵن**
**گوڵ ئەڕوێنن ، چرا دادەگیرسێنن**
**ئایەتەکانی عیشق لەبەر ئەکەن**
**ئەوان زۆر سەرقاڵن**
**من لە پشت شووشەی**
**پە نجە ر ە یە کە و ە**
**تەماشایان دەکەم**

***

- ڕۆح ، جووڵەیەکی دینامیکی نییە، هەورە لە ئاسمان کۆبۆتەوە، نازاندرێ قەبارەو ڕووبەری چەندە ، ناشزانرێ باران دەبارێنێ ، یان موسافیرە وچرپەک دەکاو گوزەری بەدوادا دێت .

ڕۆحی (ئەرخەوان) تەسلیم بە ناسۆرییەکانی عەشق بووە،ئاسان ڕۆحی دەخاتە نێو تەنوورێک ، دەیسووتێنێ و دواترخۆڵە مێشەکەی بە با دەدا ، تەنیا لەبەرئەوەی خولیای سووتانی عەشقێکی بێگەردە ، متووی عەشقێکی قووڵ و جوانە ،دەیەوێ بسووتێ وبەخۆڵەمێشی ڕۆحی تێکەڵ بە ڕۆحی خۆشەویستە دوورە دەستەکەی ببێت و بەشداری هەناسەکانی ژیانی لەگەڵدا بکات.

لە ڕووی ماناوە دەقێکی کراوەیە ، تەئویلی ژێر بەژێری جۆرەها مانا ئەڤینداریەکان لە خۆیدا دەشارێتەوە .

* موحسین ئاوارە شیعرێکی بە ناونیشانی ( گەردوون بێباکە) ی نووسیووە ، لە بەشێکیدا دەڵێت:

**ئەم پیرە گەردوونە**
**هەر هەیە و لەبوون ونەبوونە**
**ئەم گەردوونە هەر لەسەر پێیە**
**پێت وانەبێ ، ئاگای لە تۆیە !**

***

- ژیان و مردن دوو مژاری بنچینەیی شیعرن، شاعیران ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هۆگری دەبن و وەک پرسیار هەمیشە لە دالغەوسۆزەکانیاندا نیشتەجێ دەبن .

کاکە موحسین ئەویش بەدوای سۆراغی ژیان ومردندا چووە ، بەڕوونی و سادەیی دەیەوێ گفتو گۆ لەگەڵ میتا فیزیک بکات ولەوێ ئەو وەڵامە وەربگرێتەوە کەلەکۆی شیعرەکەیدا ئاڕاستەی کردووە .

بەڵام هەندێکجار دەربڕین بە ستایلی سادە ، هێزی مانا دەکوژێ ، بۆیە قووڵبوونەوە لە مەسەلەیەکی وەک میتا فیزیک پێویستییەکی زەهنییە و نووسەری دەق دەبێ چاک خۆی بۆ ئامادە بکات.

* سێ خونچە شیعر .. تایتڵی دەقێکی (جەلال بەرزنجی )یە ، لە یەکێکیاندا دەبێژێت :

**تاراوگە**
**هەمیشە شێوەیکە لەشێوەکانی**
**نیشتیمانی دووەمین ،**
**هەڵنەبژێردراوە ، بەڵام ناسراوە.**

***

- ئەم دەقە سێ بابەت بەیەکتر دەبەستێتەوە، (قەیران ، شوێن ، تاراوگە ، گوتاری ناسیو نالیستی)

شاعیر کێشەی ئۆقرە گرتنی

لەشـوێنێکدا هەیـە ، تائێسـتاش کـە تەمەنێکـی زۆری لـە ژیانیـدا بەڕێکـردووە ، بڕیـاری دامەزرانـدن و نیشـتەجێبوونی لـە شـوێنێک نـەداوە ، دڵـی لـە نێـوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا دێت و دەچێت ، چۆتە تاراوگەو ئەزموونـی کـردووە ، لەکۆتاییـدا گەڕاوەتـەوە نیشـتیمانەکەی ، لێرەش ئارامـی پێـوە دیـار نییـە ، بـە گوتـاری ناسـیو نالیسـتی بەرجەسـتەی نیگەرانییەکانـی دەکات.

بەهەرحـاڵ دەقێکـی قـووڵ و پـڕە لـە دەلالاتـی هێمایـی ، بـە وشـەی کـەم مانـای زۆری بەرهـەم هێنـاوە ، دەسـتباڵایی لـە بەکارهێنانـی (زمـان) لـە ڕایەڵـی نێـوان ڕسـتەکان پێـوە دیارە ، زمانی دەقەکـەی شـیرین کـردووە.

* خاتـو (دڵسـۆز حەمـە) لـە شـیعری (لـە دەفتـەری ژنێکـدا...) نووسـیویەتی:

**چەند جاراران**
**ڕاتکێشامە کەناری نائومێدی**
**سەرخاتیرەی تاریکی**
**خۆکووشتن**
**هێندە جاران**
**گوللەت ناوە بەدڵمەوە**
**ڕۆحم بریندارو**
**تیرۆرت کردووە ، ژنێتیم !**

***

ـ دەمێکـە لەچەنـد بۆنەیەکـدا وتوومـە ئاینـدەی شـیعری نوێـی کوردیمـان ، لای ئافرەتـە شـاعیرەکان دەبێـت ، ڕەنگـە (دڵسـۆز حەمـە) ش یەکێـک بێت لەوانـەی بەشـێکی شـانازی شـیعری کوردیمانـی بەرکەوێـت. دڵسـۆزخان لـەم دەقـە پـڕ لـە بریـن و سـوێی ئـازاری خۆشەویسـتنەکەی هێنـد گـەورە نیشـاندەدات کـە شوناسـی مێینـەی خـۆی بکـوژێ، ئەگـەر بەڕانـاوی خـۆی قسـەدەکات ، بەڵام بە مانا لەگەڵ هەمـوو ئەو ژنانەیەتـی وەک ئـەو بەدەسـتی بێباکیـی و غـەدری پیاوانـەوە دەتلێنـەوە و ئـازار دەکێشـن . جەربەزەیـی و ڕاسـتگۆیی دووانەیی شـیعری سەرکەوتوون ، کە هـەردوو ئامـڕازو هـەردوو مـژار تێکـەڵ بەیەکتـری کـراون، ئاهەنگـی خـەم و ناسـۆری دەگێـڕن ، بـەڵام خەمێـک کـە شـکۆی شـیعر سـەنگینتر نیشـانبدات.

* سـەلام محەمـەدی هۆزانڤان لە بەشـێک لـە شـیعری (نیشـتمان) دا دەڵێت:

**ئەی نیشتمان**
**من و تۆ چەند لەیەک دەچین**
**ڕۆژی سەدجار**
**لەیەکتری تووڕە دەبین**
**کەشەوداهات**
**خەوناچێتە چاوی کەسمان**
**تابەیەکتر نەگەینەوە**

***

ـ موناجاتێکی دەروونییە، دووره وڵاتیـی و نەخۆشـی و سـووتانی غەریبیـی تاویـان بـۆ هێنـاوە ، ڕووبکاتـە نیشـتیمانی دایـک و ڕازو نزاکانـی بـۆ دەربخـات ، بەڵکو تۆزێک ئارامی بکەنەوە . شـیعرێکی سـادەی ڕاسـتەوخۆیە ، بـە وشـەی بێگـرێ و خەیاڵـی سـادە ڕایەڵـەکان بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە ، ئـەوەی فریـای سـەرکەوتنی کەوتـووە ، ئەزموونـە درێژەکەیەتـی لەگـەڵ نووسینی شـیعر کە توانیویەتی بەبـێ خەرجکردنـی هـەوڵ و تەقەڵـلا ، مانـاکان بداتـە دەسـت خوێنەرانـی .

* مەسـعوود پەرێشـانی شـاعیر دەقـی (گڕناگـە) ی تێـدا بڵاوکردۆتـەوە کـە لـە بەشـێکیدا دەڵێـت:

**لەوەتەی هەم**
**بە دەستێکم پێکی هیوا دەبەخشم**
**و**
**بەدەستەکەی دیکەم**
**قاقای پێکەڤە ژیان**
**ساتێکم بیرنایەتەوە**
**باری خەمی هەگبەی منی**

**لەکۆڵ نابێ !**

***

ــ زیاتر لە چل ساڵە ئەم پیاوە جوان و شاعیرە ڕاستگۆیە دەناسم ، قەت وەک ئەو شیعرەی جوان و بەهێز نەنووسیوە ، قەتیش جەسوورو ڕاستگۆیانە وێنەی ڕاستەقینەی کەسایەتی خۆی دەرنەخستووە, ئەگەر چی شیعرەکەی ( گوتاری تاکی ) یە، بەڵام بە دەلالات و لێکدانەوەکانی فرە ماناییە ، بەتایبەتیش لە رووی دەروونناسییەوە تیۆری زۆرێک لەو زانستەی تێدا دەبینییەوە .

* ( گەمەی ماسییەکان ) شیعرێکی دیکەی ناو گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) ە کە ( محەمەد ڕەنجاو) نووسیویەتی:

**سلێمانی**

**وەرە بابەیەکەوە**

**بە قوڵایی هەورەکاندا**

**شۆڕببینەوە**

**بەیەکەوە باوەش لەو تیشکە**

**بەین**

**لەو دیو هەورە جیوەییەکانەوە**

**سێبەری ئێمەیان زامدار کرد !**

***

جومگە بەندی وێنە شیعرییەکانی نێو ئەم دەقە ، بەهرەی جوانووسیی ئەم شاعیرە نیشاندەدات ، زنجیرەکردنی ڕووداوەکانی چەند ساڵێکی ژیان بەسەربردن لە سلێمانی دەگێڕێتەوە. ( شوێن) جا هەر ڕووبەرێک بێت لەسەر زەوی ،کاریگەر بوونی بەسەر ژیانی شاعیران جێدەهێڵێت،ناوە ناوە شاعیران وەک خوداوەندێک پەنای بۆ دەبەن و موناجاتی دەکەن . دەقێکی دراماتیکی مێژوویی و مرۆییە،لەدروستکردنی هێما بەخشین و فەزایەکی فراوانی خەیاڵ،سەرکەوتووە، بەرجەستە کردنی یادگەو یادگاری لە وێنە شیعرییەکاندا بە وبێ ئەرک و زیادڕۆیی جێگای خۆی کردۆتەوە و زمانە شیعرییەکەشی هاوکاری بووە .

* د.مستەفا زەنگەنە لە پاژێکی دەقی ( ماچە هەڵوەریوەکان) دا گوتوویەتی :

**نازانم من هەتاکو کەی**

**وەکو خەونێک تۆ بدوێنم**

**رۆحی ماندووم وەک گەڵای دار**

**لەسەر ڕێتا هەڵوەرێنم !**

***

د.مستەفا زەنگەنە ئەمجارە بە چوارینەیەک خۆی تاقیکردۆتەوە ، دەستی خۆشبێت ، بەڵام شیعر، باشترین ڕێگایەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەرمان بکەوینە گفتوگۆ، ئەم چوارینەیە سمپڵی حیواری خودە لەگەڵ خودێکی نادیار لای خوێنەرو دیار لای شاعیر ، ئازارو هیواکانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و چاوەڕێ دەکات لاکەی تر وەڵامی گفتو گۆکانی بداتەوەو لەو چاوەڕێکردنە رزگاری بکات .

وشەی سادە لە ڕستەی سادە ، ماناکانی سادە دەردەچن ، هێزی حیوارەکە کاڵ دەکاتەوە، سیحری وشە کەشف دەبێت، تەنیا لە چوار چێوەیەکی رۆمانسیانەدا دەیهێڵێتەوە بێ ئەوەی چێژێکی قووڵ شکۆدارتری بکات .

* (بۆتان جەلال)ی شاعیر دەقێکی فەلسەفی بەناونیشانی ( خەونەکەت بۆ براکانت مەگێڕەوە)ی تێدا بڵاوکردۆتەوە: لەبەردوو هۆ شرۆڤەم بۆی نییە

یەکەم / شیعری خۆمە ، با نووسەری دیکە قسەی لەسەر بکەن .

دووەم / هەڵەی چاپی چەند وشەیەک ، مانای چەند وێنەیەکی شیعریی نێو دەقەکەیان تێکداوە .

* دوو ملوانکەی شیعری بێچار

ناونیشانی شیعرێکی ساڵح بێچاری شاعیره:
ئەم بەرهەمە دەبوایە لە دۆسیەی شاعیرانی شیعری کلاسیکنووسان دانرابایە ، پێدەچێ بە هەڵە کەوتۆتە نێو مەلەفی شاعیرانی شیعری نوێ.
بە هەرحاڵ شیعرەکە لە دەرەوە( کێش و سەروا) دارە ، وەک ناوەرۆک یەک بابەتییە ( سەبر گرتن )ی کردۆتە قەڵغان بۆ نەهامەتییەکانی ، هیوا خوازە لە کۆتایی ئەو هەموو ئارامی گرتنە یارەکەی لایەکی لێبکاتەوەودڵی پێبسووتێ .
شیعرێکی لیرکییە ، دەستی بەسەرواکانی باش گرتووە ، وەک گوتاری شیعر نەپرژاوەتە سەر بە هەمەچەشنەکردنی حیوارو سەرو بەندەکانی .

* دڵشادی عومەر کاکی لە دەقی ( چەند دێرێک لە خۆشەویستی ) دا لە کۆپلەی سەرەتا شیعرەکەدا دەڵێت:

**هەموو شتێکم بیر بچێ**
**ئەوە بەهانەیە ...خۆشەویستم**
**بیربچێ**
**دەزانی ..**
**کە خۆشەویستی گفتوگۆ دەکات**
**زانستی زانستەکانیش**
**بێدەنگ دەبێ و خەریکی**
**گوێگرتنە..!؟**

***

دەقێکی پێداگرە،ماناداری ئەوین و خۆشەویستی دووپاتدەکاتەوە، دەیەوێ بە خوێنەریشی بڵێت : شیعر شکۆیە ، پیرۆزە ، ئایندەمانە. لەهەندێ رستەو وێنەکاندا زیادەڕۆیی لە وەسف خۆی نیشانماندەدات، کاردەکاتە سەر هارمۆنیای دەقەکە و خاوی دەکاتەوە.

* خاتو رۆژ هەڵەبجەیی شاعیر دەقی ( لەناو سەری سە ر ە تا کا نە و ە کر ۆ کی کۆتایی) وەشاندووە ، ئەمە پا ر چە یە کیا نە :

**ماچ.. لەکۆلانی لەزەتا کە**
**هاتووچۆ دەکاو**
**زەنگ لەدەرگا ئەدا**
**خۆشەویستی بۆی دەکاتەوەو**
دەڵێ :
**چەندە ئۆرگازمە سەرەتا**
**کۆتاییش سورەتی فاتیحایەکە**
**دابڕان دەڵێ : بیسمیللا !**

***

( سەرەتاو کۆتایی) ، ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراوی هەموو کائین ودروستکراوێکی ئەم گەردوونەن ، لە نێوانیاندا ئۆپراسیۆنێکی جیوەیی دەسەڵاتی بەسەردا گرتووە ، شاعیری ئەم دەقە ( ١٥) پارچەییە ، لە تێڕوانینی میتافیزیکەوەبۆ مۆنۆلۆژیای رووداوەکانی ژیان و ئامرازەکانی دەچێت .
پرسیار لە بابەتی میتافیزیک وئۆرگانەکانیش ئاڵۆزو هەمە چەشنەن ، شاعیران دەتوانن بە کرۆکیاندا شۆڕببنەوە، جا هەر شاعیرێک گۆشە نیگای خۆی هەیە سەیریان دەکات ، ئەوەتا رۆژ هەڵەبجەیی پەرۆشە بە دوای پرسیارەکانی چووە ، بێوچانیش لە سۆراغیاندا ماندووە .

* (کەڕۆیشتم ) دەقێکی ( نیازی حەمە عەزیز) ی شاعیرە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت:

**دەستەو دوعا**
**بەتاسەوە راوەستابووم**
**تاکو دڵۆپە کریستاڵییە**
**جوانەمەرگەکانی (قوله) بپۆشم**
**و ..**
**بچۆڕێمە درزە تینووەکانی (**
**بیتوێن) ەوە**

***

شیعرێکی دراماتیکیە ، گەڕان و بەسەرکردنەوە و هەڵکۆڵینی یادی (شوێن)ە لە ( زەمەن) ی جیاجیادا ، بە رأیەڵی خەیاڵ و ئامرازی زمان و ئەزموون و دنیا بینیی بۆ جوگرافیای دەق ،

هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە .
ڕەشبینی تێکەڵ بە تووڕەیی خۆی دەکات ، لە گوتاری ئاراستە کراو بۆ کەسانی دیکەی پەیوەست بە مەبەستەکانی ، وشیاریان دەکاتەوە، کۆن نابێت و لەیادگە کاڵ نابێتەوە، توانیویەتی کیمیای دەق بە هێزی وشیاریی خۆی پارسەنگ بکات و بۆ هەرپارچە و وێنەیەکی شیعریی ، توخمی پێویستی بەکاربهێنێ و ریتمپارێزیی لە هارمۆنیای شیعرەکەش رابگرێت .

* ئیبراهیم هەورامانی لە پاژێکی شیعری ( دوو هەنگاو نزیکتر لە پاییز ) دا بەمجۆرە هەستی خۆی دەربڕیوە:

**هەواڵی ڕۆیشتنت**
**لە هەڵکردنی ڕەشەبای ڕۆژێکی**
**پاییز دەچێت**
**وەک گەڵای درەختێک**
**بێ وەرین**
**بژاردەیەکی تر شک نابەم !**

***

ئەم شیعرە ( ٢٠) هایکۆ ، یان پرتەوە شیعرە، لە هەریەکێکیان بە ئامانجی بە دەستهێنانی مانایەک داڕێژراون، زیاتر لە بابەتە میتا فیزیکییەکانەوە خۆی نزیکدەکاتەوە،هەندێکجار بەمەتەڵی میتافیزیک زهنی خوێنەرانی تاقیدەکاتەوە، خێراش بارگە تێکدەنێ و لە وێستگەی ( خود) هی خۆیەوە هێما دەلالییەکانی دەدات بەدەستەوە.

* لە دەقی شیعری ( گۆرانییەکی نابەڵەد لە گەرمیانەوە دێتەوە) ی خاتو ( چنوور نامیق) ئەم پارچەیەی لێهەڵدەبژێرین:

**هێشتا خۆر لە وەنەوزدایە**
**گۆرانییەکی نابەڵەد لەگەرمیانەوە**
**دێتەوە**
**لەبۆنی ڕۆحم دەگەڕێ**
**سترانێکی ڕووت و قووتی وەک**
**حەقیقەت**
**پرچم لەگەڵ خۆیدا دەباو**
**بێمەیلانە تێکیدەدا**

***

شاعیری ئەمەریکی (بۆکۆفسکی)لە یادداشتنامەکەیدا دەڵێت نووسینی بەترس و لەرز ، نووسینێکی مردووە) جورئەت و چاوکراوەیی و راستگۆیی ،ڕێگای سەرکەوتن بۆ نووسەرو شاعیران کورتدەکەنەوە، بەمەرجێک شاعیران بوێرییان تێدا بێت لەگەڵ خۆیاندا راشکاوانە بنووسن.
چنووری شاعیر لەم دەقەو زۆربەی شیعرەکانی دیکەشیدا بە جەربەزەییەوە قسەی دڵی خۆی دەخاتەسەرکاغەز، پردێکی چێژ بەخشیی لەنێوان هەست و رستە بەدوایەکەکانیدا لە شکڵی وێنەیەکی شیعریی بنیاد دەنێت ، دیمەنی ورووژاندن و ئێرواتیک و مرۆڤدۆستی تیایاندا ڕەنگدەدەنەوە، شاعیری ڕاستگۆ و جواننووس و ڕێچکەشکێنە دەتوانێ ئەم پرۆژەیە لەناو یەک دەقدا بخولقێنێ و تیاشیدا بدرەوشێتەوە .

* (عەبدولڕەحمان بێلاف)ی شاعیر لە دەقی ( لە گوڵدانی فرمێسکەوە) ئەم کۆپلەیەی لێ هەڵدەبژێرین:

**نازانم کامەیان**
**نازانم ..پەنجەکانت بەسوێترن**
**یان عوودەکە**
**نازانم .. پەنجەکانت ڕووناکترن**
**یان مۆمەکان**
**نازانم .. پەنجەکانت زوڵاڵترن**
**یان ژێیەکان**

***

لەوەتەی ئەم شاعیرە جوان و هەستبزوێنە دەناسم ، وەک هاوڕێ و ماوەیەکیش دراوسێ ، شوعلەیەکە لە سووتان و گوڵدانێکە لە عەشق و ڕووبارێکە هێمن دێ و هێمن تێدەپەڕێ ، حاڵەتی ئەوین لەناخیدا هەمیشەییە، بەسرووەی عەشق

دەگەشێتەوەو جار جارێکیش لێی توند دەکات و سوێی زامێک گڕی تێبەردەدات ، کە شاعیریش گڕیگرت، دنیا لەبەرچاوی دەبێتە ئامێری میوزیک،نامەی گریانی عەشق ، دەبێتە نەسیم و سروە، بەسەر خەیاڵ و وشە ناسکەکانی هەڵدەکەن.

چەندە لە نووسینی ( شیعری گۆرانی) سەرکەوتووەو پێیناسراوە، هێندەش لەشیعرەکانی دیکەی درەوشاوەتر وبەجۆشترە.

* لە دەقی ( سەلماو پریاسکەیەک لە غوربەت)ی خاتوو( سەلما تۆما کاکۆ) ئەم بەشەی خوارەوەی شرۆڤە دەکەین:

**کەشتی خەیاڵ**

**بەناو دەریای تاڵ و شیرینەکانی**

**جارانمدا دەگێڕیٚ !**

**دێم و دەچمەوە..**

**ژوانی ژانەکانی وەرزی ژیان و**

**ماڵی سپی (سەفین) و**

**هەواری جارانی**

**(سەربەن)ێکی رەنگزەردو**

**(شەقڵاوە) یەکی بزر !!**

***

دەردی دووریی و غەریبیی بۆ ئەو کەسانەی نەیانبینیووە ئاسانە، ئەوەی تێیدا تواوەتەوە و تێکەڵ بە بزربوون و هەڵمبوون بووە ، ژانێکی پرسوێ و گرانە.

شاعیر یادگەی جوڵاوە ، چەشنی فۆتۆگرافەرێک بەسۆزی یادکردنەوە وێنەی ئەو شوێن وکەسانە دەگرێت کەلەیادیدا هێشتا زیندوون ولە رۆحیدا ماون.

(سەلما) پێدەچێ دەمێکە ژیان لە غوربەت بە رێدەکات ، بەڵام کوردییەکەی باشەو رەچاوی پرەنسیپەکانی زمان و بنەما سەرەکییەکانی نووسینی شیعری کردووە .

* (خالید فاتیحی) لە چوارینەیەکدا بەناوی ( چرۆی عیشقێکی دێرین) دا دەڵێت:

**زەردەی دەمکەلی ئاسۆی**

**خۆرنشین**

**یادگارێکم بیر دێنێتەوە...**

**کسپە لە دڵ و جەرگم**

**هەڵدەستێ و..**

**زامێکی کۆنم ، دەکولێنێتەوە !**

***

(مارتن هایدگەر)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی دەربارەی شیعر قسەیەکی هەیە دەڵێ: ( شیعر زۆرترین کردارێکە بەختی پاکژبوونەوەو بەرائەتی پێبڕابێت) لەهەمان سات شاعیری گەورەی فەرەنسی ( مالارمێ) دەیگوت: ( شیعر لە هزر دروست نابێت، بەڵکو لە وشە چەشنی دەنگ)

(خالید فاتیحی)شاعیر لەم چوارینەیەیدا دۆخێکی زاتی ، گشتگیر دەکات، پشتی لە تەوزیفی ئامرازەکانی شیعر کردووە بەتایبەتیش لە وشە کە بڕبڕەی پشتی رێزمان و زمانی هەرشاعیرێکە .

شیعرەکەی پڕیەتی لەسادەیی و بەرائەت و راستەوخۆیی ، بەڵام ( مالارمێ) گوتەنی: داهێنان لە رستەسازی و خووێنەی شیعریی نوێش ، پێویستە .

* خاتو ( ئاوێزان نووری) لە پاژێک شیعری ( غەریبیت دەکەم ) ئەوها غەریبی خۆی مانیفێست دەکات:

**تۆ لە کوێیت ؟**

**حەسرەتێک هات و ..**

**لەبری تۆ**

**لە ئامێزی گرتم ،**

**پاییز هات و ..**

**لە بری تۆ**

**نازی هەڵوەرینی هەڵگرتم !**

**خەم هات**

**دڵنەوایی کردم**

**تۆ هەرنەهاتی .. هاو رۆحی من!**

***

شیعر... دوایین هێڵی بەرگرییە بۆ پارێزگاریکردن لە وجوود و ژیانمان ، لە دنیایەکدا ژیان بەڕێدەکەین نیگەرانی و تەنیایی و شڵەژانی ڕۆحمانی تەنیوەتەوە، لە دنیایەکداین نەدڵی هەیە نە ڕۆحی ماوە !! بەختەوەرن ئەو مرۆڤانەی کەلەو حاڵەتەپڕ دەهشە و سەیرو عەجیبەدا توانای ئەوەیان هەیە خەمەکانیان بکەنە شیعر و بیخەنە سەر کاغەز و لە شێوەی کۆلارە بەئاسمانی خەیاڵڕۆحیاندا بیفڕێنن.

دابڕان ... جۆرێکە لە سووتانێکی هەمیشەیی و پڕلە ناسۆری ، بە وشەی کاریگەر ، رستەی شیعریی پتەو و پڕ هێمادار ، خەیاڵێکی فراوان ودەوڵەمەند لە موعانات و موناجات ، خاتوو ئاوێزان دڵنەوایی خۆی دەداتەوە ، سەرەڕای گڕێ و سوێی برینی جیهێشتن، سەلوای یادگارییەکان فریای دەکەون بتوانێ کاروانی ئازارەکانی جێبهێڵێ وهیچ نەبێ بە شیعرێک ئاواتە چاوەڕوانکراوەکەی وێنا بکات.

* نامیق هەورامی دەقی ( دڵی چریکە و گۆرانیانە پەیت گێڵو) ی بە شێوەزاری هەورامی نووسیوە، لە کۆپلەیەکیدا دەڵێت:

**کەی گەرەکت بۆ وەهاری ماری**
**و**
**پاییزی کەری پەڕۆی بێنما..**
**دەسێ ماری زەخمەکا لاشە و**
**عیسایەرە و**
**چەمەکات وزی بارەوە.....**

***

* داوای لێبوردن لە کاک نامیق دەکەم کە شتێکی ئەوتۆی لە شیعرەکەی نەگەیشتم ، بۆیە هیچ قسەو کۆمێنتێکم نەبوو.

* ( سەمای گەڵایەکی ئاڵودە) شیعرێکی ( مەهدی زریان) ە ، لە پارچەیەکدا هاتووە :

**لەوە دەچێت**
**ئەمە دوایین ناڵەی وەرزو ..**
**کۆتا دڵۆپی فرمێسکی ئاسمانی**
**شەکەت بێت**
**بەسەر تەرمی پیرە زەویدا**
**بڕژێت !!**

***

ئەم دەقە دۆخی ڕەشبینی و بێهوودەیی لیدەچۆڕێ، ڕەشبینی و خەمباری فەلسەفەی ژیانن، هیواش سووتەمەنی بەردەوامبوونیانە .

ژیان کاتێک جوان خۆی دەخەملێنێ ، کە تۆ دەوروبەرت هەمووی گیرا بێت ، جاتۆ لە هەوڵی جوان نیشاندانی کۆڵنەدەیت و ئازارەکانت باڵت پێبگرن ، بۆ دوور هەڵفڕی و قاقا بکەی .

لەم دەقەدا هێمای بەزاندنی سنووری مانا بەخشیی دیارەو چێژی دەقی جوان نیشانداوە.

* حەمید قەڵادزەیی لە کۆپلەیەکی شیعری ( ڕژان) دا دەڵێت:

**ساڵانێکە ، تۆ بێباکی و..**
**منیش خۆراکی خەمێکم**
**ساڵانێکە ،**
**پەنجەم سڕەو زمانم لاڵ**
**ماندووی ڕەوینی تەمێکم !**

***

* (هیراکلیتس)ی فەیلەسووف دەڵێت: (خۆر هەموو ڕۆژێ نوێیە) ئەو مانایە دەدات کەمرۆڤ ئەگەر بە دەست کارێکەوە گیری خوارد ، نائومێدو بێ وزە دانەنیشێت ، ڕەنگە بەیانی کۆتی زنجیرەکان بپسێن.

شیعریش ماڵێکی گەرم و گوڕی عاشقانە و تێیدا خۆشنوودی خۆیانی تیا دەدۆزنەوە.

خاڵێکی لاوازی ئەم شیعرە ئەوەیە ، زۆر ( لەیەکتر چواندن) بەکاربردووە، شیعری لەمجۆرە تام و چێژو هێزی لێ کەمدەبێتەوە،

با خەم و ئازارەکانی شاعیریش لە شاعیری دیکە بچن ، گۆڕانکاری لە فۆرم و تێڕوانین بۆ دەق بەراوورد بە دەقێکی دیکەی نزیک لە خۆی دەبێ جیاوازی لە شکڵ و هەمە چەشنەکردنی وێنە شیعرییەکان بونیاد بنرێن.

* خاتوو (ڕەوەند ساڵح) لە شیعری ( لە چاوشارکێی منداڵیدا تۆم بزرکرد) بەمجۆرە گلەییەکانی دەستپێدەکەن :

**ـ لە چاومدا وێنەیەک هەیە**
**هەرگیز کاڵنابێتەوە !**
**ـ ئەو بەیانییەی تەیرەکەم**
**هەڵفڕی و**
**نەگەڕایەوە**
**لێرەوە باوەڕم هێنا**
**گرنگیپێدانی لە ڕادە بەدەر**
**هەڵەیە هەڵە !!**

***

* شیعری دیالۆگ ، جۆری زۆرە ، ئەمەیان قسەکردنە لەگەڵخودی قسەکەر،گێڕانەوەیە بە کڵۆجی پڕ لە سۆزی بەر عاقڵبوون و تەمبێبوون ، ئازاردانی دەروونیی شاعیرەکەی لێدەکەوێتەوە .

شیعرێکی پتەوەلە ڕووی بونیادنانی دەقەوە، قووڵایی لە مانا بەخشیی و هێمادارای ئاماژەیی لێدەرکەوتوون ، ئەگەرچی بەزمانی سادەوبێگەردی دوور لە تەمومژ و هەورازو نشێو داڕێژراوە ، بەڵام خاوەن تەنزو سیحری شیعری پێوەدیارە و دەقێکی سەرکەوتووە لە ڕاکێشانی خوێنەر .

* لوقمان باپیر لە بەشێکی شیعری ( یادێکی پاییزانە ) کە چوارینەیە ، وەسفی پاییزمان بۆ دەکات :

**چەند پەڵە هەورێ ، ئەوها**
**پێکدادێن**
**دوای چەندێکی دی ، شەستە**
**دادەکا**
**زەنگی سەرەتای پاییزی ساڵە**
**و ...**
**بە چرپە دەرگای یاد واڵا دەکا !!**

***

لەم چوارینەیەو پارچەکانی دیکەشیدا کە یەکێکیان ( ٥ ) دێڕییە ، نیگەرانیی و تاریکیی باڵی بەسەر فەزای دەقەکەدا کێشاوە ، لە وەسفی پاییز چەند هەواڵێک ڕادەگەیەنێت ، کە هی دواییان هەوڵێکی ئومێد بەخشە .

شاعیر بە وردەکاری و جوانناسییەوەمامەڵەی لەگەڵ هێزهی میتافیزیک لە بەشی کەژ و سروشت کردووە ، لە چەند دێڕێکدا تابلۆی ئینتیباعی نایاب و ڕەنگاو ڕەنگ دەخاتە ناو زیهنی خوێنەر .

* ( من و دارا ) ناونیشانی شیعرەکەی (کەمال شێروانی) یە، لە پاژێکدا بەمجۆرە گوزارشت دەکات:

**پێش پەنجا ساڵ**
**لەسەر شۆستەی شەقامی شار**
**لەگەڵ دارا ، دوو دارمان دی**
**جوان و نازدار**
**بوون بەمەزار ..**
**بۆ سەیرانی بەهار**

***

بەراووردکردنی تەمەنی شاعیر و دارای هاوڕێی بەتەمەنی دوو داری سەر شەقامی شار ، وەسفێکی فینۆمینۆلۆژییە، ڕایەڵکردنی مانای نێوان ( ئەمڕۆ)ی ڕانەبردوو ( دوێنێ) ی ڕابردووە ، ددانپێدانانە بە واقیعی زەمەن و ژیان لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانیاندا.

شیعرەکە لە هەموو پارچەکانیدا ریتمێکی هێمنیی هەیە ، کۆنترۆڵی زمانی کردووەو چێژبەخشە.

* خاتوو ( سروەی بەیان ) لە چوارینەی ( دووری ) نو و سیو یه تی :

**رۆحێکی ئاوریشمیم لەناخدایە**
**لەگەڵ ئەم دووریە هەڵناکا**
**بەدەم ژانەوە**
**چرکە بەچرکە تەمەن دەژاکێنێ**
**!!**

***

دووری لە دڵدارەکەی و نیشتیمان ، خەمێکی دووانەیی گران و سەختە ، شاعیران پەپوولەی ناسک و هەستبزوێنن ، زوو دەکەونە ژێر ئەم دوو مژارە هەستییەوە .
زەخرەفەی رەوانبێژی بەتایبەتییش ( بەیەکترچوون ) سیمایەکی دیاری ئیستێتیکای زمانەکەیەتی ، بەڵام لە هەندێک شوێندا جۆرێک لە موبالەغە تین و تاوی ریتمەکە سارد دەکاتەوە .

* (عیسا حوسێن ) ی شاعیر لە دەقی ( دوو چڵە شیعری ناسک ) دا خەبەری پێیەو دەیەوێ بەیانیی بکات :

**(گۆیژە) لە پشتم وەستاوەو...**
**درەختەکانی (دەباشان)یش ئێشکگر**
**لە نێوان من و تۆدا**
**هەناسە ئاوێزان و ..**
**پەپوولەی ماچ بە وەلەد دەبێ !**
**شەوتابەیانی لە جیاتی ئەستێرە**
**ئاسمانی ( سلێمانی) مان**
**بە ماچ ڕازاندەوە !!**

***

لەدۆخی ئەڤیندایی و ئیرۆتیکدا ، شاعیرو دڵخوازەکەی چوونەتە ناو شەوێکی پڕ خرۆشان و ئارامیی ، ئەدی ئەوە نییە شاخی ( گۆیژە) و درەخنەکانی ( دەباشان) پاسەوانییان بۆ کردوون ، نەهێنییەکان نەدرکێنن ، بەڵام شاعیر خۆی زانیارییەکانی ئەوشەوە ئاشکرا دەکات.
لە نێوان خۆشەویستی سادەو شەرمنانە و خۆشەویستی ورووژێنەر دوو جیاوازی هەیە : یەکەمیان تەنیا خەمخواردنی بە دواوەیە ، ئەوەی دووەمیان دەسکەوتی تێدایە .

* ( قەهار شێخانی ) چەند چوارینەشیعرێکی نووسیوەو ناوی ناوە ( خەمی ناسک ) کەلە یەکێ لە چوارینەکانیدا دەڵێت :

**من خەمی تۆم هەبێ بەسە**
**باکم بە خەمی تر نییە**
**بوونەتە هاوڕێی تەمەنم**
**ئیتر خەمی دیم بۆ چییە؟!**

***

(خەم) کیمیای بونیادی چوارینەکانی خەست و سەنگین کردووە، جوانی دەبەخشێت ، ئەگەرچی (خەم) دۆخێکی نا ئەرێنییە، بەڵام زۆر جار جوانی و چێژ دەبەخشن ، هارمۆنیای ریتمی چوارینەکان بەسەر فەزای شیعرەکەدا زاڵە ، هەستی گورانیگوتن دەسازێنێ.

* ( چەند ژنانە تۆم خۆشدەوێت ) شیعرێکی خاتوو ( دەریا هەڵەبجەیی ) شاعیرە لە کۆپلەیەکدا دەڵێت :

**وەک کچێک**
**سەرەتای عاشقبوونی بێت**
**کاتێک یەکەم نامەو**
**دیاری عەشقی بۆ دێت ..**
**حەز دەکەم خۆم جوان بکەم**
**و..**
**بێم بتبینم !!**

***

شیعرێکی راستگۆیانەو

مرۆڤانەیە، وێنەی جوان جوانی غەریزەکانمان دەکێشێ ، شەرم و نەرم و نیانی کێشەی کچانی ئێمەن ، نەخاسمە کە هەستدەکەن دەیانەوێ عاشق ببن و ببنە بەشێک لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا ، ئەم میتۆدە مژاری زۆرێک لە کچە شاعیرەکانمانن ، بەڵام خۆ لە شەرمیش جوانیی و سادەیی و مرۆڤدۆستی هەیە .

ئەگەر چی هەندێکجاربەلای ئیرۆتێکەوە شکاوەتەوە ، وەلێ پانتایی دەقەکەی جوانتر ئاوێتەی هەستە شاراوەکانی دەکات .

شیعرێکی جوان و سەرکەوتووەو زمانی دەق توانیویەتی هاوڕێیەتی نەست و خەیاڵەکانی شاعیر بکات .

* ( ئاری ئاغۆک ) شیعری ( وردە گلەیی ) نووسیوە ، لەبەشێک لە گلەییەکانیدا دەڵێت:

**هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە**
**زمانی تەکنەلۆژیا**
**خەریکە دەرگای قسەو دواندن**
**دادەخات !!**


***

شیعرەکەی ئەگەر چی بەناوی ( وردە گلەیی ) یە ، بەڵام لە خوێندنەوەیدا گلەییەکان گەورەو زۆرن ، هەیە بە قەت حەشاماتی تەکنەلۆژیاو هەرەشەی بەسەر مرۆڤایەتیدا خەتەرناکن .

شاعیر تووڕەیە لە گۆڕانی مۆڕاڵی مرۆڤ ، لە پچڕانی پەیوەندییەکان لە هاتنی ئایندەیەکی تاریک و قەدەرێکی نادیار .

پەچە کردارەکانی ، سەنگی سۆزو زایەڵەی ریتمەکانی شاردۆتەوە و رێگای خۆدەرخستنی نەداون .

هاواری شاعیرێکی راستگۆیە ، بەرامبەر خەراباتی رۆژگار نیگەرانە.



# دیداری ئەدەبی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## موحسین ئاوارە:

# خەیاڵ دەمباتە سەر واقعێک کە شیاوی ئەوەیە بیکەم بەشیعر



دیدار: قەهار شێخانی

موحسین ئاوارە، شاعیرێکی بەسەلیقە و بە ئەزموونە، ئەستێرەیەکی گەشە لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا، مرۆڤێکی هێمن و لە سەرەخۆیە، تەمەنێکە هاوتەریب لەگەڵ شیعرەدا دەژی. ئاوارە. هێندە روونە و ڕەوانە دەڵێی ئاوی سازگاری کانییە، هەر لە تاڤگە دەچێت کاتێ هەستەکانی دەڕژێنە بەر پێی مانگ، لەشیعریشدا هەر میهرەبانی دەبەخشێتە چۆلەکە غەمگینەکانی زەمەن.

ئەو، هەر کاتێ بە کۆڵانە پێچاوپێچە تەنگەبەرەکانی ژیاندا دەڕوات، لە هیچ شوێنێک ڕاناوەستێ تا دەگاتە بەردەم خانوویەکی کۆنی پڕ لە یادەوەری گەڕەکی عارەبان، لەوێ لە ژێر پڕوشەی برژانگی چۆڕاوگەی جوانیەکانی بارانی کەنیسەی (قلب الاقدس) و سێ حەسارە پڕ لە ژیانی تراژیدیادا بیرەوەریەکانی منداڵی بەبیر دێتەوە و ئەو بزە شیرینانە دەژمێرێ کە لە کاتی لاویدا خورپەی دەخستە دڵیەوە، لەلای ئەو چەند کورت بوو ئەو ڕۆژگارەی کە پێکەنین تیایدا بێ ژمار بوو، بەڵام حەیف و سەد مخابن هەر زوو دۆژەنی زەمەن دەستی خستە سەرشانی و هەموو ئێوارەیەک پیاسەی تولانی لەگەڵ دەکرد، بۆیە ئێستاش ئاگری سینەی هەر نیڵەی دێ، لەو کاتەوە تا ئەمرۆش بەدیار بێدەنگیەکی قوڵ دانیشتووە و پەڕاگەندەی نیشتمانی جوانی شیعر بووە . موحسین ئاوارە، زەمەنێکە ڕازەکانی خۆی تەنها لەلای شیعر دەدرکێنێ، هەموو گۆرانیەکانی زووی تەمەنی خۆی بەخشیوەتە چەند پەپولەیەک، بەیانیان لە ژێر سێبەری شۆڕەبی یادەکانیدا پیاسە دەکا و ئێواران دەستی

سنەوبەری ئاواتێک دەگری و تازەترین شیعری خۆی بۆ دەخوێنێتەوە و لە نسێی ڕەزی شیعری ئاوارەبووندا خەون بە سەحەری جەفایەکدا دەبینێ و لە شەوانی کپ و خامۆشدا هەر بەر تەنیایی دەکەوێت، لەو کاتەدا بە ناچاری دەخزێتە نێو رەنگی وەرزێک کە لە هیچ وەرزێکی دیکەی ساڵەکانی تەمەنی ناچێ. بۆیە لە حەژمەتی ئازاری برینی ئەوینێکدا دەبێتە پاسەوانی باخچەی پڕ لە شیعر و لە ئێوارە پڕ لە رەنگەکاندا لە ژێر ساباتی ژیانی پڕ لە هەوری ڕەشی نەهامەتی ئەم جیهاندا وێرانەدا. سەماری سینەی جۆش و داوە و هەر قاوەی موحیبەتی شیعرمان پی نۆش دەکا.

ئاوارە. دڵی لە جوانسەرتی ئەوینێکدا گیری خواردووە، چونکە لەنێو شنە شنی قەرسیلی خەیاڵدا هەموو کیشوەری موحیبەتی گەڕاوە، کاتێ خۆلەمێشی سەر پشکۆی یادەنیشی لادەبا، جارێکی تر بەسەر پشکۆی خەونێکی دیکەی تەواو نەبوودا هەنگاو دەنێ بەرەو زەردەپەڕێکی جێماو لە تاڤگەی چاوانیشەوە هێشتا هەست دەکا کۆچەرێکی دەوارنشینی مەملەکەتی ئاوارەییە.

موحسین ئاوارە، هێندە لەگەڵ شیعردا ژیاوە، هێندە لاپەڕەی کتێبانی هەڵداوەتەوە بۆ خۆی بۆتە شیعرێکی تەواو نەبوو، بەدەستە پر لە ووشەوە پەیامی خۆشنودی دەبەخشێتە کارمامزەکانی پێدەشتی نیشتمانێکی سوتماک، بە حاڵەشەوە هێشتا بە کێوی تەمەندا سەردەکەوێ، هەر ساڵەی مۆمێکی تازەی عومر دادەگیرسێنێ، کاتێکیش بە کۆڵانە نێرگزیەکانی شانازی ژیاندا دەڕوات هەر جوانی لێ دەڕژێ و هەر رۆمانسیەتی لی بەردەبێتەوە و هەر پاکی لێ دەچۆڕێت و هەر قۆپەنە شیعری لی بەجی دەمێنێ.

بۆیە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ژیان و ئەزموونی شیعری موحسین ئاوارەی شاعیردا، ئێمە و خوێنەرانی گۆڤاری ژوانی شیعر بۆ چەند ساتێک دەچینە نێو گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لەگەڵ شاعیردا.



پ/ تۆ و شیعر لەیەکەیەوە ئاشنای یەکتر بوون ؟

وەلام/ هەڵبەتە بەر لەوەی لە گەڵ شیعردا ئاشنای یەکتر بین، ژیان و هەست و ڕووداوەکان کاریگەریان بە سەرمەوە هەبوو بۆیە وای کردووە کە منیش هەستی خۆم دەربڕم، بەلام کە سەرەتا گوێم لە گۆرانی گرتووە یان سروودێکی نیشتمانی یان شیعر و هەر بابەتێکی دیکەی ئەدەبیم خوێندبێتەوە، دواجار بە سەر شیعردا بەربوومەوە ، شیعر دەستی گرتم و ڕاستی کردمەوە، لەو ڕۆژەوە ئاشنا بووم بە شیعر، تێکەڵ بە دنیای پڕ لەجوانی بووم ، ساڵی ١٩٦٩ یەکەم شیعرم بە ناوی (سروودی پێشمەرگە) لە ئێزگەی دەنگی کوردستان خوێندەوە کە ئەوسا پێشمەرگە بووم، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەر بەردەوامم لەگەڵ خۆشویستنی ئەو یارە جوانە.

پ/ بە ڕای تۆ هیچ بنەمایەکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی شیعری لە سەر بنووسرێ ؟

و/ پێم وایە هەر شاعیرێک کە شیعرێک دادەڕێژێ سەرەتا بیرۆکەکەی بەلاوە گرنگە، دواتر قاڵبڕێژی دەکات بە پێی ئەو ڕێڕەوەی پێی پەسندە، پاشان هەر خۆی دەزانێ ئەم شیعرە لەسەر بنەمای کلاسیزمە یان شیعری هاوچەرخە، زیاتریش ڕەخنەنووس ئاماژەی پێ دەکات ئەم شیعر دەکەوێتە بۆتەی کلاسیزم، ڕۆمانسیەت، ڕیالیزم، مۆدێرنیزم، یان پۆست مۆدێرنیزم، هتد، زۆر جاریش شاعیر پاش ڕێکخستنی شیعرەکەی خۆی دەبێتە ڕەخنەگری شیعرەکەی خۆی دەزانێ شیعرەکەی چ بنەمایەکی وەرگرتووە.

پ/ پێشتر شیعر پەیامی هەبووە و هەردەم دەبیێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پەیامی شیعر چیە ؟

**شیعر ناخ و هەست و بۆچوونەکانی منی نووسیوەتەوە لە بۆتەی خەمی گشتیدا**

و/ بەڵێ شیعر هەمیشە پەیامی هەبووە و دیبێ چونکە لەگەڵ هەست جوڵاندنی مرۆڤ هاوکوفە، لەو کوردستانەی خۆماندا شیعر شۆرشی خوڵقاندووە، شیعر ڕۆڵەکانی کردووە بە پێشمەرگە، بەندکردن و ڕێکخستنی سیاسی و بەرگری و هتد، بەلام لە شێنەیی سالانی ئارامی پەیامی ئینسانی و ڕۆشنگەری و





ڕەخنەیی هەبووە .

پ/ لە لای تۆ شیعر ئیلهامە یان پڕۆژەیەکی نووسینە لە هەر کاتێک بتەوێ دەتوانی بینووسی ؟

و/ شیعر تێکچڕژانی هەستی شاعیرە کە باکگڕاوندێکی هەیە لە نێو دڵ و مێشکیدا تۆمار بووە جا ئیلهامی بیرۆکە و دامەزراندنی شیعرەکەی لەو ڕەچەیەوە دەست پێدەکات ئارامی نامێنێ تا بابەتەکە دادەڕێژێ، بەڵێ زۆر جاریش شیعرەکە فراوان دەبێت وەک پڕۆژەیەک دادەکەوێتەوە لای شاعیر کە ئیشی لە سەر بکات ئەوەتا کە ئیلیوێت کە وێرانە خاکی نووسیوە پڕۆژەیەک بووە بەڵام هەست و خەیاڵ و تێکچڕژانەکەی دەروونی و سۆز و بنەمایەکی هەبووە، بوویە ئیلهامیش لای من سەرەتایە و دەکرێ پڕۆژەیشی بە دوادا بێت .

پ/ شیعرەکانی تۆ هەڵگری چ پەیامێکن ؟

و/ ئەو شیعرانەی نووسیومن یا بڵاوبوونەتەوە خۆم بوومە بە ڕەخنەگر و هەڵسەنگاندنی بەو پێیەی ئەزموونێکی زۆرم هەیە دوو کتێبی ڕەخنەیی و

**شیعرەکانم پەیامی مرۆڤایەتی و نیشتمانی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و هەتا تەنز و خەندە ئامێزیش لە خۆ دەگرن**

لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم چاپ بووە بۆیە دەتوانم بڵێم شیعرەکانم پەیامی مرۆڤایەتی و نیشتمانی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و هەتا تەنز و خەندەئامێزیش لە خۆ دەگرن لە خزمەتی مرۆڤن بە گشتی و بەرگری و مافویستی و هتد .

پ/ تۆ لە شیعردا واقعی ژیان دەنووسییەوە یان خەیاڵ ؟

و/ من بەش بە حاڵی خۆم وام هەست کردووە کە خەیاڵ دەمباتە سەر واقعێک کە شیاوی ئەوەیە بیکەم بە شیعر جا خەیاڵ لە گەڵ واقیع تێکەڵ بە یەک دەبن کە وێنەی جوانیان لە بابەتدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە واقیع بە تەنیا هەڵڕشتن وشک و برینگە، بەڵام خەیاڵی جوان کە هاوتەریبی واقیع دەکەیت جوانتری دەکات .

پ/ ناونیشانی شیعرەکانت وە کتێبەکانیشت زۆربەیان ناونیشانی سەرنج ڕاکێشن،

فەزای شیعرەکە وا دەخوازێ، یان ئەوە تەکتیکێکی تایبەتی خۆتە بۆ نووسینی شیعر ؟

و/سەبارەت بە ناونیشان هەمیشە لە لای من گرنگیەکی تایبەتی هەبووە بۆ سەرنجراکێشانی خوێنەر کە بابەتەکە بخوێنێتەوە، ناونیشان واتە سەنتراڵ (مرکەزیەتێک) وەردەگرێت، لە ساڵی ١٩٧٨ یەکەم کۆمەڵە شیعرم بە چاپ گەیاند ناوم نا (شەوارە) کە یەک وشەیە بەڵام بە دوو جۆر مانادارە، واتە ئەو شەوانەی کەس و کاری ئەو ژنەی تازە منداڵی بووە چەند شەوێک بە شەوچەرە خواردن و خۆش ڕابواردن دادەنیشن تا بەیانی نەوەک ( شەوە) بێت و ئەو منداڵە بخنکێنێ، هەروەها لە شارەزوور و ناوچەکانی ئەو شەوەی پیاوان چرا هەڵدەگرن و بە شاخان هەڵدەزەنێن بۆ ڕاوە ئاژەڵە درندەکان جا لەوێش ئەو مانایە دەدا، تۆ بزانە یەک وشەم کردووە بە ناونیشان چ تەفسیر و مەدلوولێکی هەیە، بۆیە من وای دەبینم و پەیڕەویشم کردووە کە فەزای شیعر و هەر بابەتێکی دیکەی ئەدەبی وا دەخوازێ ناونیشان خوێنەر ڕاکێشێت بۆ خوێندنەوەی بابەت، جیرار جنیت دەڵێت: ناونیشان ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە داگیرکردنی

بوونم هەبووە، بۆیە وەک خود خۆم نووسیوەتەوە لە هەمان کاتدا وەک کۆ دەورووبەرم چ بە شیعری دڵداری، سیاسی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی، هەتا شیعری تەنزیش، واتە شیعر ناخ و هەست و بۆچوونەکانی منی نووسیوەتەوە لە بۆتەی خەمی گشتیدا .

پ/ ئایا نهێنیەکانی ژیانی خۆت لە لای شیعرەکانتن، یان شیعریش هێشتا پەی بە نهێنی ژیانت نەبردووە ؟

و/ شیعرەکانم نهێنی تیایە کە خوێنەریش هەستی پێدەکات، لە

دەقدا لە دەزگاکانی ئەدەبیدا کە ڕووپێوی فراوان دەبێت و بەشداری لە بنیاتنانی دەکات .

پ/ هەر کەسێک شیعرەکانی تۆ بخوێنێتەوە بەر چەند ڕووداوێکی ڕاستەقینەی ژیان دەکەوێت، ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە، تۆ دەتەوێت لە ڕێی شیعرەوە خەمی گشتی بنووسییەوە یان تەنها خەم و ئێش و ئازارەکانی خۆت ؟

و/ من لە سەردەمێک ژیاوم کە گۆڕانکاری سیاسی و دواتر شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕین و دەرپەڕین و هەمووی خۆشی و ناخۆشی جەرگبڕی تیا بووە زۆر جاریش لە نێو قووڵایی ڕووداوەکان

پێناو کوردایەتی و گشتگیری باجی زۆرم داوە کە نەگیشتومەتە زۆر لە ئاواتەکانم، ئەوەش بە زەرەر نازانم چونکە خۆم و زەمەنم هەڵمان بژاردووە، خۆ هەندێ لە نهێنیشم هەیە لە نێو سەندووقە ڕەشەکەیە دوور نییە هەر لە ناو دڵ و ناخم دەمینێ و



لەگەڵ خۆمدا دەیبەمە ناو گۆڕ .

پ/ لە زۆربەی شیعرەکان بە تاک و کۆ بایەخ بە وێنە شیعر دەدەی، لەو ساڵانەی دواییدا دەبینین کورترین شیعر و جوانترین یان بڵێین بە مانادارترین وشەی شیعری لە شیعرەکانتدا دەبینین

**ناونیشان هەمیشە لە لای من گرنگیەکی تایبەتی هەبووە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر**

ئەمەیان گۆڕانکاریە کە ئەنجامی دەدەی لە پەیڕەوی خۆتدا ؟

و/ وشە و دەستەواژە و زاراوەی

نوێ و دێڕە شیعری چڕ و پڕ و کورتبڕ کە زۆرترین مانا ببەخشێ و تجاوزی قسەی باو و ئاسایی بکات، فرە لایەنی و فرە دەنگی پلورالیزم لە پاڵ تازەگەری نوێخواز بە داهێنان و جوانکارییەکانی، ئەمرۆ لە کوردستانێکی بە ئاگا و دانەبڕاو لە گۆڕانکارییەکانی ئەو جیهانەی بچووک بۆتەوە لە گەڵ پێشکەوتنە تیژڕەوەکانی ئەمڕۆی مۆدێرنێتە، پێویستە لەو سەردەمەدا کات بە فیڕۆ نەدەین واتە بەو تێگەیشتنەوە شیعرەکان لەو زەمەنەدا بە کورترین دێڕ و جوانترین دەربڕین و بۆ بە مانادار کردنی، بۆیە بەو پێو و دانگەدا لە شیعردا هەنگاو دەنێم، شاعیری گەورە نالی دەڵێت: عەجب بە قودرەت و حیکمەتی ئەدای ئەکا مەعنای زۆر گەورە، بە لفزی کەم و بچووک جا کەم دێڕ و فرە مانا و کورتبڕی لەو سەردەمە تیژڕەوەدا، سەردەمی سیستەمی نوێ جیهانی گلۆبالیزمدا، ئەرکی شاعیرە بە گوتەی پڕ مەغزا (ئافۆریزم) دەربڕینی لە ڕستەی درێژ دادڕی و زۆر و بۆری دوور خاتەوە، ڕاستە و پێویستە شاعیر هێلکەی سپیکراوت نەداتە دەست بۆ خۆت لێی وردبییەوە و هێلکەکە سپی بکەیت، بەڵام ئاواش نا خوێنەر سێ دێڕی لێ بخوێنێتەوە وەلاوەی بنێ بڵێ هیچی لێ تێنەگەیشتم )مالارمیە) ١٨٤٢_ – ١٩٤٨ وشە و دێڕی بە پێز دەکاتە کرۆکی شیعری کە دەڵێت: دێڕە شیعرییەکان بە بیر دروست ناکرێن، بەڵکو بە وشەکان، واتە بە کەمترین دێڕ و چڕ کردنەوەی شیعر .

پ/ تازەترین پڕۆژەت بۆ نووسین چییە ؟

و/ ئەوەی ڕاستی بێت قەسیدەیەکی تازەم لەبەر دەستدایە یەک ناونیشانی هەیە کە وێنە وێنەیە لە نێوان هەر وێنەیەک و وێنەیەک ئەو دابڕەی تیایە×××××× چونکە هەر وێنەیەک و کۆپلەیەک ماناکانیان جیایە، بۆیە کاری جوانکاریەکانی ماون ئیشی لە سەر دەکەم.

چیترت ماوە بیڵێیت؟

سوپاس بۆ ماندوبوونتان، سوپاس بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە. هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ گۆڤاری ژوانی شیعر و تۆی بەرێز دەخوازم، ئومێد دەکەم بتوانن بەردەوام بن بۆ زیاتر خزمەتکردن بە بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.





# گۆڤاری ژوانی شیعر ... مامۆستا (چرۆ ڕەشید) خانمە شاعیری بواری منداڵان بەسەر دەکاتەوە

گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) بە پێویستی زانی لە نزیکەوە خانمە شاعیرێکی بواری منداڵان ، بە چەند پرسیارێک سەبارەت بە چۆنیەتی شیعر نووسین بە زمانێکی سادە و خاکەڕای منداڵان ، بەسەربکاتەوە .. فەرموون ئێوەو دیداری مامۆستا (چرۆ ڕەشید قادر) خانمە شاعیری بواری منداڵان لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (ژوانی شیعر) دا:

پ/ لەباخچەی منداڵانەوە دەستتکرد بەنووسینی شیعر بۆ منداڵ ئەوە چۆن بوو ؟

ـ بۆ قۆناغی باخچەی منداڵان دەستمکرد بەنووسین چونکە یەکەم و گرنگترین قۆناغە لە بنیادنانی کەسایەتی منداڵاندا ، منداڵ لەم قۆناغەدا لە لایەنی کۆمەڵایەتی ، دەروونی ، هزری ، جەستەیی ، ڕەفتاری ، سۆزداری و لایەنەکانی ترگەشەدەکات ،بۆیە نوسین بۆ ئەم قۆناغە بەرپرسیارێتییەکی گەورەوگرنگە لەهەمانکاتدا کارویپیشەکەم کە مامۆستای باخچەی منداڵانم و نزیکیم لەڕووح وپێداویستییەکانی منداڵەوە هاوکاروهاندەرم بوون .

پ/ پێناسەت بۆمنداڵ وشیعری منداڵ؟

ـ منداڵ مرۆڤە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەکردنیدایە لە لەدایکبوون تا تەمەنی مێرمنداڵان ، لەم قۆناغەدا بە پاکیی وبێگەردی دەناسرێن هەروەها خۆشەویستییان بۆدۆزینەوەوفێربوون لەڕێگەی خەیاڵ ویارکردنەوە لەم قۆناغەدائەو بەهاوخورەوشت و هەڵسوکەوتانەی فێری دەبێت بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە ،لەپەروەردەوئەدەبی منداڵان بەچەقی پەروەردە دادەنرێت هەرچی پێشکەش دەکرێت پێویستە لەگەڵ تەمەنی ولایەنی دەروونی و توانای قسەکردن و سۆزاریدا بگونجێت .

ـ شیعری منداڵان بە ژانرێکی گرنگی ئەدەبیاتی منداڵان دادەنرێت ، کەتێیدا ووشەی مۆسیقی تێکەڵ بەڕیتم وخەیاڵ دەبێت تا ئەزمونێکی پەروەردەیی وهونەری یەکگرتوو دروست بکات ، منداڵ نەک هەر سەرقاڵ دەکات بەڵکو

خۆراک دەدات بەرووحی و پەرە بەتوانای قسەکردن و ئاسۆی بیرکردنەوەکانی فراوانتر دەکات کەلەگەڵ ژینگەو ژیانی ڕۆژانە ئیلهامیان وەرگرتووە .

پ/ شیعری منداڵان بۆ؟
ـ شیعری منداڵان دەنووسین چونکە شێوازێکی گرنگ وچێژبەخشە بۆپەروەردەکردنی منداڵ زیاتر لەهەموو شێوازەکانی تر کاریگەری ووشەی پێوانەکراووموسیقای ئارام و ڕیتمی جوانی لەسەرە لەڕێگەی شیعرەوە دەتوانین بەهاکانی وەک ڕاستگۆیی ،هاوکاری ، ڕێزگرتن ، لێبوردەیی ، دەستپاکیی ،خۆشەویستی سروشت و نیشتیمان بچێنین .

پ/ ڕۆڵی زمان لەنووسینی شیعری منداڵاندا؟
ـ لەنووسینی شیعردا پێویستە بە زمانێکی سادەوساکار کەمنداڵ پێی ئاشنایەولەگەڵ تەمەنیدا دەگونجێت بەکاربهێنرێت ، وشەی دوو واتا بەکارنەهێنرێت ، ئەو شیعرانەی ئاراستەی منداڵ دەکرێت پێویستە پشت بەڕیتمێکی جوان وقافیەی ڕێک وپێک ببەستێت تا سەرنجیان ڕابکێشێت وشادی بۆ رووحی منداڵ بهێنێت ،زمانی شیعر جگە لەسادەییەکەی پێویستە هەڵگری پەیامی پەروەردەیی ورەوشتی بێت .

پ/ نووسینی شیعروچیرۆکی منداڵان دەبێت چۆن بێت؟
ـ نووسینی شیعروچیرۆکی منداڵان پێویستی بەهەستکردنە بەجیهانی منداڵان پێش ئەو قەڵەمەی کە بۆی دەنووسێت هەر لەهەڵبژاردنی بیرۆکە ، سادەیی زمان ، ڕیتم وقافیە ،خەیاڵ ودەستنیشانکردن و پەیامی پەروەردەیی.

پ/ جیاوازی لەنێوان نووسینی شیعر بۆمنداڵی کورو منداڵی کچ چییە؟
ـ لەڕاستیدا جیاوازی لەزمانی شیعریدا نییە بەڵکو لەبابەت وشێوازی دەربڕیندایە کەلەگەڵ هەر ڕەگەزێکدا لەقۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیاندا بگونجێت ، شیعر بۆمنداڵی کوڕ بابەتەکانی گەڕانە بەدوای قارەمانێتی مەیل بەرەوڕیتمێکی بەهێز وتۆنێکی پڕجۆش وخرۆش



به هۆی ئەوەی كە مامۆستای باخچەی منداڵان بووم و هەروەها نزیكیم لەڕووح وپێداویستییەكانی منداڵ هاوكاروهاندەرم بوون بۆ نووسینی شیعر بۆ منداڵان




کوڕان حەزیان لەوشیعرانەیە کە دەربارەی گەشتی ئاسمانی ،یاخود پاڵەوانەکانی وەک ئاژەڵە بەهێزەکان ،بەپێچەوانەی کچان بەزۆری تیشک دەخرێتە سەر ناسکی، جوانی، خەون ،هاوکاری ، هاوڕێتی ، سروشت ، هەستەکان .زمانی نوسینی پڕە لە وێنەی هێمن و هەستی گەرم کچەکان ئەو شیعرانەیان لاپەسەندە کە باسی گوڵ و مانگ وڕەنگ و پەپوولەوخێزان و گرنگیدان بەکەسانی دیکە دەکەن. سەرەڕای جیاوازی لەهەردوو ڕەگەزدا ئامانجی شیعر بۆهەردوو ڕەگەز وەکو یەکە ، ئامانج لێی پەرەپێدانی خەیاڵ وبەهاکان وپەروەردەکردنی جوانییە لەڕووحدا شاعیری لێهاتوو کە شیعر بۆمنداڵان دەنوسێت هاوسەنگی لەنێوان خۆشی وخەیاڵ وپەروەردەو مۆسیقادا دروست دەکات .

پ/ ئایا تۆ پێتوانییە منداڵ خۆی ، خۆی بنووسێتەوە واتا شیعر بۆخۆی بنووسێت نەک گەورە بۆی بنووسێت؟

ـ منداڵ جیهانێکی تایبەت بەخۆی هەیە خاوەنی زمان وهەست وخەون و شێوازی بیرکردنەوەی خۆیەتی زۆر گرنگە منداڵ بۆخۆی بنووسێت چونکە ڕێگایەکە بۆدەربڕینی هەست وبیرۆکەکانی خۆی ، گەورەکان پێویستە هۆکارێک بن بۆ هاوکاریکردنیان وڕێنیشاندەرێک بن .

پ/ تا ئێستا هیچ شیعرێکی منداڵانت کراوە بەگۆرانی ؟

ـ بەڵێ هۆنراوەی (خۆر ) لەلایەن هونەرمەندی ئازیز مامۆستا عەزیزحەمەکەریم ئاوازی بۆدانراوە، هەروەها هۆنراوەی ( جەژنی ئێمە ) ئامادەکردنی موزیک م عارف لهۆنی ولەلایەن کاک هەڤاڵ ئەنوەر ئاوازی بۆدانراوە .

پ/ لە کۆتایی ئەو دیدارەدا چیتر هەیە کەبیڵێن ؟

ـ وێڕای ڕێز وسوپاس بۆئەرک وماندووبوونی ئێوەی بەڕێز و گۆڤاری ( ژوانی شیعر ) کە ئێمەی وە ک شاعیرو چیرۆکنووسێکی بواری منداڵان بەسەرکردەوە هەروەها داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ولایەنی پەیوەندیدار و هەموو ئەو کەس ولایەنانەی خزمەت بەئەدەب و ڕۆشنبیری دەکەن گرنگی زیاتر بدرێت بەخزمەتکردنی منداڵان و هاوکار و پشتگیریی نووسەرانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان بکەن بۆچاپکردنی کتێب وگۆڤاری پەروەردەیی تایبەت بەمنداڵان و گەیاندنی بە منداڵان لەهەر کوێیەک هەبن چونکە زۆرێک لەمنداڵان لەبەر دووری و شوێنی نیشتەجێبونیان وەکو پێویست دەستیان ناگات بە گۆڤاروکتێبەکانی تایبەت بە

منداڵان، هاوکات هانی منداڵان بدرێت بۆگرنگیدان بەخوێندنەوە لەڕێگەی سەردانیکردنی کتێبخانە گشتییەکان بۆبەشی منداڵان و سازدانی وۆرکشۆپی شیعریی پەروەردەیی بۆپێدانی هۆشیاری بەمنداڵان لەسەر گرنگی خوێندنەوە و منداڵان بتوانن سەردانی پێشانگای کتێب بکەن .. بۆزیاتر ئاشنابوون بەکتێب بەتایبەتی ژانری شیعرو چیرۆکی منداڵان .

****

**ئەو شیعرانەی ئاڕاستەی منداڵ دەکرێت پێویستە پشت بەڕیتمێکی جوان و قافیەی ڕێک وپێک ببەستێت تا ئاسانتر تێیبگەن و سەرنجیان ڕابکێشێت**

* ژیاننامەی شاعیر

- شاعیرونوسەروچیرۆکنووسی بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا (چرۆ ڕەشید) ناوی تەواوی چرۆ ڕەشید قادر لەناوەندی ئەدەبی ورۆشنبیری بە (چرۆ ڕەشید) ناسراوە ،لە ٤/ ٥/ ١٩٧٩ لەشارۆچکەی چەمچەماڵ لەخێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی وناوەندی وئامادەیی هەرلەچەمچەماڵ تەواوکردووە لە ساڵی ١٩٩٩ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی سلێمانی تەواوکردووە بۆتە مامۆستا ،لەئێستادا مامۆستایە لەباخچەی منداڵانی ( ڕەنگ ) لە شاری سلێمانی .شاعیرونووسەری بواری ئەدەبی منداڵان کاروپیشەکەی خۆی زۆر خۆش دەویت هەر ئەوەش هانیداوە دەستی بەنووسینی شیعرو چیرۆک وبابەتی پەروەردەیی دیکەش بۆمنداڵە چاوگەشەکانی کوردستان بکات ،ئەو بەرهەمەکانی خۆی لەگۆڤارورۆژنامە کوردییەکان وەک ( نووسەری کورد کوردستانی نوێ ،هەڵمەت ، کوردجینیەس، هەولێر ،یادنامە ، هەرەوەز ، هەنگ ، واران ، جگەرگۆشەکان، نەهری ، پەپوولە ، سیروان ، خاڵخاڵۆکە ، ڕەوت و...... چەندانی دیکە) بڵاوکردۆتەوەودەکات. تا ئێستا دوو کتێبی چاپکراوی لە بواری ئەدەبی منداڵان بڵاوکردۆتەوە ئەوانیش ،(کۆمەڵێک چیرۆکی پەروەردەیی) بۆمنداڵان هەموو کتێبەکانیشی بەخشیوەتە باخچەی منداڵانی ناو شاری سلێمانی ودەوروبەری . کتێبی (پاساری ) کۆمەڵێک هۆنراوەی تایبەت بەباخچەی منداڵانە ساڵی ٢٠٢٤ چاپ و بڵاوکردۆتەوە ،کۆمەڵە چیرۆکێکی پەروەردەیی منداڵانی بەناوی ( کەروێشکە نەرمۆڵە ) و کتێبێکی لەسەر کاریگەرییەکانی ژیریی دەستکرد تایبەت بە قۆناغی باخچەی منداڵان وکۆمەڵێک هۆنراوەی پەروەردەیی بەناوی کتێبی ( سەمای ئەستێرە ) ئامادەن بۆچاپکردن ...

(چرۆ ڕەشید ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (واران ) ە چەندین چالاکی دیکەی هەبووە لەوانە : ئەندامی باڵای ئەکادیمیای گرافیک دیزاین و زیرەکیی دەستکردە .چەندین بڕوانامەی ناوەوەونێودەوڵەتی پێ بەخشراوە، لەوانە (ژیریی دەستکرد ، خوودناسی ، زمانی جەستە ، ئەتەکێت ،چۆن ببمە سەرکردەوکاریزما ،) ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆییە لەبواری پەروەردەی منداڵان، چەندین کۆ ڕ و کۆ بو نە و ە و سیمینا ر ی پەروەردەیی پێشکەشکردووە لەبەشی زۆری کۆڕوکۆبونەوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد – لقی سلێمانی ئامادەبوەو دەبێت

****

# ژوانێک لەگەڵ شیعردا



بەڕێوەبەری نووسین

## حاڵی شیعر و شاعیر

مامۆستا هەژاری موکریانی گەورە شاعیری کورد لە کتێبی (چێشتی مجێور) دا ، سەبارەت بە حاڵی شیعرو شاعیر دەفەرمووێت: شیعرەکانم دیارییەک بوون بۆ گەلی کورد .. لێرەوە ، دەمەوێ جارێ بە سەرچڵی باسێکی گشتی لە خۆم بکەم. زۆرم باسی شاعیرانی کۆن و نوێ خوێندووە و بیستووە. لام وایە لەم ڕۆژهەڵاتەی خۆماندا، یانی لەناو فارس و عەرەب و کورددا، ڕەنگە من(وەک شاعیر) لە هەمووان حاڵم خۆشتر بووبێ. دەخوێنمەوە کە فلانە شاعیر تاریفی فلان خەلیفەی بە قەسیدەیەک کرد، دە هەزار، سەد هەزار زێڕیان دایە. بەڵام حاڵی شاعیر چۆن بووە؟ تۆ بێنە بەر چاوت: سەد شاعیر هەر یەک چەند شەو خۆی جیرەبابە داوە، قەسیدەی پڕ لە درۆی گەورەی بە قەد و باڵای نافەساڵی خەلیفە یان پادشادا هەڵگوتووە؛ پرسیویانە:

– ئەمڕۆ خەلیفە یان شا رووی خۆشە؟ تووڕە نییە؟ ئیجازە هەیە بچینە خزمەتی؟

– بەڵێ فەرموون ... دەی شیعر بخوێننەوە!

شا و خەلیفە –لە کەر کەرتر– لەو ناوەدا شیعری یەکێکیانی پەسند کردووە؛ خەڵات بەو دراوە و ئەوانی تر دەم لەپووش دەرکراون. «نیزامی» کە خودای شیعرە، بە حاکمی وەخت دەڵێ: من سەگێکی دەرکی تۆم؛ چاوم لە ئێسکێکە بۆم باوێژی. «فیردەوسی» خاوەنی شانامە، وەها خۆی لە بەرانبەر «مەحموود غەزنەوی»دا بە سواڵکەر نیشان دەدا، پیاو بەزەی پێدا دێت. زۆربەیان، لەو شاعیرە گەورانە بە سواڵکەری ژیاون. ئەوانەی خۆم دیتمن و زۆر لە خۆم شاعیرتر بوون، وەک مەلا مارفی کۆکەیی، قەسیدەیەکی سەد بەیتی بۆ تاجرێک دەنووسی، دەیگەیاندە تەشقی عاسمان؛ نیو کیلۆ گۆشتی دوو تمەن بایی بۆ دەنارد.


من کە تازە دەستم بە شیعرگوتن کردبوو، لام وابوو منیش دەبێ تاریفی پیاوێکی گەورە بکەم و جایزە وەرگرم. چەند شیعرێکم لە مەدحی ئەحمەداغای حاجی بایزاغادا گوت. جایزەکەم ئەوە بوو دەیگوت: «ئەو کەرە باش باشی گوتوون!» ئەم قسە بۆ من بوو بە دەرسێکی گەورە. ئیتر وازم لەوە هێنا بۆ جایزە شیعر بڵێم؛ با هەر بۆ عیشقی دڵی خۆم بێ. عاشقی ئازادی کوردستان بووم؛ کەیفم پێ دەهات. جا ئەگەر مەدحی قازی محەممەد یان ستالین و ڕووسیام دەکرد، بۆیە بوو کە بە ڕەمزی ئازادی کوردستانم دەزانین. چاوم هەرگیز لەوە نەبوو پووڵێکم بخەنە گیرفانەوە. بۆ خۆم کاسبیم دەکرد و شیعرەکانم دیارییەک بوون بۆ گەلی کورد.

لە بیرمە جارێک شیعرێکم لە کۆبوونەوەیەکدا خوێندەوە؛ قازی محەممەد ئافەرینی کردم و گوتی: سەد تمەنت بەخشش بێ. هەر لە مەجلیسەکە گوتم: ئەو سەد تمەنە بدرێ بە دەفتەر و قەڵەم بۆ منداڵە فەقیرەکانی مەدرەسە. تەنانەت کە «ئاڵەکۆک» لە «ڕەوابیتی فەرهەنگی ڕووس و ئێران» لە تەورێز چاپ کرا، گوتیان چوار هەزار تمەنت حەقی تەئلیف هەیە. هەرچەند ئەوە قانوونی و هیچ سواڵیش نەبوو، نەمەویست. لە ئاوارەییشمدا لە عێراق، هەر خۆم بە ئارەقی ناوچاوان و ڕەنجی شانی خۆم بەڕێ دەچووم و شیعرم پێشکەش و دیاری بۆ ئازادی کوردستان بوو؛ کە ئەم حاڵە حورمەتی زۆری لە بەرچاوی خەڵک بۆ پەیدا کردم و لە نووسینی شیعردا زۆر ئازاد بووم.

# بەشدار سامی

# مـــاڵئاوایی لە شیعر و شارکرد

هێندە درەنگ نەبوو
شەو
بەڵام قاوەم دروستکرد و
تۆ نەبوویت
تا بە لێوت بڵێم فەرموو
گریام و
لەبەردەم ئەڤیندا
تەرمێکی برینداربووم
وەک غەریبەکان
بریندارم و
برینم، بانگت دەکات



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku